# شانۆکار 8

## گۆڤاری گروپی شانۆی کولتوری

خاوەنی ئیمتیاز: **شانۆی کولتوری**

سەرنووسەر: نیهاد جامی



**مەلەفێك بۆ میدیا رەئوف**

**شانۆکارانی هەولێر لەبەردەم**
**ئاستەنگەکانی شانۆدا**



ئیمەیلی شانۆکار:
shanokar@hotmail.com

سایتی گروپ:
www.aktar.kurdblogger.com

سایتی شانۆکار:
www.dengekan.com/shanokar.htm



شانۆکار ٨ — ٢٠١٢

# لەم ژمارەیەدا 8

## سەروتار:

لەشانۆیەكی ئەزمونگەریەوە بۆ شانۆیەكی كولتوریی، **سەرنووسەر**................................ل٥

## لێكۆڵینەوە:

لابۆری شانۆی لالش: دەنگ وەكو سەرچاوە ، **نیهاد جامی**..........................................ل٧
شانۆی بینین و ڕەهەندی چوارەم بۆ دەربڕینی شانۆیی ، **د.فازڵ سودانی**...................... ل٢٧

## وتار:

بینەرو شانۆ ، **سدیق عەزیز**.........................................................................ل٣٣
جەنگەكانی تووشبوان و تەجاوزكاران لەسەر زەوییەكانی فلیڤانی ، **و:جومعە جەباری**.......ل٣٩
دیسان قەیرانی شانۆ، **یوسف عوسمان**...............................................................ل٤٧

## ڕەخنەی شانۆیی:

نەوە كوێرەكانی شانۆی كەركوك ، **شكۆ عومەر**...................................................ل٥٣
شانۆی لالش.. دەنگ بەو پێیەی سەرچاوەو بزوێنەرە بۆ جەستە، **و: بونیاد محەمەد**........ل٦١
پاڕانەوەی پیاوێكی سەرپێی لەناو دەستنووسێكی شانۆییدا ، **فریاد ئەحمەد**..................ل٦٥

## مەلەفێك بۆ میدیا ڕەئوف:

منالێكی عەجول لە هیچ شوێنێك ناگیرسێتەوە، **شانۆكار**..........................................ل٧٣
میدیا ڕەئوف: شانۆ لەهەموو جیهاندا چێژ بینینە، **ئا : شۆرش محەمەد**.........................ل٧٥
دامەزراندن لە چاورەوانی سیامەندا، **دانا ڕەئوف**.....................................................ل٨٥
بۆچی دەبێت فۆرمەیشن لەشانۆدا هەبێت؟، **میدیا رەئوف**.........................................ل٩١
میدیا بێگەرد بەرەو چەمكە ئاینیەكان ئەگەڕێتەوە، **ن.ج**.........................................ل٩٥
ئاماژەیەك بۆ میدیا ڕەئوف، **دڵسۆز حەمە**...........................................................ل٩٩
خوێنی ڕۆژهەڵاتی ودەلالەتەكانی شەرەف، **كاروان كاكە سوور**.................................ل١٠١
پرسیارە ڕەخنەییەكان لە خوێنی ڕۆژهەڵاتی، **نیهاد جامی**........................................ل١٠٧

## گفتوگۆ:

فرمێسك مستەفا، **سازدانی : شانۆكار**...............................................................ل١١٥

## را پۆرت:

شانۆكار لەمیوانداری پایزە دیدەنی ، **كارگەر جەواد**...............................................ل١٢١
شانۆكارانی هەولێر وئاستەنگەكانی شانۆ، **شانۆكار**...............................................ل١٢٩

## خوێندنەوەی كتێب:

ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری كوردی: **بشار علیوی**...........................................ل١٣٥

# لە شانۆیەکی ئەزمونگەریەوە بۆ شانۆیەکی کولتوریی

ئێمە ئەو نەو تازەیەی گەڕابووینەوە کەرکوك هیچ شتێکی شارەکەی خۆمان بەدڵ نەبوو، ئێمە کە لەشارێك لەدایك بووین وهەر بە منالّی بەجێمان هێشت نە سیستمی ژیان کە دەولّەتی بەعسیزم بەدرێژایی سالّەکان دۆخێکی بێدەنگی و ستایشکاری خولّقاندبوو، وای کردبوو هیچ شتێك حورمەتی نەمێنێت.. وە نە ئەو شانۆیەی هەبوو لەگەلّ خواست وخەونی ئێمە یەکی دەگرتەوە، بەهۆی ئەوەی شانۆ نەبوو بەقەد ئەوەی ئارەزوویەکی لاسایی کردنەوە بوو بۆ نواندن، بۆیە هاتین تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوکمان دامەزراند. ئیشکردنی ئێمە لەو تیپەدا ئیشکردنێکی لابۆریانە بوو، بەهۆی ئەوەی بەچەند قۆناغێکی جیاواز کارمان کردو دەمانویست هەر قۆناغێك زادەی پرۆژەی پشکنین وگەڕان بێت کە ئەمانزانی بەو قۆناغە گەیشتووین ونهێنیەکەمان دۆزیوەتەوە بەرەو قۆناغێکی تر هەنگاومان دەنا.

ئەوە بوو لە قۆناغی یەکەم کە لە نێوان٢٠٠٦-٢٠٠٧ بوو ئیشکردنی ئێمە لە شوێنەوارە مێژوویی و ژوور بوو، دە مانویست لەڕێگەی جەستەوە ئیش بکەین، بە بیکت دەستمان پێکردو بە شکسپیر کۆتاییمان هێنا لەو قۆناغەدا پێنج کاری شانۆییمان بەرهەم هێنا ئەوانیش "پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ ودەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوك" بۆ تیۆریزەی ئەو قۆناغە لە ژمارە (٢) ی گۆڤاری شانۆکار تێکستێکی تیۆریمان نووسی بەناوی ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ، کە تیۆریزەی ئەو قۆناغە بوو. ئەوە بوو لە قۆناغی داهاتوو بەدوای پرۆژەی ئەلتەرناتیڤەوە بووین بەوەی ئاخۆ دەکرێت لەدەرەوەی تێکستی ئەدەبی تەنانەت وەك بیرۆکەش کار بکەین ومەشق وگەڕانەکانمان شانۆمان بۆ بنیات بنێت، لەو ڕێگایەشدا ئەمجارە هاتین لەپالّ جەستە دەنگ ئامادە بوونی هەبوو، ئامادەبوونی دەنگ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ناو سرووتە ئاینیەکان و ئەفسانەکانەوە





بوو، سرووتەکان لە دەلالەتی ئاینی پاکدەکرانەوەو سەر لەنوێ بە دەلالەتی شانۆیی بارگاوی دەکران، لەو ڕێگەیەوە کۆمەلّێك ئەزموونی جیاوازمان بەرهەم هێنا لە شاری کەرکوك "یادەوەری دەنگ، ئۆدیبی زەردەشت، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەلّا" لە قشلّەی کۆیە نمایشی "یادەوەری دەنگ/٢" لە کافتریای کازێوەی منالّانی رانیە شانۆیی "جوانترین مردن" ولە هەلّەبجە "شەرابی سێو" لە تونێلەکەی دەربەندیخان شانۆیی "تونێل" دواتر تیۆریزەی ئەو قۆناغەو نووسینەوەی لەهەردوو ژمارە ٢و٣ ی گۆڤاری شانۆکار توێژینەوەیەکی تیۆریمان بلّاو کردەوە بەناوی "سۆسیۆلۆژیای شانۆ: میتۆدی دەنگ میتا حیکایەت" کە قسەکردنە لەتەواوی ئەو چەمك و مانایانەی لەکاری ئەو قۆناغە ئامادەبوونیان هەیە. قۆناغی سێیەم گەڕانەوە بوو بۆ ناو تێکست بە ئامادەبوونی دەنگ و جولەوە، لەوڕێگایەوە چوار نمایشی شانۆییمان بەرهەم هێنا ئەوانیش "دەستنووسێکی شانۆیی،پاڕانەوە، پیاوێکی سەر پێی، مۆسیقارێکی ماندوو" دواتر لە گۆڤاری شانۆکار ژمارە ٧ ئەو قۆناغەمان ناونا "شانۆی پۆلیڤۆنی" بەدوای ئەزموونکردنمان لەو سێ قۆناغەو بەدوای ئەوەی بینیمان کۆمەلّە هەولّێك هەیە بۆ لاسایی کردنەوە، ئێمە پێمان وابوو ئەوەی ویستمان ئەزموونی بکەین وپێی بگەین کەشفمان کردووە، بۆیە چیتر بوونی تیپەکەمان بە پێویستیەك سەیر نەکرد، دواتر بۆ خۆ ڕێکخستنەوە هاتین لە ٢٠١١/١١/١١ خۆمان بەناوی "گروپی شانۆی کولتوریی" ڕاگەیاند کە ئیشکردنی ئێمە بەرەنجامی هەولّە ئەزموونیەکانمانە کە ئەمڕۆ ئێمەی لەناو شانۆیەکی کولتورییدا ڕێکخستۆتەوە، ئەوەش وا دەکات ئێمە لە بۆشاییەوە نەهاتبین بەلّکو زەمینەیەکی پتەومان لە تیپی ئەزموونگەری هەیەو ئەمڕۆ ئیش لەسەر هەموو ئەو ئیکتیشاف و گەڕانانە ئەکەین کە خۆمان پێی گەیشتووین گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئێمە ئەنجامی ئەدەین بەرەنجامی بیرکردنەوەو عەقلّی خۆمانە، هەر بەو مەبەستەش ویستمان سەر لەنوێ دەست بکەینەوە بە ئیشکردنەوە لە گۆڤاری شانۆکار بە قەبارەو ناوەرۆکی جیاوازترەوە کە زادەی شانۆ کولتوریەکەمان بێت وەك چۆن بە شانۆگەری تەنیایی خۆرئاوابوون دەستمان کردەوە بەیەکەم هەولّە پراکتیەکانمان، بەم نمایشەو بە دەرکردنەوەی گۆڤاری شانۆکار مەبەستمانە بتوانین لەهەردوو ئاستی تیۆریی وپراکتیکی بۆ ئەو پرۆژەیە کار بکەین کە لە ئاستی گوتاری بالّای ئەو شانۆ ئەلتەرناتیڤە بێت کەخەونی ئێمەیە تیایدا جیاوازبوونی خۆمانی تیا وەدەست بێنین.



نیهاد جامی

## لابۆری شانۆی لالش:

# دەنگ وەکو سەرچاوە

گفتوگۆکردن لەبارەی ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش ڕووبەرێکە بۆ گفتوگۆکردن لەپڕۆژەی ئەلتەرناتیف، بەلاَم بەهۆی ئەوەی ئەزموونەکانی ئەو لابۆرە شانۆییە لە کوردستان نەبینراون، بۆیە ئەوەی ئێمە ئاشنایەتیمان پێیەوە هەیە پەیوەندیی بە ڕووبەری نووسراوی نووسینەوەیە، ئەوەش وابەستەیە بەو ووتارە ڕەخنەییانەی بەزمانە جیاوازەکان لەسەر ئەو لابۆرە نووسراون، یا تێڕوانینی ئەزموونکاری شەماڵ عومەر ونیگار حەسیب قەرەداغی لەڕێگەی گفتوگۆو نووسینەوە خستوویانەتە ڕوو، ئەوەش دەروازەیەکی تیۆریی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو ئەزموونە.

بەدوای گەڕانەوەی نیگار حەسیب بۆ کوردستان، بەتایبەت لەو وۆرك شۆپەی کە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بۆ کۆمەڵە گەنجێکی شاری هەولێر لە ڕۆژانی ٢٧-٢٠١٠/٤/٣٠ لەیەکێك لەهۆڵەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ئامادەی کرد کە بەشێك لە میتۆدی مەشقی لابۆری شانۆی لالشی تیا خستە ڕوو، ئەوە جگە لە نمایشکردنی فلمێك کە مەشق بوو لەگەڵ شانۆکارانی ئۆکرانی، هەروەها لەڕۆژی سێیەمی مەشقەکان نیگار بە نمایشکردنی چەند ئەکسیۆنێکی پڕۆژەی (بێ سێبەر) ی نمایشکرد، بۆیە ئەو ووتارەش بەرەنجامی ئەو دۆخەیە کە نیگار هێنایە بوون، کە چیتر پڕۆژەی لابۆری شانۆی لالش پڕۆژەی نەبینراو نیە، بەڵکو ئەوە سەرەتایەکە بۆ گفتوگۆی جدیتر وخولْقاندنی دەیالۆگی کراوە لەپێناو تێگەیشتن لە ئاسۆ وڕوانینەکانی ئەو پڕۆژە ئەلتەرناتیڤە، کە ترسی لەنێوەندی عەقڵە متبووەکە هێناوەتە کایەوە، ئەوەش ترس نیە لە پڕۆژەیەك بەقەد ئەوەی ترسە لەو دۆخەی کە چیتر نەتوانن شانۆکار بوون بۆ کەسانێك ببێت بە پیشە، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بەعەقڵی ئەفرێنەر، ئەگەر تا ئێستا هەندێك ویستیان کارەکانی ئەم لابۆرە بەبیانووی نەگەڕانەوە بۆ ناو کوردستان بەوە بدەنە قەڵەم کە ئەوە ئاست لاوازی ئەو لابۆرەیە، بەلاَم ئەمڕۆ کە سەرەتای ئەو پەیوەندیە درووست ئەبێت ئیدی هەموو ئەو قسانە ئەچنە ناو حیکایەتێکی بەسەرچوو، بەوەی ئەگەر ئەو حیکایەتە هەر حیکایەتخوانەکان خۆیانی پێ دادگایی بکەین ئەگەینە دەرەنجامێکی کۆمیدی، چونکە هەندێك جار قسەی ئەوە ئەکەن گوایە نۆزدە ساڵە شەماڵ عومەر نەهاتۆتەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی لەو ماوەیە لێرە بوونە چیان کردووە، ئەگەر زنجیرە تەلەفزیۆنیەکانی مانگی ڕەمەزانیشیان بۆ حیساب بکەین لەگەڵ کورتە فلمەکانیش هێشتا بە دەرەنجامی کۆمیدی لێی دێنە دەرەوە.

مەشق و ئامادەکردنی مرۆڤ

ڕاهێنان ومەشقەکان بەشێك نین لە نمایشی شانۆیی، ئەوەش خاڵی دەسپێکە بۆ وەستان وجیابوونەوە، مەشق پرۆسەی ئامادەکردنی مرۆڤە.. نەك ئامادەکردنی ئەکتەر، ئامادەبوونی مرۆڤ پرۆسەی ئازادبوونی مرۆڤە لەتەواوی ئەو کۆتانەی کە کۆمەڵگا گریمانی دەکات.

هەرچی ئامادەکردنی ئەکتەرە پرۆسەیەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەکتەر تا بەپێی پێداویستی تێکست ودەرهێنەر سنوورەکان دەست نیشان بکرێت، بەلاَم کاتێ ئامادەبوون وەك مرۆڤ شوێنی ئامادەبوونی ئەکتەر ئەگرێتەوە، ئەو ساتە مرۆڤ نەك هەر لەدەسەلاَتی تێکست ودەرهێنان ڕزگاری دەبێت، بەڵکو لە دەسەلاَتی نەریت وپێودانگە کۆمەلاَیەتیەکانیش ئازاد دەبێت، ئەوەش



لە مەشقەكانی لابۆری شانۆی لالش لە تەواوی بوونی مرۆیی دەردەكەوێت، بۆیە دەنگی سەركوتكراو لەناو مەشقەكان ئازاد دەكرێت، ئازادبوونی دەنگ.. ئازادبوونی نەستی مرۆڤە، ئەوە كرانەوەی مرۆڤە لەناو خۆی، گەڕانەوەیە بەناو دەهالیزەكانی رۆحی، دابڕانیەتی لە دنیای واقیع وئینتیماكردنە بۆ دنیایەكی كەشف نەكراو.. دنیایەك كە بەر لە مەشقەكان نەیناسیووە. بۆیە لەو كاتەدا ئەو جولە بۆ دەنگی نادۆزێتەوە، بەڵكو دەنگ هێزێكی خوڵقێنەری بینراوە كە توانای جولاندنی جەستەی هەیە، ئەوە هێزی دەنگە ئەبێتە هۆی جولە، چیتر جولە بریتی نیە لە جولاندنی زیادەڕەوی دەست وپەنجەكان، بەڵكو دەستەكان تەنیا لەكاتی پێویستدا دەجولێن، چونكە تەواوی جەستە گوزارشت لە بوونی خۆی دەكات، واتە هەموو جەستە دەجولێتەوە، جولە شێوەی جیاواز لەگەڵ یەكتری وەردەگرێت، ئەوەش بەشداریكردنێكی هاوبەشی مرۆڤە لەگەڵ یەكتری كاتێ بەیەكەوە دەنگ ڕیتوالێكی تایبەت بنیات دەنێت، ئەوە تەوزیف كردنی ڕیتوال نیە لەناو مەشقدا، بەڵكو نەستی چەپێنراو لەڕێگەی دەنگەوە ڕیتوالی خەونی لەدەستدراو وساتی شكستە خودگەراكانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤی مۆدێرنیتی بەپێی كۆژیتۆكەی دیكارت مرۆڤێكی عەقڵانی بێت بەوەی بوونی









وابەستەی بیركردنەوە بێت، ئەوا مرۆڤ لە لابۆری شانۆی لالش بوونی وابەستەیە بە ئامادەبوونی دەنگەوە.. ئەوەش پرۆسەی بە بینراوكردنی دەنگە، دەنگ ئەبێ بە چڕكردنەوەی ووزە لەناخی مرۆڤ، ووزە دەنگی نەبینراو ئەگۆڕێت بۆ دەنگی بینراو، ئەوەش چەمكێكی نوێ دێنێتە ئەو ڕووبەرە كە جەستەی ئاهەنگسازە، جەستەیەك دەنگ ئەیجولێنێت ئەیخاتە ساتی شادی و ئازار.

نیگار حەسیب،. فەیروزی شانۆ

لەناو مەشقەكاندا ئەوەی زیاتر سەرنجت ڕادەكێشێ بەتەنیا جۆری مەشقەكان نیە كە دەنگ توانای بزواندنی تەواوی جەستەی هەیە لەشێوە وەرگرتنی تەكنیكی، بەڵكو مەشقەكان لەناو دەنگی نیگار حەسیب بۆخۆی ئەتمۆسفێرێكی تایبەت بە مەشقەكان دەبەخشێت، ئەو كە خۆی سەرپەرشتیاری مەشقەكان دەكات، لەهەمان كاتدا تۆنی دەنگەكانی پاك كردۆتەوە، ئەوەی ئەو لەسەرەتادا وەریگرتووە وەك تەكنیكی دەنگی بەكاری دێنێت، تا تەواو لەناو بونیادێكی دەلالی دەنگی سەربەخۆ دەبێتە هێزێكی چالاك بۆ بوونی مرۆیی.

بۆیە دەنگ دەبێتە تۆڕێك لە ئاماژە كە هەڵگری توانای خود وجەستەیە، ئەوەش خودی مرۆییە، ئەگەر دەنگی فەیروز لە گۆرانی ووتندا دەنگێك بێت توانای بەجولە كەوتنی ناخی هەبێت لەڕێگەی ئەو

جولەیەی کە دەنگ بنیاتنی دەنێت، ئەوا جێی خۆیەتی لەبەرامبەر دەنگی نیگار ئەو دەستەواژەیە وا لێبکەین کە نیگار حەسیب.. فەیروزی شانۆیە، چونکە ئەو توانا موعجیزەیەی لە دەنگی فەیروز بەدی دەکرێت، هەمان توانای خولقێنەرە کە لە دەنگی نیگار حەسیب دەردەکەوێت، توانایەك زمانی شانۆ.. زمانی گۆرانی تایبەت بە شانۆیە، ئەوە گۆرانی نووسراوی سەر کاغەز نیە، بەڵکو گۆرانی شانۆ ئەو هەستانەن کە ڕۆح لەناو قوڕگدا لەساتی شادی وئازار لەڕێگەی دەنگەوە دەینووسێتەوە، ئەوەش ئامادەبوونی دەنگە کە ووشە ڕەهەندە فاشیزمیەکەی کوژراوەو دەنگ لەناو فرە ڕەهەندی ئازادی کردووە، بەوەی ئیدی ئێمە خاوەنی یەك وێنەی نەگۆڕ نین، ئەگەر ووشە یەك وێنەی نەگۆڕی هەبێت، ئەوا دەنگ خاوەنی چەندین وێنەی جیاوازە، ئەوەش شانۆ لەتاکە ڕاڤەکردن دەگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەی فرە تەئویلی، لێرەدا دەنگی نیگار ئەمانخاتە سەر چەندین هەوڵی تەئویلکاری بۆ ئاماژەی دەنگ، بەوەی ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو زانستێکی مرۆیی تایبەت کە ئەنترۆپۆلۆژیایە، ئەوەش ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگە، بۆیە دەبێت لەڕێگەی ئەو زانستەوە لە دەنگ بدوێین، ئەوە دوان نیە لە تێگەیشتن بۆ سەنتەری مانا بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی دەنگە وەك ئاماژەیەك لەناو فرە دەلالەتیدا، ئەویش خولقاندنی پرسیارە جیاوازەکانە.

ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگ

ئەوە تێگەیشتنێکی نائەورووپیانەی دەنگە لە ئەزموونی لابۆری شانۆی لالش، میتۆدێکی داهێنەرانەی شەماڵ عومەرە، ئامادەبوونی دەنگ لە ئەزمونی لابۆری شانۆی لالش دامەزراندنی گوتاری ئەلتەرناتیڤە لە شانۆی ئەزمونگەری، ئەو گوتارە بەتەنیا پەیوەست نیە بەساتەوەختێکی پرۆژەی پشکنینی ئەزمونێکی دەست نیشان کراو، بەڵکو بەرەنجامی بەریەکەوتنی دەنگە لەتەك کولتورە جیاوازەکان، لەو ساتەوەختەدا دەنگ ئەو دەربڕاوەی ووشەی دەنگی نیە کە گوزارشت لەساتی ئاگایی و هەستە ناخیەکانمان دەکات، دەنگ ئاماژەیەکی کراوەی تەئویلە، بۆ ئەوەی بتوانین تەئویلی دەنگ بکەین دەبێ جەستەیەکی ئامادەی ناو سرووت بین، کاتێ دەبین بە جەستەی ئامادە ئیدی گرفتمان لەوەدا کۆ نابێتەوە کە دەنگ کورت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەنگە خاوەنی چ مانایەکی ڕووداوە، هێندەی پێویست بەوە دەکات





لەناو سرووت ئێمە ساتە هاوبەشەکانی چێژی شادی و چێژی ئازار ئەوەی بارت بۆ خوێندنەوە دەیخاتە ڕوو هەستی پێبکەین. (١)

ئەو کاتانەی گەیشتین بەو هەستە ئیدی گوتاری ناوەکی ڕۆحمان ئازاد دەبێت، ئازاد بوونی گوتاری ناوەکی فرێدانەوەی کردەی نەستیە، بەڵام کردەیەك خۆی ڕزگار کردووە لەمانا باوەکانی نەست لەشانۆی ڕیتوالی، ئەوەش بەرەنجامی گەڕان و پشکنینی لابۆری لالشە، کە بەدوای شانۆیەکی ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێت، تەنانەت بەسەر تێڕوانینە ئەزمونگەریە دەرکەوتووەکانیش، (٢) چونکە دەنگ دەبێ بە سەرچاوەیەك بۆ گوتاری بەرهەم هێنان، ئەو گوتارە زەمەنی ئەدەبی تێکست دەکوژێت (٣) بەهۆی ئەوەی زەمەنی ئەفرێنەر شوێنی دەگرێتەوە، ئەوەش زەمەنێکە تێکست دەچێتە ناو پرۆژەی ڕووخان و ووشە دەبێت بە دەنگ وجەستەش دەبێتە دەنگ، هەموو بونیادەکانی شانۆ دەنگە. (٤)

دەنگ بنیاتنانی سرووتە، ئەوەش دەنگ دەبێ بە میکانیزمێك بۆ بەشداریی کولتوریی، کە پەیوەست نیە بە دەنگی چەندین ئاهەنگسازەوە، تاکە ئاهەنگسازێك توانای ئەوەی هەیە کە لەڕێگەی توانا دەنگیەکانەوە هەڵگری چەندین کولتور بێت بۆ خولقاندنی سرووت، ئەوەش وەزیفەی شیعری پانتایی لەناو گوتاری نمایش دەگۆڕێت بەوەی شیعری پانتایی بەتەنیا جولە بنیاتی بنێت، بەڵکو دەنگ دەبێتە میکانیزمی لەدایکبوونی شیعری پانتایی.

دەنگ زمانێکی نوێ دێنێتە بوون کە زمانی دەنگە، ئەو زمانە دۆزینەوەی وێنەیەکی ڕەها نیە بۆ مانا، بۆ ناونانی ماتریالەکان، بەقەد ئەوەی ئەو زمانە پەیوەندیەکی نوێ دەخولقێنی، ئەویش ئامادەبوونی ئێمەیە لەناو چەمکی ئاهەنگدا، چونکە ئێمە لەناو دەنگ نابێت ئەو هەستە تەرخان بکەین بۆ بیستن، بەڵکو دەنگ بینین داگیر دەکات، (٥) ئەو داگیر کردنەش کوشتنی زەمەنی کرنۆلۆژییە بۆ دەنگ، چونکە دەنگ ڕووبەرێکی زمانەوانی دەلالیەو ناکرێ ڕاڤە بکرێت، بەڵکو پێویستی بە فرە تەئویلیە، ئەوە پرۆسەیەکی هیرمنیۆتیکیە بۆ دەنگ، تەئویلکار لەناو دەنگدا وابەستە نیە بە زەمەنێکەوە، ئەو لە یادەوەریەوە دێتە ئێستای زەمەنی تەئویل کردن و بەهەردوو زەمەنەکەشەوە لە زەمەنی داهاتوو دەدوێن، دوان لەو هەڕەشەو مەترسیانەی دەنگ لە ئامادەبوون دەیخاتە ڕوو، بۆیە دەنگ لەو لابۆرەدا بوونێکی زیندووە..



بوونێك لە جەستەی ئاهەنگسازەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئێمەی ئاهەنگساز، ئەوەش پەیوەستە بەو فۆڕمەی کولتوری کوردی لە کردە کۆمەڵیەکانەوە بەرهەمی دێنێت "مارسێل موس لەتوێژینەوە ئەنترۆپۆلۆگیەکەیدا لەبارەی جەستەو تەکنیکی ژیانی ڕۆژانە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە تەکنیکی جەستە بەرهەمی تاکە کەسی نیە، بەڵکو پەیوەستە بە سیفاتی سۆسیالی کۆمەڵگاکەیەوە، ئەمەش دەرەنجامێکی لەبارە، چونکە جەستە یەکەمین وسرووشتیترین ئامرازی مرۆڤە بۆ دەربڕین" (٦)

ئەوەش پەیوەستە بە یادەوەری







ئاهەنگسازەوەو لەناو ڕووبەری ئاهەنگ دەیگەیەنێتەوە بە ئێمە، ئەوەش دەنگە کە زەمەنەکانمان زەمەنی بوونی مرۆییمان بەیەکەوە دەگەیەنێت، بەڵام بەیەك گەیشتنێك لەناو خۆرئاوادا کەچی لە تێگەیشتنێکی خۆرهەڵاتیەوە سەر لەنوێ دەنگ دەخاتە پرۆسەی ئامادە کردنەوە، ئەوەش ئامادە بوونی سەرلەنوێمانە، دەنگ دەبێ بەو گیانە زیندووەی هەمیشە بەرەو کەشفکردنی نهێنی و نەزانراو ناخمان ئازاد دەکات، ئەوەش بۆ خۆرهەڵاتی ئازادبوونیەتی لە ڕابردوو، بۆ خۆرئاواییش ئامادەبوونی جیاوازە لەناو کولتورەکەیدا. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەکسیۆنی پڕۆژەی (بێ سێبەر) کە نیگار لەچوارچێوەی وۆرك شۆپەکەدا نیشانمانیدا.

ئەکسیۆنی پڕۆژەی: (بێ سێبەر)

لەدرێژەی ئەو وۆرکشۆپەدا نیگار چەند ئەکسیۆنێکی لەپڕۆژەی (بێ سێبەر) نمایشکرد، ئەوە پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیف بوو بەوەی دەنگ لە ئاماژەیەکەوە بەرەو فرە دەلالەتی دەردەکەوت شێوەی نمایشەکەی بازنەیی بوو، بەڵام ئەوە مانای وا نەبوو کە جولەی بازنەیی بسەپێنێتە سەر کارەکە، بەڵکو هەریەکێك لە ئێمە



لەهەر لایەك باین سەرەنجام ئێمە دەبووینە بەشێك لە نمایشەکە ئەوە بەشداری کردنێکی هاوبەشی ئێمە بوو لەگەڵ نیگار لەناو چەمکی ئاهەنگ، دەنگ تەواوی جولەی دەجولاند بەهیچ جۆرێك نەیدەویست جولە بۆ دەنگ بدۆزێتەوە، بەڵکو دەنگ هێزێکی چالاك بوو کە توانای بە جولاندنەوەی جەستەی هەبوو، دەنگ وا دەکات جولە بکەوێتە دۆخی جیاوازەوە.. ئەوە وێنەی دەنگی بوو کە دەلالەتی جیاوازی ئەبەخشی لەئاهەنگی خەمناکەوە بۆ ساتی پەیوەندیی



غەریزییەوە بۆ گریان بەرامبەر بە رۆحی بێدەنگکراو، ئەوەش شینێکی دەنگ بوو بۆ بێدەنگی و بۆ دەنگی سەرکوتکراو، سەرەنجام ئێمە لەناو کۆمەڵە دەلالەتێکی دەنگەوە یادەوەریمان ئەرۆیشتەوە سەر جۆرە ریتمێك لە دەنگ، بەڵام ئەو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری دەنگ لەڕاستیدا تەنیا لەتۆنی دەنگەکانەوە وا هەست ئەکەین دەنا تۆنی دەنگەکان بەتەواوی پاککراوەتەوە، ریتمی ئەو گۆرانیانەی ناو یادەوەریمان وەکو تەکنیکی دەنگی بەکار هاتونەتەوە، چونکە ئێمە گۆرانی ئەبیستین، بەڵام بەهیچ شێوەیەك گۆرانی گۆرانی نەبوو، ئەو رووبەرەی نمایشی تیا دەکرێ، ئامادەبوونی دەنگ نیە لە پانتاییدا، بەڵکو دەنگ بۆخۆی ئامادەبوونی پانتاییە، وەك چۆن ئامادەبوونی دەنگ هێزی خوڵقاندنی جەستەیە.. بەهەمان شێوەش دەنگ دەبێتەوە پانتایی، ئەو فاکتەرەی لەپشت ئەو لۆژیکەوە وەستاوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نایەوێ دەنگ تەوزیف بکاتە سەر بۆشایی کریستالی، بۆ ئەوەی بینەر بەرەو سەرسامی بێنێت.

لابۆری شانۆی لالش لەبەرامبەر دوالیزمی (کاریگەری/ سەرسامی) ئەوەی بۆخۆی یەکلا کردۆتەوە کە کاری ئەوان سەرسامی دروست کردن نیە، چونکە "شانۆ کاریگەری پێویستە نەك سەرسووڕهێنان، سەرسووڕهێنان کاری ئەفسوونبازەکانە، ژیانی سەردەم ئیدی ئەفسوونبازی گەرەك نیە" (٧)



سەرسامی دۆخێکە کە بینەر ساتەوەختی بینین سەرسام دەبێت بە جولە، بەڵام ئەوە زیاتر لە گەمەی لێبووکی سێرك دەچێت، هەرچی کاریگەریە توانای ورووژاندنی پرسیاری هەیە لە ناخی بینەر بەوەی دەنگ لەناو چ سیستمێك دەیەوێ چرکە ساتی مرۆییمان بجولێنێت، کاریگەری وا دەکات تێگەیشتنی جیاوازی بینەران بمانخاتە بەر کۆمەڵە مانایەکی جیاواز، ئەوەش پەیوەستە بەو زمانە فرەییەی دەنگ دەیخاتە ڕوو، کە نیگار وەك خۆی دوای ئەکسیۆنەکە لەگفتوگۆی ئێمە لەگەڵیدا ئەوەی خستە ڕوو کە "کاتێ شەماڵ عومەر دەنگێکم پێدەگەیەنێت، من دەنگەکە لەژێر زەویەوە لەقاچەکانمەوە پێم دەگات" ئەوەش وا دەکات هەموو ماتریالێك ببێت بە دەنگ، ئەو پارچە قوماشە سپیەی بەکاری دێنێت، دەبێتە دەنگێکی بینراو، هێزی دەنگ دەیجولێنێت، وەك چۆن ئەو پارچە قوماشە ڕەشەی پۆشاکەکەی لێ دەکاتەوە وێنەیەکی دەنگی بە جەستە دەبەخشێت کە جەستە دەبێ بەبینراوی دەنگ، دەبێتە بەشێکی تر بۆ بنیاتی دەنگ کە ئاماژەی بینراو پێك دێنێت، ماتریالەکان دەبنە دەنگ .. جەستە دەبێتە دەنگ.. پانتایی دەنگە.. ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو چەمکەی کە لابۆری لالش ناوی دەنێت "دەنگ وەکو سەرچاوە"

### دەنگ وەکو سەرچاوە

کاتێ دەنگ وەکو سەرچاوە وەردەگرینەوە، مانای وایە بنیاتی شانۆ لە دەنگەوە ئینتیما دەکات، ئەوەش بەتەنیا بنیاتنانی زەمینەیەك نیە لەسەر دەنگ، بەڵکو چارەسەری ئیشکالیەتی دەنگە لە شانۆدا، شانۆی ئێمە بەدرێژایی مێژوو هاوارو قیژە وهەڵچوونی دەستکرد بەناوی دەنگ کوشتوویەتی، بۆیە کاتێ دەنگ وەکو سەرچاوە سەیر دەکەینەوە، دەبینین بەر گوتارێکی هاودژ دەکەینەوە، ئەوەی بەناوی دەنگ خۆی دەنواند لەڕاستیدا ئەوە هاواری بێدەنگی بوو.. ئەوە بێدەنگی مەرگ بوو، کە دەیالۆگێکی نووسراو دەگوازرایەوە بۆ قیژە وهاواری دەستکرد، لەو ڕێگەیەوەش جولەی بۆ دروست دەکرا، ئەوە وێنەیەکی لاسایی کاری هەڵخەڵەتێنەری ژیان بوو.

لێرەدا ئەو سەرکێشیە دەگمەن و ناوازەیەی لابۆری شانۆی لالش دەیهێنێتە بوون لەڕاستیدا بەتەنیا گەڕانەوە نیە بۆ دەنگ، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ مەعریفەی دەنگ، ئەوەش داڕشتنەوەی مەعریفەی

شانۆیە، بەدرێژایی مێژووی ئێمە هیچ هەوڵێکی هێندە بوێر وچاونەترسانەمان نیە بەو شێوەیە پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ بخاتە ڕوو (٨) کە ئەوە شانۆیەکی ئەلتەرناتیڤە، شانۆیەك کە گرۆتۆفسکی بە دژە شانۆ سەیری دەکات، مەبەستیشمان گۆڕانە لە تەواوی گوتارو بونیادە پێکهاتووەکانی شانۆ، بەوەی شانۆ لەدەرەوەی تێکستی نووسراوی کاغەز وپەیوەندی بیناسازی تەقلیدی شانۆ ودەیالۆگ وهەموو ئەو بنەمایانەی کە لە ڕابردوودا بە بنەمای سەرەکی شانۆ سەیر کراون، ئەوا لەو هەوڵە چاو نەترس وبوێرانەی لابۆری لالش هەموو ئەو بنەمایانە دەبنە بنەمای لەکار کەوتوو، چونکە چیتر ئەوانە بنەمای شانۆ نین، شانۆ مەشقە.. ئامادەبوونی دەنگە، ئەو ئامادەبوونەش ئامادەبوونی شانۆیە.

دەنگ نایەوێ ڕاڤەی جولە بکات، چونکە جولە بریتی نیە لە ڕووداو، هێندەی دەنگ بۆخۆی ڕووداوەکەیە، چونکە دەنگ سەرەنجام دەبێتە توێژینەوەیەکی جەستەیی، بەهۆی ئەوەی ئامادەبوونی دەبێتە هێزی بزواندنی جەستە، ئەوەش ناو دەبەن بە مارێکی خەوتوو لەناویاندا، هەر کاتێك ئەو مارە جولا ئەوانیش دەجولێن، هەناسەدان وچاوکردنەوەی مارەکە ودەمکردنەوەی هاوتەریبە بەکارکردنی ئەوان "لەو بارەیە شەماڵ عومەر دەڵێت: ئەو کاتەی باس لەدەنگ دەکەم، وەك ئەوە وایە باس لە بوونەوەرێکی زیندوو بکەم.. بەڵێ ئەو بوونەوەرێکی زیندووە.. ئەو منە.. ئەو ئێمەیە" (٩)

ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ دەنگ وەك سەرچاوە، ئەو دەمەی دەنگ دەبێ بە بوونەوەرێکی زیندوو مانای وایە شانۆ دەنگ بە بینراو دەکات، ئەوە بە بینراوکردنی دە نگە، بۆیە شەماڵ بوونی خۆی لەگەڵ بوونی دەنگ لە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ کراوی بەردەوام دەبینێتەوە، ئەوەی واش دەکات دەنگ بوونەوەرێکی زیندوو بێت ومردوو نەبێت ئەوەیە کە دەنگ گریمانەی نووسینی سەر کاغەز ناسەپێنێ، بەڵکو لەناخی مرۆڤدا دێتە دی کە لە مارێکی خەوتوو دەچێت، هەر کاتێك مارەکە جولا.. ئەوە دەنگ دێتە بوون، هاتنێك کە توانای جولاندنی تەواوی جەستەی هەیە، ئەوەش کارێکی ئارەزوومەندانە نیە، بەڵکو لەئاستێکی پیشەگەرانەی دانپیانراو بەرهەم دەهێنرێت، هەروەك نیگار حەسیب لە ئەکسیۆنی (بێ سێبەر) بۆی خستینە ڕوو. دیارە لەدەرەوەی ئەو دانپیانانەی ئێمە بە





ئاستی بەرزی دەنگ، کەسانی تریش کە ئەزموونێکی دیاریان لەو بوارە هەیە (١٠) دان بەو حەقیقەتە دەنێن، ئەوەتە تۆماس ریچارد لەبارەی ئەزموونی لابۆری لالش دەڵێت "شێوازی بەکارهێنانی دەنگ وجەستە، میتۆدی کارکردنتان وڕادەی بەرزی پرۆفیسیۆناڵیتان تووشی سەرسووڕمانی کردم" (١١)

جەستەی ئاهەنگساز

جەستەی ئاهەنگساز چەمکێکی لابۆری شانۆی لالشە کە لەشوێنی ئەکتەر بەکار دێت، بۆچی بە ئەکتەر ئەووترێت جەستەی ئاهەنگساز؟ ئایا ئەوە چەمکێکی ئەلتەرناتیڤی ڕووتە؟ یاخود ئامادەبوونی چەمکێکی ئەلتەرناتیڤی پەیوەست بە پرۆژەکەیە؟ ئەو دەمەی نیگار لەئەکسیۆنی (بێ سێبەر) دەبینین ئێمە چاوەڕوانین ئەو وەك ئەکتەرێك سەرنجمان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەکتەر نیە وەك چۆن گۆرانیبێژیش نیە بەمانای گۆرانی بێژ، بەڵکو بەمانای ئەکتەرێکی گۆرانی بێژی ئۆپێرایش نە گۆرانی بێژێکی ئەکتەرە نە ئەکتەرێکی گۆرانی بێژە، بەڵکو ئەو بوونێکی ترە، ئەوەیە وا دەکات چەمکێکی تر ببێتە پێویستی لەشوێنی ئەکتەر، بۆیە ئەو چەمکە جەستەی ئاهەنگساز چەمکێکی ئەلتەرناتیڤی ڕووت نیە، چونکە پەیوەستە بە بوونی پرۆژەکەوە.

ئاهەنگساز دەنگ وەك بونیادێکی کەرنەڤالی ئەکات بە نووسین.. نووسینێك بە بینراوکردنی دەنگە، ئەوە نووسینێك نیە بکرێتە سەر کاغەزەوە، بەڵکو نووسینێکە ئاهەنگساز لەڕێگەی دەنگەوە دەیخولقێنێت، کە بریتیە لە خولقاندنی چەمکە سەرەکیەکانی ناو ژیانمان، بۆیە ئاهەنگساز لە لابۆری شانۆی لالش شانۆیەك بەرهەم دێنێت کە گۆرانیە بۆ مرۆڤایەتی، ئەو دەتوانێ ئەو جیاوازیە ڕەگەزی و ئەتنی و ئاینیانە لەڕێگەی دەنگەوە لابەرێت، لێرەدا دەنگ لەناو کولتورو مێژوو بەرەو یەکخستنی ئەو دووانە دەڕوات، ئەوەش بەشداری کردنی هەریەکێکیانە لەناو ئەویتر، بەوەی کولتوری دەنگ ومێژووی دەنگ گوتارێکی هیومانیستیانە بنیات دەنێت، ئەویش بەدەنگ کردنی ماتریالەکانە.. بەدەنگ کردنی پانتاییە.. ئەوە بەدەنگ بوونی جەستەیە.. دەنگ هێزێکە تیایدا جەستە تواناکانی دەنگ دەگۆڕێت بۆ جولە.. ئەوە لەدەرکەوتنی تیشکی خۆر دەچێت، ئەو پرۆسەیە کە سەرەنجام جەستەی ئاهەنگساز بەرهەم دێنێت ئامانج تیایدا "بریتییە لە بیرۆکەی (ئامادەگی

جەستەیی) پرسیاری جەستەییانەی (لابۆری لالش) لەویادا چڕ دەبێتەوە کە ئەو سەرچاوانە کامانەن کە هێزو ووزەی خۆمانی لێوە وەردەگرین، هەروەها لە کوێوە ئەو سەرچاوەیە ڕێچکەی خۆی دەگرێ کە تیایدا لەیەکساتدا نوومایشکار وبینەرانیش هەست بە ئامادەیی و ووزەی ڕیتوالی و دڵنیایی جەستەی خۆیان دەکەن" (١٢)

بۆ ئەوە پێویستمان بەوەیە زیاتر لەسەر جەستەی ئاهەنگساز بووەستین، کە جەستەیەکە دەتوانین لەڕووی میتۆدیەوە پۆلینی بکەین و لەسەر پۆلینکاریەکەش هەڵوەستە لە ئەزموونی لالش بکەین، بۆ ئەو کردە پۆلینکاریە پەنا دەبەینە بەر تێکستێکی تیۆریی ئاندری کلافل (١٣) بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەکمان بکات، جەستەی ئاهەنگساز بەپێی بۆچوونەکەی کلافل جەستەیەکە پۆلینی دەکەینە سەر حەوت بەش، ئەگەرچی ئێمە تەنیا وەك پۆلینکار ودابەش کردنەکە پەنای دەبەینە بەر دەنا لەبنەڕەتدا دەمانەوێ ئەو دابەش کردنە بەپێی ئەزموونی لالش بخوێنینەوە:

١- جەستە وئاهەنگساز: ، سەرەتای ئەو پۆلین کاریەش قسەکردنە لە پەیوەندیی نێوان جەستە وئاهەنگساز کە دواتر بەیەکەوە چەمکەکە درووست دەکەن، بەوەی جەستە وئاهەنگ لەپەیوەندیەکی هارمۆنی بەیەکتری دەگەن، ئەوەش لە لابۆری لالش بەیەکگەیشتنی جەستە ودەنگە لەناو مەشقدا، چونکە جەستە تاکە میکانیزمێکە کە توانای گفتوگۆی هەبێت لەبارەی ئاهەنگەوە، هەرچەندە ئەوە دەنگە توانا بە جولە ئەبەخشێت، ئەو توانایەش گفتوگۆکردنە لەسەر ئاهەنگ.. گفتوگۆیەك لەبنەڕەتدا دوانە لەبارەی ووزەوە، دیارە چۆن کلافل ئاهەنگسازو ووزە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەهەمان شێوە لابۆری شانۆی لالش ووزە فەرامۆش ناکات، وەك چەمکێکی تری ئەزموونکاری لابۆرەکەیان کاری لەتەکدا دەکەن.

٢- جەستەی بەزمەسات: گەڕانەوەیە بۆ ناوبردنەکەی میخائیل باختین، ئەوەش پەیوەستە بە تەواوی ئەو هێرشانەی کە دەکرێتە سەر جەستەی خود، ناوبردنی بە بەزمەسات پەیوەستە بە بێ بەهابوونی جەستە، جەستەی ئێمە بەرهەمی دۆخێکی سەرکوتکاریە چ لەناو کولتورەکەمان، یا لەناو نمایشی شانۆییدا، بۆیە جەستە وەك بەزمەساتێك بۆ فریودان سەیرکراوە، ئێمە لێرەدا کاتێ نیگار حەسیب لەناو ئەکسیۆنی (بێ سێبەر) دەبینین جەستەی نیگار بەدژی هەموو ئەو هێرشانە دەوەستێتەوە، جەستەی ئەو جەستەیەك





نیە کە هەڕەشەو کۆتی کولتوری لەسەر بێت، بەڵکو جەستەیەکە خۆی ئازاد کردووە لەتەواوی هەڕەشەی دۆخە کۆمەڵایەتیەکان.

٣- سڕینەوەی جەستە: سڕینەوەی جەستەیی سڕینەوەی ڕەگەزە، ئەوەش پەیوەستە بە خۆشاردنەوە، چونکە خۆشاردنەوە یەکێکە لەتەکنیکە بەراییەکانی جەستەی ئاهەنگساز، کە لەناو ڕووخساری نێرینەیی.. مێینەیی تیا دەردەکەوێت و لەناو ڕووخساری مێینەش توانای دەرکەوتنی نێرینەیی هەیە، واتا سڕینەوەی ڕەگەزی جەستە، ئەو سڕینەوەیەش لەمەشقەکانی لابۆری لالش دەبیبنین بەداخەوە لە وۆرك شۆپەکەی هەولێر ئێمە تەنیا کوڕەکانمان بینی، چونکە دوای ئەوەی لەرۆژی یەکەم کچان بوونیان هەبوون لەدووەم رۆژدا کەسیان نەهاتنەوە ناو مەشقەکان کە دیارە ئەوە ئیشکالیەتێکی تر بوو لە نائامادە بوونی مامۆستایانی پەیمانگاو دوورکەوتنەوەی کچان کە باس کردنی لێرەدا بەپێویست نازانین، بۆیە ئەوەی لەناو مەشقەکان دەردەکەوت وەك جەستەی ژن تەنیا نیگار خۆی بوو، بۆیە ئامادەبوونی نیگار لەتەك ئەو گەنجانە هەموو ئامادەبوونێکی ڕەگەزی سڕیبۆوە وئامادەبوونێکی جەستەی مرۆیی هێنابووە بوون.

٤- پڕبوون وبەتاڵبوونەوە: جەستەیەکی ئامادەکراو بۆناو نمایش بوونی نیە، بەڵکو جەستەیەکی بزۆز کە هەمیشە توانای ئەوەی هەبێت جەستەیەکی تر لەناو خۆی درووست بکات، کلافل بۆ ئەوەش نموونە بە کونکردن و کەلێن دروست کردن دێنێتەوە لەناو جەستە تاوەکو جەستەی ئامادە بەتاڵ بکرێتەوەو جەستەیەکیتر لەناو بەتاڵکردن پڕ بکرێتەوە، واتە بوونێکی تر بێنێتە کایەوە، ئەوەش لەنێوان گۆرانیەکان زۆر بەڕوونی هەستمان پێی دەکرد کە جەستەیەك نیە گۆرانیەکان بیجولێنێت، بەڵکو دەنگ توانای خولقاندنەوەی جەستەی هەیە.

٥- پاككردنەوە وتوانەوە: ئەو دوو ئاراستەیە پەیوەندیان بە جەستەی ئاهەنگسازەوە هەیە لەساتی ئامادەبوون، کاتێ باس لەپاككردنەوە دەکەین نە مەبەستمان لەو پاكژبوونەوەییە کە شانۆی یۆنانی باسی دەکات، نەمەبەستمان ئەو تاعونەی ئارتۆیە کە دەبێ شانۆ بیتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەکتەر وبینەر بەیەکەوە پاكژ ببنەوە، بەڵکو پاككردنەوە ئاراستەیەکی ناو جەستەی ئاهەنگسازە، بەوەی ڕاهێنان ومەشقەکان شێوەی پەرستنێکی پەرستگایی وەردەگرێت،

بەوەی ئەو لەناو پەرستنی جەستەدا بژییێت، ئەو بە پیرۆزکردنەوەیە بۆ جەستە پاککردنەوەی جەستەیە لەناو ئەو دەروونە جەستەییەی خود، بەوەی مەشقەکان دەیکات بە خاوەنی جەستەیەکی نوێ، ئەو جەستە نوێیە کە مەشقەکان پاکی دەکەنەوە، ئەوسا لەناو جەستەی ئاهەنگساز ئەیتوێننەوە، لێرەوە گرنگی مەشقەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەر لەهەر شتێك پێویستە جەستە پاکبکرێتەوە، تاوەکو لەناو ڕووبەری مەشقەکان بتوێتەوە وجەستەیەکی نوێ بێنێتە بوون کە جەستەی ئاهەنگسازە

٦- پێچەوانە: ئاهەنگ بۆخۆی پێچەوانەوە کردنەوەی دیدی باوە بۆ دیدێکیتر، ئەوە پێچەوانە کردنەوەی ساتی زەمەنی و کولتورییە، ئاهەنگساز لە پێچەوانەوە کردنەوەدا تواناکانی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی نەستی خەفەکراو بکاتە ئاگایی کۆمەڵایەتی، لەوێشەوە ئامادەبوونی کولتوریی یادەوەری جەستە بێت، بۆیە پێچەوانە کردنەوە پەیوەستە بەو توانەوەیەی کە جەستە دێتە ناویەوە، ئەوەش ئاوێنەیەکە توانای بینینی نهێنیە شاردراوەکانی ناخی ئێمەی هەیە، یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەتەك ئاهەنگساز ئێمەش پێچەوانەکانی خۆمان ببینین کە لەڕاستیدا پێچەوانەوەکە وێنە ڕاستەقینەکانی بوونمانە، بەڵام ئەو هێرشانەی لەسەرەتا ئاماژەمان بۆ کرد کە لەسەر جەستەی تاکە بۆتە هۆی ئەوەی ڕاستەقینە بشاردرێتەوە، لێرەوە لابۆری شانۆی لالش توانای هاوکاری خودی مرۆیی هەیە بۆ ساتی ئازادبوونی ڕۆحمان.. کە نمایش لە مۆسیقایەك ئەچێت بۆ ئازادبوونی کۆت وسەرکوتکردنەوەکانی ڕۆح.

٧- نووسین.. بەزمەسات.. ڕەخنە: نووسین دەنگێکی نەنووسراوی سەر کاغەزە، بەڵکو جولەیەکی بینراوە، ئەوە ئاماژەیەکی نەنووسراوە دەنگ دەینووسێتەوە، بە مەبەستی نووسینەوەی ئاهەنگ.. ستراتیژیی نووسین لێرەدا قسەکردنە لەجەستەی بەزمەسات، هەڵبەت ئەوە لەدەرەوەی مانا گالتەجاریەکەی، بەڵکو لەناو مانا باختینیەکەی کە بریتیە لە بەگژداچوونەوەی هێرشەکانی سەر جەستە، کە دەنگ دەبێتە هۆی بزواندنی تەواوی ماسوولکەکانی جەستە وبەجولە کەوتنیان، لێرەدا وەزیفەی ڕەخنە وشانۆی فرەکولتوری بەڕووی ئەزموونەکەدا دەردەکەوێت، ئەویش لەڕێگەی خوێندنەوەی بۆ کولتورە جیاوازەکان، کە لە بنەڕەتدا خوێندنەوەی ڕەخنەییە بۆ





کولتور ورزگارکردنیەتی لەناو چەمکی موقەددەسگەرا وخوێندنەوەیەتی لەناو ڕووبەری پانتایی شانۆ.

وزە لەنێوان جەستە وئاهەنگسازدا

توانای وزە توانای ئاهەنگسازە، بۆیە وزە وئاهەنگساز دوو بونیادی پێکهاتەی جەستە لەم ئەزموونەدا پێکدێنن، هەڵبەت وزە چەمکێکە بەر لە لابۆری لالش لەلای یۆژینیۆ باربا بوونی هەبووە، کێشەکە لە بوونی چەمکەکە نییە، بەقەد ئەوەی لە چارەسەری ئیشکالیەتی چەمکە بەهۆی ئەوەی لەلای لالش بەرهەم هێنانەوەی چەمك بەرهەم هێنانەوەی گریمانەکانی باربا نییە، هەرچەندە دووفاقیەتی ڕەگەزی لای (باربا) ش بوونی هەیە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەر جیاوازیەکانی دەکەوین بەوەی تایبەتمەندی بۆ لەدایکبوونی وزە ناگەڕێتەوە، بۆیە ئەو هۆکارەی کە هەر ڕەگەزێك بەشێك لەڕەگەزەکەی تری تێدایە، بەڵکو ئەوە وەك بەربەست لەبەردەم وزە سەیر دەکات، چونکە تێگەیشتن بۆ وزە تێگەیشتنێکی ژیاریە، ئەوە پەیوەستە بەو دیدە خۆرئاواییە بۆ مرۆڤ کە جیاوازیەك نییە لەنێوان جەستەی نێر وجەستەی مێ، بەهەمان شێوە جیاکاری نابینێت لەنێوان وزەی ئەو دوو جەستەیە "دەیەوێ ئەو دەمامکە ساختەیە لابەرێت لەسەر ڕەگەزەکان، بەوەی ئەکتەری مێینە خاوەنی وزەی مێینە بێت وئەکتەری نێرینە خاوەنی وزەی نێرینە بێت، سەرەتا چەمکەکە بۆناو پێناسە سەرەتاییەکان دەگەڕێنێتەوە، دواتر ڕەخنەی ئاراستە دەکات، بەوەی وزە مانای هێز وکارکەر دەگرێتەوە، کە بوونی وابەستەی هاوار ودەمارگرژیەتی ماسوولکە کراوە، لەکاتێکدا وزە بریتیە لە ئامادەبوون" (١٤)

دیارە ئامادەبوون کە مانای جەوهەری وزە دەگەیەنێت، هەر لەو ڕێگایەوە باربا چارەسەری ڕەگەزی بۆ وزە دەخاتە ڕوو، بەوەی "بەرجەستەکردنی ئامادەبوونی ئەکتەر لەکۆتاییدا بەخوڵقاندنی ڕووخساری شانۆ یا کەسێتیەکەیە، ئەوەش لەسەر ئاستێکیتر واتە ئاستی دەرەنجام ونمایشی شانۆیی (یاخود ئاستی گوزارشت کردن) لێرەوە جیاکاری دەردەکەوێت لەنێوان نێر ومێ بەوەی شتێکی چارەنووس وپێویستیە، لەهەمانکاتدا پێویستیش نییە، بەڵکو دەبێ بە زیانبەخش ئەگەر خۆی سەپاند بەسەر زەمینەیەکی تردا کە ئینتیمای بۆ ناکات یاخود زەمینەی ئاستی پێش گوزارشت کردن" (١٥)

ئەوە ئەگەر لای باربا وزە بەم شێوەیە

سەیر کرابێت، دیارە لابۆری شانۆی لالش کە ووزە وەك یەکێك لەچەمکە سەرەکیەکانی ئەزموونەکەیان سەیر دەکەن، توانیویانە دیدێکی تر بە ووزە ببەخشن بەهۆی ئەوەی ووزە بۆ ئەوان چارەسەری ئیشکالیەتی ئامادەبوونە.. بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی تری کەشف نەکراو بەو دیدە شانۆییە ببەخشن بۆیە ووزە بۆ ئەوان بووەتە هۆی ئەوەی کە "کار لە (لابۆری لالش) دا کارە لەسەر هەر ئەم وزەیە، ئێمە لەسەر فیکر وهزر کار ناکەین، بەڵکو لەسەر هەستەکانی مرۆڤ کار دەکەین، مرۆڤ بە تێفکرین و ئەقلاڵندن ڕێگا لەبەر هەستەکان دەبەستێ، ئاسایی عەقڵ واجبە بەلاَم قسەی من پەیوەندی بە جوانیناسیەوە هەیە، ئێمە میتۆدی لابۆری لالش لەسەر دەقە دراماتیکیە نمایشییەکان کار ناکەین، بەڵکو ئێمە لە شوێنێکدا حزوور پەیدا دەکەین وکەشێك لەو شوێنەدا چێ دەکەین، ئامادەبونی مرۆڤ لە کات و شوێندا کاری ئێمە پێك دەهێنێت" (١٦) بەواتای ووزە توانای مرۆڤە توانایەك ئامادەبوون پەیوەستە بە تەواوی ئاستە زەمەنیەکانی پڕۆژەکە، ئەوەش پەیوەندیەکی تری تیا کەشف دەکات لەڕێگەی جوانناسی و ئەنترۆپۆلۆژیادا، چونکە ووزە لەکاری ئەواندا لەبابەتی خۆبەرهەم هێنانەوە دەبێتە بابەتێکی شانۆیی وەك زانست، ئەوەش دەتوانین بەهەوڵێکی تری شانۆناسی ناو شانۆی ئەزموونگەریمان سەیری بکەین، کە پەیوەندیی نێوان شانۆ وزانست، پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای بەزانست کردنی ووزەی مرۆیی وەستاوە "لەم ناوەندەشدا هەنگاوی "لابۆری لالش" پێداگرتنە لە چەمکی "مەبەستگەرایی" کە لە مۆتیڤی ئاگاییەوە دەجولێ ودەبێتە جۆرێك لە بابەتی "خۆ – بە ئاکامهێنان" و "خۆخستنە کار" وتیایاندا "ووزەی سیمۆنتیکی" و "ووزەی ڕیتوالی" جێگەی "ووزەی مۆتۆری" دەگرێتەوە" (١٧)

ئەوەش بۆ خۆی دەبێ بە شانۆیەکی سیمیۆلۆژی کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دەلالی بۆ ئامارژەی دەنگی بنیات دەنرێت، بەهۆی ئەوەی دەنگ دەبێ بە ئاماژە بۆ چەمکە فەلسەفیەکان، ئەوەش ووزەی ئاماژە وسرووت ئەکات بە ووزەی سەرەکی ناو کاری شانۆیی، کە لەوە دەردەچێت ووزەی ڕواڵەتخوازانەی مرۆڤەکان بێت، بۆیە ئەوە خاڵێکی ناو ئامادەبوونە نەك ووزەی ماسوولکەیی، چونکە ئامادەبوون لە دەنگەوە شوناس بە جەستە دەبەخشێت، ئەوە ووزەی ئازادکردنی دەنگە شوناس بە بوونی





جەستە دەبەخشێت، ئەو ساتەش دەتوانین بگەینە ئەو تێگەیشتنەیان کە دەڵێن "دەکرێ (ووزەی ریتوالی) بە مەبەستگەراییەوە ببەستینەوە کە لە ئاگاییەکی تەواو ولە کۆنتاکی بەردەوامدا لەتەك دەورووبەردا دەخولقێ" (١٨) لێرەدا ووزەی ڕیتوالی بەدوای سەرچاوەی جەستەی ئاهەنگساز دەگەڕێت ئەوەش بەتەواوی تێگەیشتنێکی تازەو کەشف نەکراوە لەبارەی ووزە کە لابۆری لالش لە ئەنجامی گەڕان و پشکنینەکانی پێی گەیشتووە.

ئامادەبوونی وەرگر وەك پڕۆسەیەکی مرۆیی

ئامادەبوونی وەرگر لەو پڕۆژەیە ئامادەبوونی وەرگرێك نیە بۆ بەسێنتەرکردنی ڕووداو، بەڵکو وەرگر وەك کەسێك نایەت کە ببینێت ولەدەرەوەی ڕووداوەکاندا بێت، وەرگر لەو هاوکێشەیە ڕووبەرێکی بازنەیی هەیە جەستەی ئاهەنگساز لەناو بازنەکەدایە، وەرگر لەتاریکیدا نیە وئەکتەر لەناو ڕوناکیدا بێت، بەڵکو ئەو پانتاییە ئامادەبوونیەتی وەك پڕۆسەیەکی مرۆیی، بەواتای جەستەی ئاهەنگساز وجەستەی وەرگر بەیەکەوە بەشدارن لە بنیاتنانەوەی پانتایی، ئەوەش دارشتنەوەی پانتایی نیە، چونکە ئاهەنگساز بۆخۆی پانتاییەکەیە، وەك چۆن وەرگر ئەبێتەوە پانتایی، ئەوە ساتی ئاگایی هەریەکە لە ئاهەنگساز ووەرگرە، هەموو ساتێك وەرگر هەست بە بوونی خۆی ئەکات ئەشێ ئەو هەستێتو داوای لێ بکرێت کە کارەکە لەگەڵ نیگار تەواو بکات، بۆیە ئەو بەدوای ئەوەوە نیە کە ئاخۆ ئەوەی ئەو ئەیبینێت باسی چی دەکات، بەواتای تێگەیشتن شتێك نیە، ئەوەش گۆڕینی ستراتیژیەتی گوتارە، کە بە قوتابخانە گەل بوونی شانۆ گەمەیەکی کۆن و حیکایەتێکی بەسەرچووە، ئاگایی بینەر لەبەردەم ئەو پڕۆژە ئەلتەرناتیڤەی دەنگ ئەیگەیەنێتە گوتاری بالاَ بەوەی ئەوە پڕۆسەی میتا شانۆیە، تەواو بوونی هەموو ئەو مانایانەیە کە بەدرێژایی زەمەن ڕۆحی زیندەگی ناو شانۆی ئێمەی کوشتووە، ئەو پڕۆژە ئەلتەرناتیڤە توانای ڕزگارکردنی شانۆی هەیە لەتەواوی ئەو ئاستەنگە زەمەنیانەی کە لە ڕابردوودا بۆتە هۆی ئیشکالیەتی شانۆ، بەلاَم ئەو قسەیە مانای وانیە کە ئەوە ببێت بە فۆڕمێك بۆ سەپاندنی گوتاری شانۆ، بەقەد ئەوەی وەك ئەزموون وهەوڵێکی ئەلتەرناتیف لەشانۆی ئەزموونگەری کوردیدا سەیری دەکەین، کە هەوڵێکی بوێرو چاونەترسانەیە توانای دەستکاری

کردنی تەواوی بونیاد وبنەماکانی ناو شانۆی هەیە، بۆیە بینەر لەو کاتەدا ئەوەی بەلاوە گرنگ نیە کە تێگەیشتن لەبەرامبەر ئەوەی دەیبینێت ودەیبیستێت بیگەیەنێتە مەبەستێك، چونکە مەبەست تەنیا پەڕینەوەیە بۆ ئەوەی ببێتە کەناڵی پێکگەیشتنی نێوان ئاهەنگساز ووەرگر، ئەو پێکگەیشتنەش لەسەر بنەمای هەستکردنە بە پێرفۆڕمانس، هەمو ئەمانەش پێویستیان بە ئەزموونی زیاتر وگفتوگۆی قوولتر هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە بە هیوای ئەوەی لەداهاتوودا پرۆژەکان بەتەواوی ببینین وبتوانین لەدەرفەتی سەربەخۆی ڕەخنەیی زۆر ووردبینانەتر قسە لەسەر چۆنیەتی چەمك وئامادەبوونی لەناو ڕووبەرە جیاوازەکانی نمایش بێینەوە گفتوگۆکردن، ئەو نووسینەی ئێستاش تەنیا دەسپێکێکە بۆ پرۆژەی ڕەخنەیی بۆ داهاتوو.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

(١) چێژ لە گۆڕینی مانا وگەمەکردن بە دال توانای ڕاشلەقاندنی ماناکانی هەیە بۆ وەدەست کەوتنی دەلالەتی کەشف نەکراو.

(٢) کچە شانۆکاری سەنگافوری (سن سن) کە وەك ئەکتەر لە لابۆری شانۆی لالش کاری کردووە، پێشتریش لە لابۆرەکەی گرۆتۆفسکی دەرکەوتووە، بڕوای وایە کارکردنی لەو لابۆرە توانیویەتی لە تارمایی گرۆتۆفسکی وئەزموونەکەی ڕزگاری بکات وبەرەو پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ بۆ نواندن بیهێنێت.

(٣) ئەگەرچی تێکست بەمانای تێکستی نووسراو بوونی نیە، ئەوەتە شەماڵ عومەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "چیتر بۆ بیرۆکەی چاوەڕوانی پێویستم بە چاوەڕوانی گۆدۆی بیکت نییە" ئەو دەستەواژەیە پێمان دەڵێت: شانۆکار شانۆ بنیات دەنێت نەوەك تێکستی نووسەر.

(٤) لەو بارەیەوە تێکستێکی تیۆریمان نووسیووە بەناوی (شانۆی پۆلیڤۆنی) کە چۆن دەنگ دەبێ بە جولە و جولە ئەبێتە دەنگ، ئەو گریمانەیە لە لابۆری شانۆی لالش جیاوازە، جیاوازیەکەشی لەوەدایە لەوێ بونیادەکان دەبنە دەنگ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە پرۆژەی پۆلیڤۆنی پێشنیارمان کردووە پەیوەندیەکی دۆنا دۆنی نێوان جولە ودەنگە.

(٥) لەو بارەیەوە نیگار حەسیب دەڵێت "دەنگ تەنیا بۆ گوێچکەکان نیە، بەڵکو بۆ چاوەکانیشە"

(٦) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (٦٤) لا ٣٦

(٧) هەمان سەرچاوە/ لا ٣٨





(٨) هەڵبەت ئەگەر بۆ قۆناغی هەشتاکان بگەڕێینەوە، کە دەبینین گوتاری شانۆی ئەزموونگەری کوردی ویستوویەتی گوتارێکی جیاواز لەنمایشی شانۆیی بنیات بنێت، دیسان ئەوە شەماڵ عومەر بووە لەڕێگەی هەوڵە جدیەکانی لەو شانۆیەدا ویستوویەتی شانۆیەکی ئەزموونگەری و جیاواز بێنێتە بوون کە هەوڵەکان بوونە سەرەتایەك بۆ لابۆری شانۆی لالش.

(٩) شانۆکار، ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٧، لا ٦

(١٠) ماریۆ بیاجینی، کە ئەکتەر وکارگێڕێکی گرنگی سەنتەری کارکردنی گرۆتۆفسکی یە ویاریدەدەری تۆماس ریچاردە ووتی: کاری شانۆیی ئۆدینی (یۆجینۆ باربا) م دیووە، بەڵام هێندەی ئەم ئەزموونەی ئێوە کاری تێنەکردووم، شانۆکار ژمارە (١) لا ٢٦

(١١) ئاڵوگۆڕی میتۆدی لەنێوان لابۆری شانۆی لالش وسەنتەری کارکردنی گرۆتۆفسکی دا/ شانۆکار ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٧، لا ٢٦

(١٢) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (٦٤/ لا ٣٩

(١٣) الجسد الكرنفالی/ أندری كلافل، ترجمە (حسن المنیعی) مجلە علامات، العدد (٤) ١٩٩٥

(١٤) یۆژینیۆ باربا: ووزەی ئەکتەر وئەنترۆپۆلۆژیای جەستە/ نیهاد جامی، شانۆکار، ژمارە (٧/٦) ی ٢٠٠٩، لا ١٣٧

(١٥) طاقة الممثل/ أوجينيو باربا واخرون، ترجمة (د. سهير الجمل) أكاديمية الفنون وحدة الاصدارات المسرح (٣٣) ص ٢٨٦

(١٦) شەماڵ عومەر: شانۆی من لە جیهاندا بەخوڕە/ شانۆکار، ژمارە (٧/٦) ی ٢٠٠٩، لا ١٠٢

(١٧) لابۆری شانۆی لالش/ نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر، رامان/ ژمارە (٦٤) لا ٣٧

(١٨) هەمان سەرچاوە، لا ٣٩



د. فاضل سودانی

# شانۆی بینین و ڕەهەندی چوارەم بۆ دەربڕینی شانۆیی

جەستە بەتەنیا جولە نیە، گوزارشتێکی سرووشتی زمانەوانیشە، هەروەها بەتەنیا گوزارشتێکی جولەیی نیە، بەلاّم دەق لەسەر یادەوەریش دەژییێت، یادەوەری جەستەی ڕەهاش توانا جەستەییە ئاشکرا نەکراوەکانن لای ئەکتەر، جەوهەری بزووێنەری گوزارشتەکان ئێستایە، بۆ ئەوەی ئامادەبوونی هەنووکەیی بۆ ئەکتەر لەنمایش هەبێت، لەهەمان کاتدا ئامادەبوونی ئەکتەرو کەسێتیەکەی بێت، هەرچەندە ساتی نزیك بوون و بەرکەوتنی ئەو سێ زەمەنە (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) فۆڕمێکی دەست لێدراو درووست دەکەن، ئەوەش مانای وایە فۆڕمی دیدگای دەرهێنانی ئەفرێنەرو نووسینی بینینە، واتا کاری دەرهێنەر لەو زەمەنە بەرجەستە دەبێت، بەواتای نزیك بوونی ئەو سێ زەمەنە لەنێوانیانە، لەپێناو خولّقاندنی ڕەهەندێکی ئەفرێنەری چوارەم کە دادەنرێت بە دیدگای بینینی نوێ بۆ هونەرمەند خولّقاندن و چالاك کردنی یادەوەری جەستەیەتی تیایدا، لەبەر ئەوەی شانۆ لەڕووی مێژوویەوە نووسەری ناسیووە (نووسینی ئەدەبی) دوای ئەویش دەرهێنەر– دراماتۆرگ، پێویستی ئێستای بەنووسەری دەقی بینینە، بۆیە لێرەدا ڕەهەندی چوارەم بایەخ دەدات بەدووبارە خولّقاندنەوەی پانتایی شانۆی بینراو و دواندنی بینەر بەزمانی وێنە و ڕەمز و گواستراوەکان و تەئویل و زمانی بینین دوور لەزمانی ئەدەبی یا وەرگرتن یاگونجاندن و بەکارهێنانی بەشێك لەزمانی





بینین.

دەق لەچوارچێوەی ئەو تێگەیشتنەوە بۆ بینین دەنووسرێت نەوەك بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی، دەکرێ خوێنەر لەپانتایی نمایش دەقی بینین بخوێنێتەوە، ئەوەش مانای وایە نووسەر توانای (یا دەرهێنەر ئەو کاتەی نووسەرە) دیدگای بینینی هەیە، لەڕێگەی ئەوەی لەڕەزمی وێنەو ڕووداو لەسەر تەختەی شانۆ تێدەگات نەك لەسەر کاغەز، دەق لێرەدا کورت نابێتەوە بەتەنیا لەسەر ووشە وەك دەلالەت و زمانی بیستن، بەلّکو لەوێدا ڕووبەرێکی گەورەتر هەیە بۆ شێوازەکانی بینین، لەڕێگەیەوە گوتاری شانۆیی دێتە دی، بەواتای نووسەر واز دەهێنێ بەتەنیا لەسەر بەردەوام بوون بۆ هاتنە دی پڕۆسەی نووسینی ئەدەبی سوونەتی، دەپەڕێتەوە بۆ نووسەری دەقی بینین، لەگەلّ دەرهێنەر نمایشی بینین دەخولّقێنن، بەدلّنیاییەوە لەو جۆرە دەقە شانۆییە بینینانە بەپێویستی دژی ئەدەبن، سەرباری سەپاندنی چەمکی پەیوەندیی نهێنی ئاوێتە بوو کەدەست نیشانی وەزیفەی بینەری ئاوێتەبوو، دەتوانێت تەئویلی ئاوێتە بوونەکە بکات، لەبەر ئەوەی ئاوێتە بوونێکی نموونەییە لەزەمەنی داهێنان بۆ پانتایی سرووتی شانۆیی بینین. لەبەر ئەوە ئەو نە بینەرەو نەوەرگرە، بەلّکو ئاوێتە بوویەکە، ئاوێتە ئەبێ ئەو ئاوێتە بووە لەگەلّ پرسیاری چارەنووس ساز کە چارەسەری سرووتی شانۆیی بینین دەکات، بەو هۆیەش ئێستاکە دەتوانین لەبارەی دەقی بینینی کراوە بدوێین، کە دەست دەدات لە هەرسێ زەمەنەکەو دەچێتە ناویانەوە، لەپێناو خولّقاندنی بینینی نمایش، لەبەر ئەوەی دەقی داخراو لەڕاستی کارەکەدا شکستە بۆ بینینەکانی نمایش وسرووتی شانۆی هاوچەرخ، ناکرێ شانۆی هاوچەرخ هەلّبستێ بەکاری کاریگەر ئەگەر داڕشتنەوەی نەکردبێت بۆ پانتاییە ئەدەبی و فکریەکان (دەق) ولایەنی سینۆگرافی یان پێکهاتەکانی پانتایی نمایش واتا داڕشتنەوەی بینین و سیمیۆلۆژیاو تەئویل. لێرە داواکاری گۆڕانە لەچەمکە سەرەکیەکانی زمانی نمایشی شانۆیی، لێرەوە دەرەنجامی گرنگترین شێوازەکان کە بەرجەستەی میتۆلۆژیای شانۆی هاوچەرخە دەیبەستێتەوە بەمیتافیزیکیا کە دەقی بینینە "پێویستە نووسەر فێری ئاشکرابوونی تەکنیکەکەی و چۆنیەتی نووسینی بێت"، پانتایی داهێنان بۆ دەرهێنەری خاوەن دیدگا و پاشان جەستەی ئەکتەر وەك یادەوەریەکی ئەفرێنەری بینینی ڕەهاو سامانی میتۆلۆژی کەپێشتر هەیبووە، ئەوەش



مانای وایە بەدیهاتنی هونەری نهێنی و کارە شاردراوەکانە بۆ مەحالیەتی شانۆ، ئەوە دیدگای نهێنی ڕەوایەتی پێدراوە بۆ پێگەیشتنی نمایشی ڕیتوالی و پێگەیشتنی تواناکانی بینین و ئەفراندن بۆ یادەوەری جەستەی بینراو، پێگەیشتنی شانۆ وشار.

بەهۆی ئەوەی شانۆ لەبنەڕەتدا کێشەیەکی ژیارییە، بۆیە لەشاری ژیاریی سەرهەڵدەدات وگەشە دەکات، حەتمیەتی پێگەیشتنی کۆمەڵگای مەدەنییە، بۆیە هەر بیرکردنەوەیەکی جەوهەری و گرنگی شانۆیە، توێژینەوەیەکی پتەوە و سرووشتێکی کۆمەڵایەتی فەلسەفی- جوانکاری و فینۆمینۆلۆژیی - دیاردەگەرایی- یشە. سەرباری ئەوەی شانۆ پەیوەستە بە میتۆلۆژیاو سرووتی ئاینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا کۆنەکان، بەڵام ئەو هەر -تائێستاش- بەشێوەی بینین گوزارشت دەکات لەوێناکان وبنەما فکری وفەلسەفی وکێشە کۆمەڵایەتیەکانی شار ومرۆڤ، ئەو بەربەستەی ئێستا ڕێ لەپێشکەوتنی شانۆی عەرەبی دەگرێت وجەوهەری قەیرانەکەی خوڵقاندووە، بریتیە لەوەی شاری عەرەبی شیاو نیە بۆ خوڵقاندنی شانۆ، چونکە ژیانی شاریان ژیانە لەشانۆدا بەکاریترەوە، جا یا ئابووریە یا ئایدیۆلۆژیی، یا بەزمەساتێکی ئەفیوون کراو، یاخود لەناو زیندانێکی گەورەدا دەژین. یائەو سیستەمەی پێی تێدەپەڕن ئەو شارانەشی پێ دیل دەکەن، مەعریفەی فکری وئیستاتیکی بەشتێکی ناوەندی دەزانن، پێچەوانەی ئەوە شانۆ







ناتوانێ دروست بێت و دینامیکی بێت تەنیا کەتوانای ووژاندنی پرسیارە جەوهەری وچارەنووسازی هەبێت لەسەردەمی تەکنەلۆژیای نوێ. سەرباری ئەوەی سەبارەت بەشار شانۆ مەترسیەکی جەوهەری دروست دەکات، لەبەر ئەوەی گردبوونەوە دەخوڵقێنێ، پرسیار دەرووژێنێ ئاگاییەکی نوێ بەرهەم دێنێت، هەڵدەستی بە بڵاوکردنەوەی مەعریفە.

لەبەر ئەوە بەکارێکی پەراوێزی دادەنرێ لەدانانی سیستمێك بۆ ڕێبەرایەتی شاری عەرەبی، لایەنێکیتریش کە بایەخی هەیە، کە زمانی شانۆ وسرووشتە هونەریەکەی دەیسەپێنێ، ئەوە گۆڕینی پەیوەندیە لەگەڵ بینەر وەرگر دەگۆڕێت بۆ کاریگەر، هەڵدەستێ بەکرداری بەشداری وەك ئەوەی وەزیفەکەی لە سرووتە شانۆیە کۆنەکان لەسەرپی بوو. شتی گرنگ ئەوەیە دەزگای شانۆیی سەر بەدەوڵەت واز لەخۆسەپاندنی ئایدیۆلۆژی بێنێت لەبەکارهێنانی شانۆ وەك دەزگایەکی گەشتووگوزار.

لێرەدا پێویستە دووبارەی بیناسازی گێڕانەوەی دیدگایی وفیکری بکرێت بۆ سرووتی شانۆیی لەشاری عەرەبی سەربەخۆ، لێرەدا بانگەوازی من بۆ دەقی بینین کەخۆی سەپاندووە بەسەر نووسەری عەرەب، دەبێ دەست هەڵگرن لەبەردەوام بوون لەسەر نووسینی دەقی ئەدەبی کەتەنها متمانە بکاتە سەر ووشە و چەنەبازی فکری و نەبوونی دەرخستنی پرسیاری چارەنووسساز و دوورکەوتنەوە لە بینینەکانی نمایش و ڕەچەتەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ هاندانی دەوڵەت پێشکەش بکات. متمانەکردن لەسەر بینراوەکانی دەقی نووسراو لەلایان نووسەرەوە، متمانە کردنی دەرهێنەریش بۆ دیدگای دەرهێنانی بینین، هاوکاریمان دەکات بۆ ئامادەبوونی سەروەری شانۆ تاوەکو ببێت بە وابەستەیەکی ئۆرگانی بەژیانی بینەر، یاخود خوڵقاندنی ئەو پەیوەندیە ترازاوە دۆستایەتیەی بە شارەوە، هەروەك لە شارەکانی سەدەی ناوەڕاستی ئەورووپا هەبوو، یا وەك ئەوەی لەشانۆی یۆنانی کۆن لە ئەسینا بووە.

شانۆو مێژوو ماتریالێکی گرنگی یەکترین، ئەوەش پەیوەندی مرۆڤە بە مێژوو و بەڕابردووی کەسێتی، بەو کولتورەی وەك مرۆڤێك لە جیهانێکی دینامیکی دایدەنێت، ئەوەش داواکاریەکە بۆ خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ.. خوێندنەوەیەکی دینامیکی هەڵقوولاوی ڕۆحی سەردەم و پێویستیەکانی زەمەنەکەمان بێت، بەو کارەش دەتوانین هەموو ئەو پیرۆزیە نەگۆڕو چەپێنراوەکانیان و بەردبوونە

کولتوریی و مێژوویەکان لابەرین، دەیبەینە ناو تازەگەری و سەردەم و زەمەنی هاوچەرخ، ئەوەش گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ هونەرمەند لەپەیوەندیکردنی بەئەویترەوە، هەروەها پەیوەندی بەشانۆ و هونەر بەشێوەیەکی گشتی.

لەم لۆژیکەوە پرۆژەی شانۆیی بە گشتی (نووسین ودەرهێنان وتوێژینەوەی ئەکادیمی) لەو پرسیارانەوە دەست پێدەکات کە تووشی دڵە ڕاوکەی کردووم لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو گەشەسەندنەی جیهانی عەرەبی وجیهان بەگشتی، لەماوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تاکو ئەمڕۆ، جا هونەری بێت یا سیاسی، بەدڵنیایەوە پرسیارەکانم و دڵەڕاوکە ئەفرێنەرەکەم جیاوازە لەپرسیاری داهێنەرانی نەوەکانی پێشوو ئەوەش بەهۆی جیاوازی زەمەنیە، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە ئامانجی هونەر وشانۆ بەتایبەتی توانای توێژینەوەیە لەوکانگا نارۆشنانەی بوونی مرۆیی و ئەو پرسیارانەی کەیارمەتی ئەو مرۆڤە ئەدات لەو میحنەتە چارەنووسسازەی.

هەروەها توێژینەوە لەخوڵقاندنی جوانی کە وابکات جیهانەکەمان توندوتیژیی کەمتر بێت و زیاتر شت قەبووڵ بکات، ئەوە پاڵم ئەنێ مرۆڤی ئەویتر (دەرەکی) دابنێم، خودێتیەکیتر (ناوەکی) لەهاوکێشەی نوێ بۆ پەیوەندیی مرۆڤ بە ئەویترو پەیوەندی بەخودی خۆی، بەواتای پێچەوانە کردنەوەی دڵەڕاوکەی هونەرمەندی داهێنەر لەپێناو تێگەیشتن لە دنیاکەی و نارۆشنی ئۆقیانووسە گەردوونیەکەی.

دواتر پێچەوانە کردنەوەی لەسەر ئەویتر زیاتر نارۆشن بێت لەبەر ئەوەی ئەوەشیان بەلامەوە گرنگە، ئێمە تووشی نیگەرانی بووینە لەبەرامبەر دڕندەیی ئامێر و گۆشەگیریە خنکێنەرەکەی، کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی هەستیاریەکی جەوهەری بۆ هونەرمەند لەزەمەنی عەولەمە خوڵقاندووە.

کە وا لەهونەرمەندی هاوچەرخ دەکات بەرەو ئەندێشەکانی بچێت، ئەوانەی ئامێرو شۆڕشی تەکنەلۆژیان خوڵقاند، گۆشەگیریان درووست کرد، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەفراندن نەکات لەلایان ئەوەیتر کە تێناگات، ئەوە دەیبات بەرەو نەبوونی سەراپاگیریی وەك دەسکەوتێکی هونەری، هەروەها نەبوونی پێگەیشتنی موفرەداتی زمانە هونەریەکەی، بەهۆی نەبوونی توانای گوزارشتکردنی ڕەها بۆ نهێنیەکانی ژیان وبوون، بەدڵنیاییەوە ئەو ئارەزووە قووڵ دەکاتەوە لەنێوان هونەرمەندو جیهانیتر، ئەو نامۆبوونەش پاشەکشێ دەکات لەبوارە کولتوریەکانیتر.





روناکبیرو جیهان لەزەمەنی گلۆبالیزەیشندا لەبەرامبەر قەیرانی فیکری و مەعریفی تووشی زۆر تێکەڵبوون ونارۆشنی دێن، ئەوەش قووڵ بوونەوە درووست دەکات لەڕووی نامۆبوون و گۆشەگیریی ودەمارگرژی، هیستریای رۆحی هاوچەرخ کە بریتیە لە بوونی ئاژاوەی گەردوونی ڕێکخەر، کە شارستانیەتەکەمان لەکۆتایی رۆیشتن ئاگادارمان دەکاتەوە، هیچ نامۆش نیە ئەگەر هەموو شتێك وون ببێت و مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردین، سەرباری ئەوەی گلۆبالیزەیشن ئەو مافەی پێداوین سەرلەنوێ گومان لەهەموو یەقینەکان بکەین، لەوانەش تەوتەمی پیرۆز تا دەگات بەزیادبوونی قوولآیی قەیرانی هاوچەرخ ئەویش کارکردنە بەمەبەستی لەکارکەوتنی مرۆڤی کولتوریی، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەر جیاوازیەکی فکری لەڕێگەی دەسەلآتی توندوتیژیی وزەبروزەنگ، کەوایە پەریزادەی ناوەکی چیە لەڕووبەروو بوونەوەی ئەو مەترسیە؟ بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە پرسیارانە و ئیتریش تووشی دڵەڕاوکەم دەکات، هاوچەرخەکانیشم تووشی دڵەڕاوکە دەکات، وەلآمدانەوەشیان لەڕێگەی شانۆی بینینەوەیە.

هونەرمەند هەمیشە نامۆیە بەچەمکە بوونگەراییەکە، لەبەر ئەوە سەرلەنوێ تەنها



داهێنان ئەیگونجێنێ لەگەڵ خودی خۆی ودواتر لەگەڵ ئەویتر، تاراوگە بەهەموو شێوەکانی ئاگایی مرۆڤ قووڵ دەکاتەوە بەجیهان ومێژوو، بەدڵنیاییەوە کاتێ لەنیشتیمانی خۆشیدا بێت وابەستەبوونیی هونەرمەند قووڵ دەکات بە خودی خۆی و بەبوونی، سەرباری ئەوەی نامۆبوون وتاراوگەی ناوەکی بۆ درووست دەکات، هەروەها دەسکەوتی هونەری ئەو کاتە تەواو دەبێت کە لەنێوان بینەرانێك بیت زمانەکەت بزانن ولەهەستە خۆرهەلآتیەکەت تێبگەن، کە هەر دەبێ بگوازرێتەوە بۆ هەستی هاولآتی جیهانی ومرۆیی سەراپاگیر.

* ئەم ووتارە لەبنەرەتدا بە زمانی عەرەبی بۆ شانۆکار نێردراوە.



سدیق عزیز

# بینەر وشانۆ..

هەر کاتێك باس لە ڕەوشی بینەری شانۆی کرابێت ،هەمیشە لایەنی تاوانمان خستۆتە ملی بینەران، لە ڕاستی دا ئەمە غەدرێکی گەورەیە لەبینەران دەکرێت، ئەگەر بێت و خوێندنەوەیەکی مێژوویمان بۆ بینەری شانۆی کوردی نەبێت. ئێمە ناتوانین باس لە شانۆ بکەین بەبێ بوونی بینەر، ئەگەرکاری ئەکتەر ژیان بەخشینەوە بێت بە ووشە لە ریگای ئاماژەو پێکهاتەکانی بونیادی جەستەوە ،ئەوا کاری بینەریش بەخشینەوەی ژیانێکی نوێترە بە سەرجەم پێکهاتە شانۆیەکە لە ڕێگای بینینەوە. کاری جدی بینەری جدی بەرهەمدێنێت و بینەری جدیش بنیاتنەری بەرهەمێکی نوێترو دروستکەری نەوەیەکی نوێ بۆ داهاتوی شانۆ .

ئەو کێشەو ئەزمانەی لەم ڕۆدا لەسەر بینەرو شانۆی کوردی باسی دەکرێن، کێشەیەکی مێژین، لەبەر ئەوەی مێژووی بزوتنەوەی شانۆی کوردی بە قەیران دەستی پێکردووە وخاوەن سەرەتایەکی داهێنارانە نیە، بەو هۆیەی کە شانۆی کوردی وەرگیراوە لە شانۆیەکی بارگاویکراو بە قەیران لەڕووی هەموو پێکهاتەکانی شانۆوە ،کە بینەر یەکێکە لەو پێکهاتانە. ئەمە جگە لەوەی کە مێژووی بزوتنەوەی شانۆ کوردی مێژوویەکی پچڕ پچڕو سست و کەم دا





هێنانە. ئەم دوو هۆکارانە وایان کردووە کە بینەری شانۆیمان هەر لەسەرەتاوە بینەرێکی سست و کەم شارەزا لە رووی مەعریفەی شانۆیی و هەست نەکردن بە گرنگی شانۆ وەك بەشێك لە شارەستانیەتی میلەتێك.

ئێمە لە مێژووی بزوتنەوەی شانی کوردیدا قۆناغێکمان نیە کە تایبەت بەسەردەمێکی دیاری کراو بێت ،بەو مانایەی کە ئێمە هەست بە ناسینەوەی ڕێبازێك یان قوتابخانەیەکی دیاری کراو نکەین لە ساتەوەختێکی مێژوودا کە بڵێین لەم زەمەنەدا زیاتر کاری کلاسکی یان ڕەمزی یان ریالیستی کراوە لە شانۆی کوردیدا. مژوویەکمان نیە تایبەت بە زەمەنی ئیشکردنێك دیاری کراو . شانۆی کوردی نە لە ڕێگای دەقی بەناو خۆماڵیەوە وەنە لە ڕێگای تێکستە جیهانیەکان نەیتوانیەوە لەسەر ڕێبازێکی تایبەت بەردەوام بێت و قۆناغیك دروستبكات کە شانۆی پێبناسیتەوە ،کارەکان کاری میزاجی و حەزی تاکەکەسی بووە .ئەگەر بەتەنها سەیری ساڵەکانی نیوان ٥٠ بۆ ٦٠ بکەیت لە شانۆی کوردیدا ،دەبینین کە چەند شانۆگەریەکی خۆماڵی کراوە ،لە پڕێکدا ا تێکستێکی مۆلێر دێتە ناوەوە نەك لەپێناو داهێناندا بەڵکو لە پێناو لایەن کۆمیدیەکەی کە حەزی زۆرینەی بینەری ئەو سەردەمە بووە. لێرەدا شێوە بازدانێکی نەشازو بێ ئامانج دەبینیت ،ئەمەش هۆکارێکە کە شانۆی کوردی بۆ زەمەنێکی دایریکراو بینەری ڕانەهێناوە لەسەر شێوە ڕێبازو ریتمێکی شانۆی کە بینەر ئاستی بینینی تێربێت و لە قۆناغێکی تردا هەست بەجیوازی گۆڕانکاریەکان بکات، دیار هۆکارەکانیشی ئەوەیە کە ئەو سەچاوییەی شانۆکەمان لێوەرگرتوو ،هەمان کێشەو هەمان قەیرانی هەبووە کە شانۆی عێراقی بووە لە و سەردەمەدا. هۆکارێکی تر نە بوونی نوسەری شانۆییە ، خاڵێکی تری ئەم کێشەیەش کەمی مەعریفی شانۆکارانی ئەو سەردەمەبوو کە نەیتوانیەوە وەك پێویست سود لە شانۆی جیهانی و ڕێبازەکانی لە رووی درماتۆرگی و پێك هاتەکانی شانۆوە وەرگرن . ئەگەر چەند نووسەرو شانۆکارێکیش هەوڵێکیان دابێت بۆ کارکردن لە شانۆ جیهانیەکاندا ،ئەوە لەبەر خاتری بینەرو بۆ گونجاندنیان لەگەڵ کولتوری کوردیدا هەوڵیانداوە لە ڕێگای بەکوردیکردنەوە (تکرید) کارەکە نمایش بکەن . ئەم حاڵەتی بەکوردی کردنە یەکێکە لە هەرە خاڵە نێگەتیف و سلبیەکان لە مێژووی بزوتەنەوی شانۆی



کوردیدا ،کە لەلای هەندێك هونەرمەند زۆر بە شانازیەوە باس لەو تێکستانە دەکرێت. ئەگەر چی ئەمە بۆ بینەر جێگای چێژوو خۆشی بووە ،بەڵام ڕووە خراپەکەی لەم ڕۆدا دەردەکەوێت و باجەکەی لەم ڕۆژگارەدا دەدرێتەوە کە نەبوونی بینەرەو قەیرانی شانۆیە، تەکریدکردن ڕێگربووە لەبەردەم بەرزکردنەوەی ئاستی مەعریفی بینەر بۆ زیاتر ئاگادر بوون لە دوو دنیاو دوو کولتورو دوو شێوە شانۆی جیوازو لەیەکتری. تەکرید وای کردووە کە بینەر هەست بە بوونی دنیای دەرەی خۆی نەکات، کاتێك ئێمە مۆلیێرێکی بە کوردی کراوی ئەخەینە بەردەموو ئەو ڕستەو حاڵەتانەی لێدەردەهێنین کە نەگوونجاو تابووە لە کولتوری کوردیدا ،بینەر چۆن بتوانێت بە ئەدەب و شانۆ کولتوری فەڕەنسی ئاشنابێت. چۆن بزانێت کە لە دەرەی خۆی جۆرە شانۆیەك هەیە جیواز لە دنیای شانۆی کوردی. گلەییەکی تر کە هەیە لەسەر بینەر بەرامبەر بەو کارانەن کە لەدەرەوەی هۆڵەکان دەکرێت ، هەموو هەولێك و کارێکی تازە جێگای دەست خۆشیەو کارێکی باشە ،بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە بینەر بە برسیەتی و بەسکی بەتاڵەوە دەبەینە دەروەی هۆڵەکان ،بەبێ ئەوەی بینەرەکەمان لە ماناکانی داهێنان و چێژی نمایشی ناو هۆڵەکان تێر بوو بێت. بەبێ ئەوەی بینەرێك کە مێژویەکی هەبێت لە گەڵ







شانۆی کلاسیکی قۆناغەکانی تری شانۆدا، بینەرێك کە میژوویەکی نەبێت لەگەڵ نمایشی شانۆیی ناو هۆڵەکان و لە پەیوەندیەکانی نێوان خۆی و شانۆ تێنەگەیشتبێت، ناتوانێت لە ماناکانی نمایشی دەرەوەی هۆڵەکان تێبگات. بینەرێك لە مانای داهێنان و کاری جەستەو سینۆگرافیەی ئەکتەرو پێکهاتەکانی شانۆ تێنەگەیشتبێت لە ناو هۆڵدا ، ناتوانێت لە دەروەی هۆڵەکان لە پەیوەندیەکانی



نێوان خۆی بە شانۆوە تێبگات، ئەمە كێشەیەكە كە دەمانەوێت بێ بنەماو بێ پێشینەیەك بەسەر بینەردا بازبدەین ولە هەمانكاتیشدا بینەر تاوانباركەین. لەگەڵ ئەوەی كە شانۆی كوردی خاوەنی تێكستی شانۆیی خۆی نیە، لە هەمانكاتیشدا بینەریان ئاشناكردووە بە كۆمەڵێك دەقی شانۆی سادەو سكار، شانۆكاران نەیان توانیوە لەڕێگای شانۆییە كلاسیكی و شاكارە جیهانیەكانەوە بینەر ئاشنابكەن بە چۆنیەتی تێكستی شانۆیی و ماناكانی لەڕووی دراماتۆرگیەوە بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت تێكستی باش و خراپ لەیەكتری جیاكاتەوە،ئەم قۆناغە لە شانۆی كوردیدا





وونە. زەمەنێكی نادیارترمان هەیەلە مێژوی شانۆدا كە ئەویش نە بوونی خوێندنەوەیەكی مەعریفی و تێڕوانینێكی نوێیە بۆ شاكارە كلاسیكی و جیهانیەكان. ئێمە لە ناو دنیای تێكستە جیهانیەكانەوە دەگەیەن دنیای ئەزمونگەری، لە ڕێگای تێفكرین و خوێندنەوەی تازە بۆ تێكستەكان ئەتوانین لە میتۆدە تازەكانی شانۆی سەردەم تێبگەین. كاركردنی پیتەربروك لە زۆربەی تێكستەكانی شكسپیردا جێگای پرسیارە،جگە لەوەی لە چەند تێكستیكدا چەندین جارو لە زەمەنی جیاوازدا كاری تێداكردۆتەوە. بەبڕوای من گەڕانەوە بۆ شاكارە جیهانیەكانی وەك شكسپیرو ، ئەبسەن و چیخۆف و بێكت و ....هتد ، پێویستیەكی ئەمڕۆی شانۆی كوردیە. چەند دەرهێنەرێك لە هەشتەكاندا لەسەر میتۆدی خوێندنەوەی تازەو تێكشكاندی دەق چەندكارێكیان كرد و كاریگەری بەرچاوی هەبوو، وەك كارەكانی تێپی شانۆی ئەزمونگەری ، گەر ڕۆژگارو زەمەن هاوكاریان بوایە. كارەكانی كامەران ڕووف نموونەی كاری جدی ئەو زەمەنن، كامەران بە بەمیتۆدێك كاری دەكرد كە بتوانێت تەوازن و هاوسەنگی لە نێوان سێ پێكهاتەی شانۆیدا دروستباكات ،تێكشاكاندنی تێكست لە پێناو تەكنیكو

لایەنی جوانكاری و ئیستاتیكادا،كاركردن لەسەر جەستەو ئاماژەكان كە لە ئاست توانای ئەكتەردا بێت ،كاركردن بۆ بینەرێك كە هەم نوخبەبێت وهەم نەخوێندەوار. تێكستەكانی فوئادی مەجید میسری كە زۆریان لە دەرهێنانی ئەحمەد سالارن نمونەیەكی تری ئەو جۆرەكارانەن. بەبڕوای من ئەگەر شانۆی كوردی بۆ زەمەنیكی درێژ بەم میتۆدە كاری بكردایە ، بینەری شانۆی كوردی بینەرێكی تر دەبوو، قسەكردن لەسەر ئەزمونگەری و كاری جەستەو پێرفۆڕمانس و كاری دەرەوەی هۆڵەكان هەڵگری مانایەكی تر دەبوو لەمڕۆدا. شانۆی ڕۆژئاوا ئەو مێژوەی تێپەڕاند، بۆیە ئێستا سادەترین بینەر بەرامبەر شانۆیەكی سەر شەقامەكاندا دەوەستێت و كاتی تایبەتی خۆی بۆ بەكار دەهێنێت.

.



د. هیثم عبدالرزاق

# جەنگەکانی تووشبوان و تەجاوزکاران لەسەر زەوییەکانی فلیڤانی

و: جومعە جەباری

جەنگی درۆکان و حەیاچوونەکان، کە دووچاری فلیڤان و سەرکەوتووەکان دەبێتەوە چەکێکی چرووکە و، ناسەرکەوتووان دایانهێناوە بۆ لێدانی هێماکانی رۆشنبیری و زانستی و فلیڤانی، بەدرێژایی مێژوو بەکاریان هێناوە، چونکە ئەمانە لەرێکەوتێکی قەدەرەوە خۆیان لەسەر زەوییەك بینیوەتەوە، کە هی خۆیان نییە، بەڵکو بەتەوژم کەوتوونەتە ناوییەوە، ئەم هەڵبژاردنە وەك هەڵبژاردنەکەی (ئۆدیب) ی بەستەزمانە، کە لەرێگەی قەدەرەوە و لەشوێنی هەڵەدا تووش بوو، نە توانی بگەڕێتەوە، نە توانی بەردەوام بێ، بەڵام دانایی دراما هیچ کامێك لە رووداو و پاڵەوانەکانی بەبێ دەرس بەرنادات، چونکە پێوەستە بەبنیادی مرۆڤەوە، دووبارە هۆنینەوەی ئەزموونی مرۆڤایەتی ودووبارە خوێندنەوەی بۆ دەرهێنان وسوود وەرگرتن لە وانەکانی.

بۆیە دیاردەی شانۆیی و دراما تەنانەت کردەی هەڵەییشی بەبێ پەند وحیکمەت





بەجێی نەهێشتووە، بۆ ئەوەی پاڵەوانان وکەسایەتییەکانی بەبێ رێز نەهێڵێتەوە، ئەویش لەسۆنگەی داننانیان بەهەڵەکانیان، بۆ دەربازبوون لەو هەڵەیە بەپاڵەوانی ودانایی.

ئەم پێوەندییە وای لێمان کرد رێز وستایشمان بۆ پاڵەوانێتی وئازایەتی ئۆدیب وەك خۆی بمێنێ سەبارەت بەبڕینی قۆناخی تووشبوونی (بەکوێرکردنی چاوەکانی) وسزادانی خۆی، چونکە لە گەشتە قەدەرییەکەیدا شوێنی هەڵەی هەڵبژارد، ئەمەش لەبەر ئەوەی درامای گریکی ناتوانێ بەسەر ئاکار وبەهاکانی بنیادنانی مرۆڤ وکۆمەڵگەی مەزندا بازبدات، چونکە گریکەکان خۆشبەختانە دووچاری شکستخواردووی لەو جۆرە نەبوو بوون، کە پاساو بۆ شکستەکانیان دەهێننەوە، تەنانەت لەسەر حیسابی بەرزترین بەها.

بۆیە، ئەوانەی باسیان دەکەم، مخابن وەك ئۆدیب و رەوشتەکانی نین، چونکە ئەو ئازایەتییەی ئەویان نییە، لە سڵ نەکردنەوە لە هەڵە، چونکە ئەو بەپێچەوانەی هەڵەکەی ونەزانینەکەی رەفتاری نەکرد وداری نەخستە بەر ڕەو ڕەوەی ژیان، بەڵکو دانی بەهەڵەکەی خۆیدا نا و بەپەندێکی مەزنەوە دەرچوو بۆ جیاکردن لەنێوان بینین وبیناکردن، لەنێوان بینین وروئیا. گرنگی ئەم تەکنیکە (داننانە بەهەڵە ودەربازبوونە لێی بەپەندێکەوە) بۆ بنیادنانی شارستانیە مەزنەکان و کۆمەڵگە ئاست بەرزەکان، راهێنانی تاك لەسەر ئەم تەکنیکە بەشێکە لە بنیادنان ودروستکردنی ورێکخستنی عەقڵییەتی شارستانی ومەدەنی، بەشێکە لە رزگارکردنی لە کۆیلەیی بۆ خودی خۆی وکۆمەڵگە وتاکیتر.

رۆشنبیریی عێراقی دووچاری کۆمەڵێکی زۆری تەجاوزکاران بووە لەسەر زەمینەی فلیڤانی، ئەم کۆمەڵەش رۆژ بەڕۆژ وەك ماکێکی شێرپەنجەیی زیاد دەکات، بەتایبەتی لە جەستەی شانۆی عێراقیدا، نە دەتوانن پاشەکشێ بکەن، نە دەتوانن دان بەهەڵەکانیاندا بنێن.

نامانەوێ خۆمان بکەین بەخاوەنی رۆشنبیری وشانۆی عێراقی و فلیڤانی و، بڵێین ئەمە فلیڤانە و ئەمەیان نەخێر، چونکە ئەمە بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە.. مێژووش لێناگەڕێ کەس لەم هەڵسەنگاندنەدا بەشداری بکات، چونکە ئەو وەك شمشێر تیژە، پێوانە وئەندازەکانی خۆی بەدەرناخات تەنیا بۆ ئەو کەسانەی (سروشت) ی هاوڕێی دەست نیشانیان دەکات، چونکە




ئـەو کەسـانەی ڕێگـەیان بـەخۆیان داوە تـەجاوز لەسـەر زەوی فلیڤانیـدا بکـەن، بەڵکو تاوانی سروشت ومێـژووە. کـەوابوو بۆچی تووشبووان و تـەجاوزکاران لەسـەر زەوییـەکانی فلیڤـانی تـووڕەیی و تۆڵـەیان ئاراسـتەی قـەدەری مێژوو و سروشـت لـە لایـەکو! لەلایـەکی تـرەوە ئاراسـتەی دەبـەنگیان لـە هەڵبژاردنـدا ناکەنـەوە، ئەمە بەهۆی کزبـوونی ئازایـەتییان لەسـەر خوێندنەوەی خودی خۆیـان و تواناکانیـان وشوێن پێیان لە نەخشە ڕێگەی بنیادنـان، بـۆ ئـەوەی بـبن بەدڵـسۆزی خودیـان و کۆمەڵگـەکانیان! ئەگـەرە خـستنە بـەر ڕێگـەی فلیڤانـان، ئەوانـەی جیـاوازبوونی خۆیان لە سروشتەوە وەرگرتـووە، گرفتی هەڵەکردنەکـەیان لـــە هەڵبژاردنەکـــەدا چارەســـــەر ناکـــــات، چارەســـــەری هەسـتکردنیان بەنائومێـدی وخـۆ بەکـەم زانینیش ناکات، تەنانـەت خـەریک کردنی فلیڤانان بەقـسەی پڕوپـووچ وهەڵبەسـتراو وراوکردنــی هەڵــەی بــچووک هیــچێک لــە بۆشاییە گەورەکانی ڕۆحیان پڕ ناکاتـەوە. چونکە گرفتی ئەوانە بۆ هەڵبـژاردنییان بـۆ ڕێگەی هەڵە وتەجاوزیان لەسـەر زەوییـەک هــی ئــەوان نییــە دەگەڕێتــەوە، ئەمەیــە هانیـــان دەدات بـــەبێ ئاگـــابوون بـــۆ دروستکردنی وەهم و دژایەتیکردنی ئاشە هـەڵکۆڵین وبەجێهێـشتنی شـوێن پەنجـە لەسـەر جەسـتەی مێـژوو، پێویـستی بـە بەهرەیـە ئینجا بـەلێزانین وجیهـانبینی و کارامەییەکی بێهاوتا و توانایەکی بـەرز لـە هەڵکۆڵین، ئەمەش لەخۆیەوە نایەت.

ئایا کەس لـە ئێمـە هەیـە وەك سامانێکی نیشتیمانی دان بـە بـەهرەدا نـەنێت؟ ئـەو خەلاتەی سروشت بەبێ پرسیار و بەبێ هۆ دەیبەخـشێت، کـە لـە دوارۆژدا لـەڕێی پاڵپشتی و خۆبەخاوەن کردنـەوە دەبێتـە سـامانێك. جـا ئەگـەر هـاتوو سروشـت و مێــــژوو هــــاورابن لــــە هەڵبــــژاردن و دەسنیشانکردندا، کەواتـە تـاوان تـاوانی فلیڤانان و بەهرەمەندان نییە بۆ شکستی





هەواییـەکان، بەتایبـەتی ئەوانـەی خۆیـان لەپـشتی هەنـدێ بـەناو ڕۆژنامـەنووس دەشارێتەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسە بێ عەقڵ وپیاهەڵدەرانـە بـۆ شکـستکاران، کـە بـە پاڵپشتی وڕێنومـایی ئـەوان دەجوڵێنـەوە، ئـەم جـۆرە پرۆژانـە مـەخابن هـیچ لـە ئازارەکـانی کۆیلایـەتی وپـەراوێزبوون بـۆ دەسـەڵاتی هەڵبژاردنـە هەڵەکـەیان کـەم ناکاتەوە، تەنانـەت بـا سـەدان کاریـانیش کردبێــت یــاخۆ دەیــان پلــەیانیش وەرگرتبێـت، چـونکە ئاشـکرایە بـۆ ئـەو کەسـانەی ئاگایـان لـە مێـژووی شـانۆی عێراقی هەیـە، کـە کەسـانێك هـەن دەیـان کاریـان نووسـیوەتەوە وکـردووە، کەچـی مێژوو ئـاوڕی لێیـان نەداوەتـەوە، چونکە مەسـەلەکە پێوەنـدی بـە کـارەوە نییـە، بەڵکو پێوەنـدی بـەجۆری کـارەوە هەیـە، پێوەندی بە بەڕێوەبردنـەوە نییـە، بـەڵکو بەچۆنێتی بەڕێوەبردنەوە هەیە وپێوەنـدی بەمێـژوو وسروشـت وجـۆری دەسـت نیشانکردنی کـارەوە هەیـە، بەڵگـەش بـۆ ئەوە، هەسـتی غـەریزی ومـەعریفی لـەلای ژمارەیـەکی زۆری ڕۆشـنبیران ونووسـەران لــەم ڕۆژانــەی دواییــدا بردیانییــە ســەر ورووژانــــدنی کۆمــــەڵێك پرســــیار وشــــك وسەرسـڕمان بـۆ ئـەو خەلاتانـەی دەدرێـن لەسـەر ئاسـتی هەڵـسەنگاندنی نـاوخۆیی

وهـەرێمی ولەسـەر ئاسـتی دیمانـەکانی نـاو ڕۆژنامـەکان، چـونکە ئـەم هەڵـسەنگاندنانە لەگەڵ سروشت ومێژووی ئەمانەدا دژیـەکن. ئـەم پرسـە زۆر هـەراو قـسەی لـە مەیـدانی هونەردا نایـەوە، تەنانـەت ئـەو کەسانەشـی گرتەوە کە هیچ پێوەندییان پێیەوە نییە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا پرسـیارە سـەرەکییەکە سەرسام دەمێنێ، کە کەس نایـەوێ ئـاوڕی لــێ بداتــەوە، چــونکە خــەریکبوونی شانۆکاران بەبڵاوبوونـەوەی هەوکردنەکـەوە پرســیاری بــوونی شــانۆکاری ڕەســەنی شاردۆتەوە، ئـەویش: ئایا شـانۆی عێراقـی خەریکی دووبارە چاککردنەوەی ڕۆشـنبیری و بنیادنانـــەوەی مـــرۆڤ و دووبـــارە ئامادەکردنـــەوەی وخـــستنەوەگڕی بـــۆ دەربـــازبوونی لـــە دەلۆکـــانی شـــڵەژان و مامەڵـەکردن لەگـەڵ پێـشهاتەکانی دوارۆژ وداودەزگـەکانی و گۆڕانکارییـەکانی یـاخۆ نا؟ یاخۆ ئایا کەسێك ئەسڵەن دەیەوێ ئـەم پرسیارە بکات؟ نامـەوێ وەڵام بدەمـەوە، چونکە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە، کـە خـۆکرِ کردنێك لەئاستیدا هەیـە ئاشـکرایە، یـانیش بـۆ یـەکجاری ئـەم پرسـیارە لـەناو بـرا، بەگۆڕینەوەی بەلایـەنی وەزیفـەی ڕەسمیـی شــانۆ، نــەوەکو بەلایــەنی بنیادنانــەوەی ڕۆحی مرۆڤ، کـە تـژە لـە دەلۆکـانی جـەنگ وئـێش وئازارەکـانی کۆمەڵایـەتی. شـانۆ




مشووله بەلایەنی سادەیی بەڕێوەچوون وکاری پەرت و بڵاوی ناکارامە بەهۆی تەجاوزکاران، کە شانۆیان داگیرکردووە ودووریان خستۆتەوە لە ئامانجی سەرەکی





خۆی (هەر ئەمەش داواکراوە) ئەمەو سەربازی لایەنی دەرۆزەکردن لەبەردەم دەرگەی بەرپرسان، کە بووە هۆی لەناوبردنی ناسنامەی خودی شانۆی عێراقی، وەك کیانێك گرەو لەسەر بنیادکاری و تەحەداکردن وبەرپرسیارێتی دەکات، وەك بەشداربوویەکی سەرسەخت و دروستکاری بڕیار وخاوەن جیهانبینی وهەڵوێست بۆ دەربازبوون لەو گرەوە، بەبێ ئەوەی ببێ بەسواڵکەرێکی سەلبی پێش دەرگەکان، لە کاتی پێویست وریکلام کردن بانگی بکەن بۆ ئەوەی ئەوەی خوا بەقسمەتی کردووە بیخەنە نێو دەستی بۆ ئەوەی شانۆکارەکەش مل بۆ ئەو خاوەن نیعمەتە کەچ بکات، کە فەرمانبەری ئیدارەکەی و خاوەن فلیڤانییەکە لەیەك جیا ناکاتەوە. نامەوێ زیادەڕۆیم لە پێشبینی نەرێنیم بۆ دواڕۆژی شانۆی عێراقی، بەشێوەیەك تەنانەت کۆمبارسیش لەگەڵ رێزم بۆ کارەکەی لە دواڕۆژدا داوای خەڵاتی دەرهێنان ونواندن وئەفراندنی هونەری دەکات، ئەمەش بەهۆی نا ئامادەگی داب و نەریت و پێگەکان. سەروەری پێوەندییەکان و واسیدە وخزمایەتی توانایەکی بەهێزی هەیە لە کوشتنی بەهرە وپیشەگەری و زانستی، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پاشەکشێی مامۆستایان وبەهرەمەندان چونکە ناتوانن لەهەمان کاتدا ئەفراندن وجنێودان بکەن.

تووشبووان بە تەزویرکردنی فلیڤانی و تەجاوزکاری مەرجەکانی پیشەگەریی بەرزیان تێدایە بۆ دروستکردنی وەهم و درۆکردن، توانای ئەوەشیان هەیە گەورەترین تەنازولات بدەن لەسەر حیسابی وردترین ئاکار وبەهاکان، تەنانەت دەتوانن سیاسەتمەداران وئیدارییەکانیش تووشی ئەم یارییە بکەن، ئەمە نەگبەتییەکی کۆمبارسی شپرزە وتووڕەیە لە بەهرە، ترساوە لە لەعنەتی هەستکردن بە لاوەکی، بەتاو تەکان بەرەو شاردنەوە دەدات بەهەموو شێوازەکانەوە (شێواز پاساو بە ئامانج دەدات) ئامادەیە باز بەسەر شان وسەر وملدا بدات بۆ گەیشتن بەرپزی پێشەوە، لەرێی پاشەقول وپیلانگێران وخۆشاردنەوە وماستاو گرتنەوە وکاربەڕێوەبردنی بۆ ئەم وئەو، ئەمە هەستێکی سەختی کۆیلایەتییە، ئاڵۆدەی تۆڵەسەندنەوە لە خاوەن بەهرە دەیگێڕێت، تێدەکۆشێت بۆ شەرعییەتدان بە نابەهرەدار بەتێکەڵکردنی وەرەقەکان بەهەموو شێوازێك، بەبێ شەرمانە، بەخۆهەڵکێشان بەخاوەن دەسەڵاتەکان، ئەمەش چەسپاندن و تەسککردنەوەیە بۆ بازنەی کۆیلایەتییان،

بەئاگابوونی خۆیان یاخۆ بەبێ ئاگایی خۆیان، بۆ شاردنەوەی تووشبوونیان وتەجاوزکردنیان لەسەر زەوی خەڵکانی تر، ئەم پێوەندییانە، ئەم گەندەڵیی داوودەزگەییانە بوون هانی دام شانۆگەرییەك هەڵبژێرم بەناونیشانی (دەسەڵاتی دەق) لەسلێمانی نمایش کرا، ئەم شانۆگەرییە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی خۆمە، لە بەهێزترین شانۆگەری وەرگیراوە بەناوی (لسترنبیرخ) وەك بەشێك لە پرۆژەی شانۆییم، باسی چرکەیەك لە ژیانی دوو ئافرەت دەکات کار لە فلیڤانیی شانۆیی دەکەن، یەکێکیان جوانی وبەهرە وچالاکی هەیە، ئەوی تریان ئەم خەسڵەتانەی نییە، بۆیە دەسەڵاتی شکستبوون و وشکی و نەبوونی بەسەریدا زاڵ دەبێ، هەست دەکات ئەو داوای لەسەر نییە، بۆیە هەوڵ دەدات وا بۆ خەڵکان بنوێنێ، کە ئەو داوای لەسەرە، ئەمەش دەیگەیەنێتە ئەنجامی مردن لەژێر کاریگەری دەسەڵات ودەقی نەبوونیی بەهرە، بۆیە، لەکۆتاییدا پاڵەوانەکە دەمرێت، چونکە مشوول بوونی بەداکۆکی کردن لە شکستییەکەی بە زۆر بلێی دەیگەیەنێتە کۆیلایەتیەك خودی خۆی تێدا بەند دەکات، ئەمەش بەبۆنەی ئەوەی چارەنووسی بەهرەی ئەوی تری بەندکرد. بەڵام گرفت وکرۆکی سەرەکی لەم نمایشەدا لێرەدا تەواو نابێ، بەڵکو بازدەدات بۆ مشووربوونی تەنانەت پاڵەوانە بەهرەدارەکەش بەئێش و ئازاری پاڵەوانە شکست خواردووەکەوە، بەهۆی تێکهەڵچوونی دەسەڵاتی دەق و واقیع، بۆیە بەهرەکەی بەند دەکات وتووشی هەمان نەخۆشی دەبێ، ئەم نەخۆشییەش بۆ جەماوەر دەگوازرێتەوە، بەهۆی نا ئامادەگی داب ونەریت وپێوەرەکان ژیانیش بەند دەکات، ئەو پێوەرانەی ناو بۆ شتەکان دادەنێت، کردارەکان دابەش دەکات، بۆ برەودان بەڕەوڕەوەی ژیان بەرەو پێشەوە، لە ڕێگەی ناسینی هەر کەسێك بۆ خودی خۆی وهەڵسەنگاندنی پێگەکەی خۆی، چونکە نا ئامادەبوونی ئەو پێوەرانە زۆر کەس هان دەدات بەشێوەیەکی هستیری مامەڵە لەگەڵ هەست وهزریاندا بکەن، لەئەنجامدا دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێك بەیەکسانی ئازار وئەشکەنجەی هەمووان دەدات، خۆشی لە ژیان دەدزێت.

بۆیە، کاتێك تەماشای بەرنامەی بەهرەمەندان لە کەناڵە جیهانییەکاندا دەکەین، دەبینین هەزاران بەهرەمەند بە بەهرەکانیانەوە بەشداری لەم بەرنامانەدا دەکەن، بەڵام دەستەی دادوەری بەرنامەکان ئامۆژگارییان دەکەن بەگۆڕینی هەڵبژاردنیان بۆ بەهرەکانیان، بۆ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە نەبێتە ڕەفتارێکی نەخۆش، چونکە دواجار دەبێتە هۆی رووخاندنی ژیانیان وژیانی ئەوانەی دەوروبەریان، هەڵبژاردنی بەهەڵە بۆ کات وشوێنی هەڵە دەبێتە سەرچاوەی ئازار وکۆیلایەتی وگاڵتەپێکردن.

ئێمە لەبەردەم ململانێیەکی سەختداین، مەبەستم خاوەن بەهرەکان وجیهانبینەکانە، کە داواکراون بۆ چارەسەرکردنی هاوەڵەکانمان، کە زیادەڕۆییان کردووە وشوێنی هەڵەیان هەڵبژاردووە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و دوارۆژیان، بەوەی بەهەمان ئازایەتیی ئۆدیب دووبارە خودی خۆیان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بەپەندی بەشداربوونیان لە ژیاندا دەربچن، بۆ بنیادنان، نەك رووخاندن، چونکە بەهرە بەخشراوێکی دەرەکییە، ئەوەی نەیبێت نابێ وەهمی بوونی بۆ خۆی دروست بکات، چونکە ئێش و ئازاری بۆ بەجێ دەهێڵێ، هەموو داودەزگەکانی ژیانیش دەگرێتەوە وریگریی دەبێت لەبەرەو پێش چوونی بەرەو دوارۆژ، رەنگە لێرە بەهرەی خۆت نەدۆزیتەوە، بەڵکو لەشوێنێکی تر بیدۆزیتەوە، لەبەر ئەوەی تۆو تەنیا لەو خاکەی بۆی دەگونجێت دەڕوێت، ئەگەر لەخاکێکی تر بیچێنی بۆگەن دەبێت.

با ناوەکانیش بەناوی خۆیان بانگ بکەین، دەبێ جیاوازی لەنێوان سواڵکەری سیاسی و زانستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە یاخۆ دیبلۆماسییەتی راستەقینە بکەین، لە نێوان سواڵکردن لەسەر فلیڤانی و بەگڕخستنی فلیڤانیی راستەقینە، لەنێوان سواڵکردنی ئیداری و فلیڤانی ئیداریدا، لە نێوان سواڵکردنی ئەکادیمی و ڕێکخستنی ئەکادیمیدا بۆ وێنەکێشانی ستراتیژییەتێکی راستەقینە بۆ دروستکردن وبنیادگەری.

بەهەر حاڵ پەند وئامۆژگارییە مێژووییەکە هەر بەردەوامە "شکستی خۆت لە شوێنی هەڵەدا تووش مەکە" و دانان بە شکستی هەڵبژاردنێکی دلێرانەیە بەرەو (ناسین و گۆڕین) نهێنی ئەم تەکنیکەش تەنیا پسپۆرانی هەیکەلی درامی دەیزانن.

تێبینی: ئەم نووسینەی شانۆکاری عیراقی (د. هەیسەم عەبدولڕەزاق) بەتایبەت بۆ گۆڤاری شانۆکار نێردراوەو هاوکارمان (جومعە جەباری) کردوویەتی بە کوردی



**یوسف عوسمان**

# دیسان قەیرانی شانۆ

نەشارەزای و لە یەکتر جیانەکردنەوەی قەیران لە لایەك و گیروگرفت و کێشەکان لە لایەکی تر و تێکەڵکردنی ئەم دوو لایانە دەبێتە هۆی خراپی لە دارشتنی پیلان و بەرەنگار بونەوەی هەر قەیرانێك ئەم بۆچونەش قەیرانی شانۆ دەگرێتەوە، چونکە لەم باوەرەدام هۆکارەکانی قەیران لە زۆربەی کاتەکان هەمان قەیرانن جا با بوارەکان جیا بن, چی قەیرانی رامیاری یان ئابوری یان هەرکێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت, بێگومان ئەو قەیرانە بەرەو خراپ بوون و وێرانی زیاتر دەکشێت لەو کاتەی کە پشت گوێ دەخرێت و گرنگی تەواوی خۆی پێنادرێت, جا چی باس لە بابەتێك بێت کە مێژووی بۆ دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ بگرێتەوە تا ئەم ئاستە لە ناو ئێمەدا بە کێشەیەکی هەند هەڵنەگیرێت. رونە هەرکێشەیەك بە هەڵواسراوەی بمێنێتەوەو مەلەفی کاری دانەخرێت وەك ئەوە وایە نەخۆشێك بێرێنمای و بێ دەرمان واز







لێبهێنێت وبیدەیتە دەست قەدەر وخەریکی دوعا کردن بیت بۆی. هەست دەکەم ئەو قەیرانەی ئەمرۆ لە ناو خۆمان دەیلێینەوەو کردومانە بە بنێشتە خۆشەی سەر زارامان ئەو نەخۆشەیەو خەریکین بە نوشتە چاکی بکەینەوە.

قەیران چییە؟ بریتیە لە بارێکی شلەژاوبۆ بوارێك لە بوارەکانی ژیان و رازی نەبوون بە بونی ئەو بارە و نەگونجانی لەگەڵ سەردەم وئەویش دوور نیە بۆ هۆی ئەم رێگرانە بێت, کە دەبنە رێگر لە بەردەم گەیشتنی بە ئامانج. زۆر کاتیش یەکێك لەم هۆکارانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە فاکتەری رێگر بۆ کەس دەگرێتەوە ئەو کەسەش لە هەر بونێك خۆی بنوێنی, بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێن بوونی شانۆ بریتیە لە فاکتەرێکی ترسێنەر لە سەر وجودی کەسی رێگر. (ئەم بێبەرنامەییەی ئەمرۆی شانۆ زۆر کەسی رێگر تێیدا سودمەند بوون). نابێت ئەوەش لە بیر بکەین زۆر کات گۆرانکاریەکان بە تایبەتیش بارودۆخی سروشتی و دەست کردیش دەبنە هۆکاری سەرەکی لە دورست بوونی قەیران, بە تایبەتی کاتێك کە کۆمەڵگا ئامادەباشی روبەروو بونەوەی ئەم گۆرانکاریەی نەبێت, دیارە ئەم بارودۆخەش لە سەر گۆرانکایەکانی



کۆمەڵگای کوردەواری رۆڵی خۆی بینیوە, سەرەتا ئەم قەیرانە لە دوای راپەرین دەستی پێکرد پاشان لە شەری برا کوژی بە تەواوی جێگای خۆی قایم کرد لە بواری شانۆ, ئەمەش بوو هۆی ئەوەی تا ئەمرۆ ئەم قەیرانە بەردەوام بێت لەگەڵ بوون ونمایشکردنی دەیان شانۆگەری ساڵانە لە شارەکانی کوردستان, نەك هەر کوردستان بەڵکو لە دەرەوەی سنوریش میوانداری گروپە شانۆیەکان دەکرێت و گروپی شانۆی کوردیش لە هەرێمەوە کەم وڵات ماوە نمایشی خۆی تیادا نەکردبێت, گەر وایە قەیران لە کوێیە؟ ونکردنی ئامانج (ئەمرۆ ئامانج لە نمایشی شانۆگەریەکان چییە؟!) نەمانی ئامانجێك لە کردنی هەر کارێك دەبێتە مەسەلەی پاشاو کابرای خاوەن دەرزی.

زۆربەی ئەم شانۆگەریانەی ئەمرۆ وەك میزڵدانی پف دراو دەیان بینین لەم شانۆگەریانەن کە بێ ئامانجی پێشرەوایەتیان دەکات, رێگر رێگایان پێدەدات کە بەم جۆرە نمایش بکرێن, وا بزانم ئەمەش قەیران لە بواری بینەر دروست دەکات. (باسی بینەری سی دی لە لایەکو وشە فرۆشان ناکەم چونکە هەست دەکەم ئەمان ناکرێت ناوبنرێن شانۆ) شانۆ بە تەنیا شیعرێکی عاتفی یاخود فکرێکی وشك نیە کەی بتەوێت لە هەر کات و شوێنك بیکێشیت بەروی بینەرو دەست







بکەیت بە یاری سۆزبازی لە گەڵ بینەر. بینەر بونەوەرێکی خاوەن عەقڵەو هەڵوێست بەرامبەر روداوەکان وەردەگرێت و خاوەن بریارە. لەبەر ئەوەی شانۆی سۆز ئامێزانەی هەست بزوێنەر لەم سیاسەتمەدارە دەچێت کە ناتوانێت چارەیەك بۆ کێشە سەردەمیەکان بدۆزیتەوە بۆیە پر دەداتە کارەساتە بەسەرچوەکانی خەڵك لە رێگایانەوە هەموو کات برینەکان دەکولێنەوە هیچ چارەسەرێکی سەردەمانەیان بو ئێستای زیندو نییە بە قەد ئەوەی بە سەر تەرمی رابردوو خەڵك دەگرێنن.

باشە گەر وایە کێشەی ئێمە لە کوێیە؟ دوو لایەن هەیە ئێمە لە بواری یەکێکیان لایانی پیشەسازییە لە بواری شانۆ تا چەند ئێمە پێویستیە تەکنیکیەکانی شانۆمان هەیە لە هۆڵی شانۆ بگرە هەتا دەگاتە بچوکترین پێویستی سەر تەختەی شانۆ لە هەموو بوارەکانەوە. لایانی دووەم لایانی مرۆیی, چەند کەسمان هەیە لە بەرپرسیی یەکەمەوە بگرە تا دەگاتە ئەو کەسەی بەردەستە لە کردەی شانۆیی؟ ئایا چەندیان لە مرۆڤی گونجاوی شوێنی گونجاو بۆ ئەو کارە ؟ ئەمانە قەیرانی گەورەنیین؟!!!!!!.

کوان ئەوانەی ئەم شوێنانەیان گرتوە؟ کوا بۆچونە پێشکەوتوخوازەکانیان؟ کوا داهێنانەکانیان لەم بوارە؟ دوا پەرتوکی شانۆت خوێندۆتەوە کاکی وەزیر؟ هیچ پرۆژەیەکت لایە بۆ شانۆ جگە لە پرۆژەی واستەکانی وەزارەت و خزمو خزمایەتی هاوریێ و هاورێیایەتی. ئەی ئێوە بەرێوەبەرۆکەوە و مەرێوبەرۆکەو بەرێوەبەری گشتی مەرێوبەری گشتی و خەبیرو مەبیرەکان پرۆژەکانتان چیە لە زیاتر رێکەوتن لە گەڵ چەند سەلەفێکی بە ناو هونەرمەند بۆ ئەوەی سەفقەێکی تری هونەری لە سەر حیسابی مافی هونەرمەندان و زەوقی بینەری شانۆ بکەن. ئەمانە قەیران نیین؟؟!!!. (خوایە بوجەی ئەم ساڵ نەێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە سەفەقانە نەمێنن ئۆ خوایە لۆ خاتری هەر ٤٤هەزار پێغەمبەر مالیکی یەك فلستان نەداتێ).

کارەسات ئەمانەیە جا گەر کارەساتی وا قەیران دروست نەکات , ئەی چی دروستی دەکات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کارەسات قەیران نیە, بەڵکو قەیران یەکێکە لە بەرهەمەکانی کارەسات, بە واتاێکی تر بوون و کۆبونەوەی هەموو ئەو کێشانەو نەزانی و نا عەدالەتیەی کە هەیە



بۆتە هۆی ئەم قەیرانی هەر یەکە بە ئارەزوی خۆی بۆ هۆیێکی دەگێڕێتەوە, بیَ ئەوە تواناى ئەوەی هەبێت بلێت تۆی تۆی ڕێگر هەی کەسی نەشیاوی شێوی شیاو.

ئەی قەیران ئەوە نییە ئەم هەموو هۆڵی ئاهەنگانە ئەم هەموو باڵەخانە ئەم هەموو ڤیلانە ئەم هەمووهەموو هەمووە دەکرێت لە چاو نوقانێك, کەچی هۆڵی گەل لە







هەولێر توشی نەخۆشی درێژخایەنی نوێژنکردنەوە دەبێت و چارەسەر نەکرێت! دەڵێم ئەمە قەیرا نییە؟؟!! زمان دەکەنەوە دەڵێن شانۆ قەزییە, ئەی کە نەما نامێنێت, شانۆ بریتیە لە کۆمەڵێك کێشەی مرۆیی بە هەموو لایەنێکەوە, کاتێکیش ئەم قەزیانە کۆنترۆڵ دەکرێن بەشێوەی دەست بە سەر داگرتن و ڕێگا لە بەر دەمگرتنی ئیسارەکردنیان ئەوە بێگومان ئەو کاتە قەزیەکە دەگواسترێتەوە سەنگەری ئەوان, ئینجا چی دەبێت ئەگەر بە ناو شانۆکاران قەزیەکەیان لە بەر دەستی خودی ڕێگرەکان بێت و ئەوان بە ڕێوەی ببن. برا قەیران لە خودی خۆماندایە, قەیران لە بێدەگی خۆمان لە بیَ مەوقیفی خۆمان دایە, ئەوەتا شانۆ لە جیاتی ئەوەی لە دەست شانۆکاردا بێت بریای چۆنیەتی کارکردنی بدات و عەقڵ بەڕێوەی ببات, کۆمەڵە کەسێك بە کارلێکردنی سۆزی و خزم و خزمایەتی و قازانجی کەسایەتی بریارەکان دەردەکەن و هەرچی بەڕێوەبەرو وەزیر و پلەداری حزبی هەن دەست لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شانۆ دەکەن, بێگومان لە بواری خەرجیەکان, ئاخر برا دەبێت شانۆگەریەك بوجەکەی چی بێت لە کاتێکدا بە بازگەی گەندەڵی شەش فەرمانبەر تێپەر بێت, لە گەڵ ئەمەشدا بە ناو شانۆکار هەیە لە گەڵ هەر شانۆگەریەك مۆدەی سەیارەکەی دەگۆڕێت.

بە بۆچونی من قەیران لەم بارو دۆخانەیە نەك لە نەبونی هونەرمەندو دەق و هۆڵی شانۆش,بێگومان چارەسەرەکەشی هەر لە دەستی خودی هونەرمەند خۆیەتی, کە هەرگیز چارەی ناکات بەم شێوە بێدەنگەی ئەمرۆ .



شكۆ عومەر ..

# نەوە کۆیرەکانی شانۆی کەرکووک

*ئەم ووتارە پێشکەشە بەو پانزە شانۆکارەی کە نوێنەرایەتی شانۆی کەرکوکیان کرد لە دیداری شانۆی کورد لە هەولێر

کاتێ کە سەرقاڵی پڕۆڤەین لە شوێنە مێژوویی و نا شانۆییەکاندا، کاتێ سەوداسەرین بە شوێن ئیکتیشافات و دۆزینەوەی نوێ لە تێز و ڕووانینە کۆن و باوەکانی شانۆ، کاتێ خۆشی و ڕەفاهیەتی ژیان وەلا دەنێین و کاتەکانی خۆمان دەبەخشینە شانۆ، کاتێ قورسی و نەهامەتییەکانی ژیان وەلاوە دەنێین و شانۆ وەك دەلاقەیەك دەبینین بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە لە پیسەییەکانی ژیان کە ئەشێ دواجار ئەو پیسییانە ڕۆحمان بخۆن.لە هەموو ئەم کاتانەدا بیر لەوە ناکەینەوە ببین بە نوێنەر و ئاڵاهەڵگری شانۆی شارەکەمان، بەڵکو شانۆ بۆ ئێمە کایەیەکی مەعریفییە و ئەمانەوێ تەواوی زانیاری و پسپۆرییەکانمان لەو بوارەدا چڕ بکەینەوە ئیدی تەنها وەك هونەرێکی موجەرەد بۆی نەڕوانین بەڵکو ئێمەش وەك زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بیکەینە زانستێکی تایبەت و پرۆفیسۆر و بیریاری





خاوەن تێزی تیا بەرهەم بهێنین و دانشگای بۆ تەرخان بکەین .

دەنگێك لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوکەوە

هەوڵەدەم ئەم ووتارە تەرخان بکەم بۆ قسەکردن و پرسیارکردن لەبارەی بیرکردنەوە و ئیشکردنی سێ نەوەی شانۆی کەرکوك ئەوانیش نەوەکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ نەوەکانی نەوەدەکان و لە کۆتاییشدا ئەو نەوە نوێیەی لە دوای دووهەزارەکان و بە تایبەتی ئەوانەی کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە قەدەر یان تەهەورات یان (حەز و ویستی مەعریفە ! !) هێنانیە نێوەندەکەوە کە سەرگەردان سەرگەردان لە نێوان ئەمر و وەعزەکانی نەوەی کۆنی سەلەڤ دێن و دەچن و هەرچەند دەکەن ناتوانن شوناسێکی تایبەت بە خۆیان بدۆزنەوە و ببن بە خۆیان. هەروەها بەشێکیشی تەرخان بکەم بۆ قسەکردن لەسەر دوایین کۆبوونەوەی شانۆکارانی کوردستان لە ژێر ناوی دیداری شانۆی کوردی کە لە شاری هەولێر بەستر.

نەوەی حەفتا و هەشتاکان:

ئایکۆنە دیارەکانی ئەم نەوەیە بریتین لە چەند ناوێك (سەلمان فایەق، فازڵ جاف، جەلیل زەنگەنە، جیهاد دڵپاك، عەلی کەریم و .....هتد) کە بە هەڵە و بە قەدەر بوونەتە شانۆکار و بە هۆی ئیشکردن لەسەر ئەو جۆرە شانۆیەی کە ختوکەی عاتیفەی بینەر ئەدات وایان کرد کە ببن بە دۆنکیشۆتی شانۆی کەرکوك و بۆ ماوەی سێ تا چوار دەیە خاوەنداریێتی شانۆی شارەکە بکەن لە شوێن و کۆبوونەوە فەرمیەکان بە بێ ئەوەی کە بۆ ساتێکیش لە خۆیان بپرسن ئایا کامەیە ئەو شانۆ جدییەی کە ئەو بەرێزانە لە ئەرشیفی شانۆی خۆیاندا شانازی پێوە دەکەن؟ کارەساتەکە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە ئەم نەوەیە شانازی پێوە دەکەن و هەمیشە وەك فەزڵێکی گەورە باسی دەکەن و پێمانی دەفرۆشنەوە کاری درامی و تەلەفزیۆنین و کەم تا زۆر پەیوەندییان بە شانۆوە نیە تا ئەوان وەك شانۆکار پێیان بناسرێن! هەڵبەتە باس لەو جۆرە ئیشکردنانە نیە کە زیاتر خۆی لە جۆری شانۆی قوتابخانە دەبینیەوە و بەوپەڕی سادەییەوە کاری لەسەر دەکرا، چونکە ناکرێ ئەو جۆرە ئیشکردنانە لەسەر ڕەوتی شانۆی جاد ئەژمار بکرێ چ جای ئەوەی کە ئەو ئیشکردنانەی ئەوسای کەرکوك کە لەوپەڕی ئاست نزمی و هەژاری تەکنیکیەوە پێشکەش دەکران بەجۆرێك پێموانیە لە ئێستادا خاوەنەکانی خۆشیان



و دروستکەرانی ئەو شانۆیانە لە روویان بێت لەسەر ئەرشیفی هونەری خۆیانی ئەژمار بکەن. تەواوی دەسکەوتی ئەم نەوەیە بریتیە لە چەند کارێکی حەماسیی نەتەوەیی و تەهەوراتی کە بە هۆی فیکە و چەپڵەڕێزانی جەماوەری نائاگا لە شانۆ، بوون بە شاکارەکانی شانۆی شار! کە ئەستەمە ئەم فەوزایە لەسەر شانۆ (بە مانا جدییەتەکەی) ئەژمار بکرێ بەوەی کە خودی کەسەکانی ئەوکاتەی نێوەندەکە کەمترین مەعریفەیان نەبووە لەسەر زانست و تیۆرییە تازەکانی شانۆی جیهانی تا کار لەسەر شانۆی جدی و ئەکادیمی بکەن! ئیدی پرسیار و گومانەکەی من لێرەوە دەست پێدەکات و هیچ کام لەو ئازیزانە لەژێر ئەم گومانە دەرناچن و ئەگەر ڕۆژێك نەوەیەکی بە ئاگا بۆ شانۆی کەرکوك دروست بێت و بیانەوێ کنە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی شانۆی شارەکەیان بکەن ئەبێ ئەم نەوە کۆنە زۆر بە رەسمی داوای لێبوردن بکەن لەوەی کە ماوەیەکی زۆر خۆیان بە شانۆکار زانیوە و شانۆشیان نەکردووە بەڵکو خەریکی بەتاڵکردنەوەی هاش و هوشەکانی ناخیان بوون!

نەوەی دووەم کە بە نەوەی نەوەدەکان پۆلێن دەکرێن لەم ووتارەدا

کەسە دیار و ئامادەکانی نێوەندی شانۆیی ئەو زەمەنە بریتین لە چەند شانۆکارێك کە خۆیان لە سیاقی چەند تیپێکدا ڕێکخستبوو و ئیشەکانیان بە شێوەیەکی







گشتی تەرخان کردبوو بۆ کارکردن لەسەر سەبتی کۆمیدیا بەڵام چ کۆمیدیایەك؟! ئەو کۆمیدیایەی کە سەد دەر سەد پشت دەکاتە جەستە و تەواوی ئیشکردنەکانی لەسەر وتووێژ و مەنەلۆژی لۆکاڵی و ناوچەیی چڕ دەکاتەوە بەمەش ئەگەر بینەرێك نابیست لەو نمایشە شانۆییانە ئامادەبوایە ئەبوو خۆی بە کارێکی لابەلاوە مەشغول بکردایە چونکە نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەك تەماس لەگەڵ نمایشەکە ببەستێ ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئەڵقەی وەصڵ لە نێوانیاندا.. بە پێی ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانەی لە بەردەستدان لە قۆناغی ساڵانی نەوەدەکاندا شانۆ لە کەرکوك لەپەری سستی و لاوازی ئاست نزمیدا گوزەری کردووە بەوەی شتێك نەماوە بە ناوی شانۆوە بەڵکو ئەوەی کە حزوری هەبووە و بە ناوی شانۆوە پێشکەشی بینەر کراوە تەنها دیاردەی شانۆیی بووە تەنها لە بازنەی هەندێ بابەتی کۆمەڵایەتیدا خولاوەتەوە بەبێ ئەوەی کە ئیش لەسەر گومان و پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤایەتی بکاتەوە و موخاتەبەی ئەقڵ و هۆشی بینەر بدات. هەڵبەتە ئەم لاوازی و ئاست نزمییەش ئەکرێ هۆکارگەلی جیاوازی لە پشتەوە بێت و ئێمە لێرە چەند هۆکارێك گریمان دەکەین. بۆ نمونە کە ئەشێ یەکێك لەوانە کارکردنی رژێمی روخاوی بەعس بووبێ بۆ نابوتکردنی شانۆی کەرکوك کە ئەم ئەگەرەیان تا رادەیەك لاوازە بەوەی کە شانۆی کەرکوك پێشتر بەرهەمگەلی دانسقەی نەبووە و شانۆیەکی موغایر نەبووە بەسەر شانۆی عێراقی و کوردیدا تا حکومەت بیەوێ ئەم شانۆیە نابوت بکات! گریمانەیەکی تر قورسی ژیانی تاکی کۆمەڵگای عێراقی لەو فەترە زەمەنییەدا بە هۆی ئەو دۆخەی ئەو کاتەی عێراقەوە کە وایکردبوو زۆربەی کایەکانی ژیان تا رادەیەك وەلا بنرێن و هاوڵاتی تەنها خەمی نانی بێت و بیر لە داهێنان نەکاتەوە و کەسی شانۆکاریش لەم دۆخە بەدەر نەبوو، بەڵام دواجار ئەو دۆخەش داهێنان و کاری سەرمەدی ناوەستێنێ و مرۆڤ دەتوانێ لە خراپترین دۆخی ژیانیدا هونەر بکات بە کلاوڕۆژنەی بینینی جوانییەکان و لەوێوە بەرەوە دونیای ئەبەدی و ستاتیکی هەنگاو بنێت و ئەگەر بۆ ئێستێکیش بێت تەپوتۆزی ماندوێتی دونیای فانی لە خۆی داتەکێنێ، بەڵام ئەمە کەسی بە ئیرادە و بە سەلیقەی دەوێت نەك کەسانی کورت بین و نەفەس کورت. ئەمیش بەهەمانشێوە تارادەیەك لاوازە. یەکێکی تر لە گریمانەکانەکان هەست نەکردنی

كەسەكانی نێوەندەكە بەوەی كە ئەوان كائینێكی شانۆیین و مەحكومن بەوەی كە بەردوام و بەر لە هەر شتێك شانۆكار بن و پرسیار و پرۆژەی جدییان هەبێ بۆ شانۆ و خاڵێك دابنێن بۆ ئەو تەهەوراتەی نەوەی پێشوو و لەسەری دێڕێكی تازەوە یەكەم پیتی شانۆیەكی جیاواز بنوسن، بەڵام چ جۆرە كەسێك ئەتوانێ ئەم كارانە بكات؟! ئەو كەسەی كە چەندین نمایشی شانۆیی لە چەندین ئاستی جیاواز بینیوە، ئەو كەسەی كە كاتێ قسە دەكات ئەوە ئەو نیە كە قسە دەكات بەڵكو ئەوە ئەو كتێبخانە گەورەیەی پشتیەوەیەتی كە وا دەكەن ئەم كەسە شانۆییە بەم جۆرە لەسەر شانۆ بدوێت، كەسێك دەتوانێ وابێ كە بەراستی خەمی شانۆی شارەكەی بێت و لە ناخەوە بناڵێنێ كاتێ دەبینێ هەندێ پیری كەنەفت و هەندێ منداڵ و مەزم بونەتە خاوەنی شانۆی شار و تا دێ ئەو وێنەیە زیاتر دەشێوێنن كە چەند گروپ و كەسێكی خۆنەویست بەردەوام كار بۆ جوانكردنی دەكەن...كە من بەش بە حاڵی خۆم ئەم گریمانەی كۆتاییم پێ لەوانی تر ڕاستتر و مەقبولترە.. هەڵبەتە بە پشت بەستن بە بەڵگەكان و چاوخشاندن بە بەرهەم و كەسەكانی ئەو قۆناغە.

نەوەی سێیەم گەنجەكانی دوای پرۆسەی ئازادی

ئەم نەوەیە زیاتر بە نەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەكان دەناسرێن بەوەی كە تەواوی كەسەكان و بەرهەمەكانیشیان لە دوای دامەزراندنی پەیمانگاوە دەردەكەون. بەپێی هەموو لێكدانەوە لۆژیكی و عەقڵیەكان بێ ئەبێ ئەم نەوەیە واتا نەوەی تازە جیاوازتر بێت لەوانەی پێش خۆی نەچێت و نەوەیەكی بە ئاگا و خەمخۆر بێت بۆ شانۆی شارەكەی كە دەرگای كەركوك بە تەواوی بەرەو شارەكانی تری كوردستان كرایەوە و ئەمەش دەرفەتێكی باش بوو بۆ تێكەڵ بوون و ئاگادار بوون لە ئەزموونە جیاوازەكان، كردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەكان، پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و دەسكەوتنی بە ئاسانی كە ئەگەر شانۆكار مەبەستی بێت ئەتوانێ بە تەواوی بیخاتە خزمەتی پیشەكەیەوە، ئەمانە و چەندین هۆكاری تریش كە ئەكرا بە هۆیانەوە ئەم نەوەیەی شانۆ وەكو نەوەكانی پێشووی خۆی نەبێت بەڵام نەك هەر وا نەبوو بەڵكو بە پێچەوانەوە هەندێك بیركردنەوە و ڕوانین لە ناو ئەم نەوە نوێیەی شانۆدا بەدیدەكرێت كە ئاماژەن بۆ دەركەوتنی نەوەیەكی پەككەوتە و سەلەفی و ئەقڵ بۆگەن بۆ داهاتووی شانۆ و





مەترسی دەخاتە سەر تەواوی كایە شانۆییەكە بە تەواوی ئەو ئەزموونە دەگمەن و جیاوازانەشە و كە تاك و تەرا لە لایەن سەربازە وونەكانی شانۆی شارەوە دەكرێن. !! نەخۆشییەكی كوشندەش لە نێو ئەم نەوەیەدا هەیە ئەویش پەتای غروری و لە خۆبایی بوونە لە دوایی بەشداری كردن لە چەند ئەزمونێكی خوێندكاریی پەیمانگا یان بەشداریكردن لە فیستیڤاڵە لۆكاڵییەكانەوە كەبە هۆی دەسخەڵەت دانێ چەند هونەرمەند و شانۆكارێكەوە گوایە وایان تێگەیەنراوە كە ئەوان نەوەی داهاتووی شانۆن و داهاتووی شانۆی وڵات لە دەستی ئەواندا دەبێت ، ئەم هاندانە موزیەفانەش وا لەو لاوانە دەكات كە سەركەشانە بۆ ئەزمونەكانی كرچ و كاڵ و ناشانۆییەكانی خۆیان بڕوانن و پێیان وابێ ئیدی ئەوان لە لوتكەدان و دبێ نوێنەرایەتی تەواوی شانۆكارانی ئەو شارە بكەن ئاڵاهەڵگر بن ئێستا دوای ئەوەی كە جەردێكی خێرامان بەسەر هەرسێ نەوەكەی شانۆی كەركوكدا كرد با بزانین كامانەن خاڵە هاوبەش و لێكچوو و خاڵە ناكۆكەكانیان، خاڵە هاوبەشەكانیان ئەوەیە كە هەر سێ نەوەكە بێ پرۆژەن و تەنها وەك حەز و خولیایەكی كاتی بۆ شانۆیان ڕووانیووە لەم خاڵەدا نەوەی تازە زیاتر قسە هەڵدەگرێ بەوەی كەدەرفەتی ئیشكردنیان پێدراوە و بودجە بۆ هەندێك لە نمایشەكانیان خەرج دەكرێت بەبێ هیج



معیار و پێوانەیەك ئەمەش وایکردووە کە ئەو گەنجە سەرەتایە وەکو غەنیمەیەك بۆ شانۆ و پرۆسەی شانۆ بڕوانێت هەمیشە شانۆ بە کەناڵێك بزانێت بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و سەفەرکردن و خواردن و مانەوەی چەند شەوێك لە ئوتێلە راقییەکان، کە هەموو ئەمانە لە قیەممە بالآکانی شانۆ ئەهێننە خوارەوە و وادەکەن کە بیر لە لایەنی ستاتیکی و مەعریفی شانۆ نەکرێتەوە لەبری ئەوە بیر لەوە بکرێتەوە چۆن و بە چ شێوەیەك کەمترین پارە لە ئیشەکە خەرج بکرێ و زۆرترینی بۆ کەسی یەکەمی ئیشەکە بگەڕێتەوە ! ! خاڵێکی تری هاوبەش ئەوەیە کە هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی گرنگی بە لایەنی تیۆری شانۆ نادەن و پێیان وایە کە شانۆ هونەرێکی پراکتیکە و هێندە پێویستی بە تیۆری نیە هەڵبەتە ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێ کە بە دەگمەن نوسەر، رەخنەگر، لێکۆلەرێکی شانۆیی لەناو شانۆکاراندا دروست نەبووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەو هاوڕێیانە بەشی ئەوە زانیارییان نیە تا لە کۆڕ و گردبونەوە هونەرییەکاندا حەقلە مەعریفە بتوانن چەند دێرێکی بێ هەڵە دەربڕن. ئەگەرش بمانەوێ قسە لەسەر خاڵە جیاوازەکانیان بکەین ئەوا هیچمان پێنانوسرێ چونکە هەموان هەر کۆپیی یەکترن بەبێ کەم و زیاد، لەسەر هەموو تەوەر و بابەتێکیش کۆکن و هیچکات رای پێچەوانە و دژیان





نیە ! ! ! مالۆێرانی شانۆی کەرکوك گەیشتووەتە ئەوەی کە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ لە سەر تەواوی بابەتەکانی و دنیابینیەکان کۆکن ئاخر شتی وا لە هیچ وێرانەیەکی ئەم کەونە ڕووی نەداوە کە دوو نەوە سەد دەر سەد کۆك بن جگە لەم جەنگەڵەی کەرکوك ! دواجار ئەوەی لای زۆربەی بەناو شانۆکارانی کەرکووك بەدی دەکرێ زیاتر خۆی لە تەهەورات و ژاوە ژاوێکی کوشندە دەبینێتەوە بەوەی کە هیچ شانۆکار و تیپ و گروپێك بۆ ساتێکیش بیری لە خۆی نەکردووەتەوە و نەیپرسیووە کە بۆچی شانۆ ئەکەن؟ ئامانج لە بەردەوام بوون لە شانۆ چیە؟ ئەلتەرناتیڤی ئەوان چییە بۆ شانۆی تەقلیدی؟ تخوبەکانی مەعریفەی ئەوان تا کوێیە لە فەزای فراوانی شانۆدا؟ کامانەن ئەو ئینجاز و دەسکەوتانەی کە ئەوان شانازی پێوەدەکەن لە مێژووی شانۆی کەرکوك .......هتد. لەگەڵ ئەمانەشدا حەق بە خۆیان دەدەن کە نوێنەری تەواوی شانۆکارانی شارەکە بن لە کۆڕ و کۆبوونەوە جدیی و جەدەلییەکانی شانۆی کوردی ! ! لە کۆتایدا حەزەکەم ئاماژە بەوە بکەم کەهەوێنی ئەم نوسینە بانگهێشتکردنی ئەو پانزە کەسە بوو بۆ دیداری شانۆی کوردی کە نوێنەرایەتی شانۆی کەرکوکیان دەکرد کە هەڵبژاردەیەك بوون لە هەر سێ نەوەکەی شانۆی کەرکوك تەنانەت لە نەوەی نوێ کەسی وا بانگهێشت کرا بوو کە تەنها خوێندکارێکی قۆناغە سەرەتاییەکانی پەیمانگایە و رەنگە قەرنێکی تری پێویست بێت تا ببێت بە شانۆکارێکی خاوەن هەستی مەسئولیەت، کەچی بانگهێشتی ئەو کۆبونەوە گرنگە کرابوو کە تێیدا باس لە تەواوی کێشە و نەهامەتییەکانی شانۆی کوردی دەکرا و ئەم مناڵە ژیکەڵەیە یەکێك بوو لەوانەی سێ ڕۆژ لە هەولێر خەریکی نیقاش و جەدەلی جدی بوو لە بارەی شانۆی کوردییەوە ! ! ! لەبەرامبەر ئەم مناڵەدا کەسێکی وەکو شانۆکار و لێکۆلەر(نیهاد جامی)بانگهێشت نەکرابوو بەو بیانوەی کە گوایە جامی بۆ زۆربەی فیستیڤاڵ و کۆڕە شانۆییەکان داوەت دەکرێت و بە قەولی خۆیان با ئەمجار کەسێکی تر سودمەند بێت لەو ئیفادە ! ! ! ! ئاخ لەو کارەساتە ئەم هاوڕێیانە وایانزایوە کە ئەوان بانگێشتی ئاهەنگی سەری ساڵ و کریسمس کراون و بیریان چووتەوە کە ئەوان چوون سێ ڕۆژ لە هەولێر لێکۆڵینەوە ووتاری جدی پێشکەش بکەن لەبارەی کێشەی شانۆی کوردییەوە ! ! !



عەواد عەلی

# شانۆی لالش..

## دەنگ بەو پێیەی سەرچاوەو بزوێنەرە بۆ جەستە

و: بونیاد محەمەد

لە ڤیەننا دەرهێنەری شانۆی عیراقی شەماڵ عومەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نیگار حەسیب قەرەداغی ئەکتەر ساڵی ١٩٩٨ لابۆری شانۆی لالش دادەمەزرێنن، بەو پێیەی نێوەندێکە بۆ توێژینەوەی شانۆیی و کولتوریی لێهاتوویی شانۆیی، ناوی لالش واتە ژیانێکی ڕوناککەرەوە، ئەوەش لەناوێکی کوردیی کۆن وەرگیراوە کە ئاماژەیە بۆ پەرستگای ئاینی یەزیدیەکان، ئەو لابۆرە کە بە گرنگترین کۆبوونەوەی شانۆیی کوردی لە خۆر ئاوا دادەنرێت، پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٩٢ شەماڵ ونیگار تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردیان دامەزراند، راستەوخۆ گەیشتنە نەمسا، کە لەو ڕێگایەوە چەندین نمایشیان لەشارەکانی نەمسا نمایشکرد، هەروەها لە ئەڵمانیاو هۆڵەنداو دانیمارك وسویسراو بەریتانیا، کە پەناهەندەیەکی کوردیی زۆریان لێیە.

بیرۆکەی دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالش





پاش ئەوە هات کە هەردوو دامەزرێنەرەکان شارەزاییان لە ئەزموونە شانۆییەکانیان وەدەست هێنا، ئەویش بە بەرکەوتنیان بەئەزموونەکانی شانۆی خۆرئاوایی، ئەوان گروپێکی جیهانین کە پێکهاتوون لەهونەرمەندانی کۆمەڵگاو کولتورە جیاوازەکانی وەکو کورد وعەرەب وئەڵمان ونەمساویی و فەرەنسی وئەوانیتر، نمایشە شانۆییەکانیان لەزۆربەی شانۆکانی دنیا پێشکەش کردووە، لەوانە شانۆی (دۆم بییێر) ی فەرەنسی و (گۆت هارد) ی سویسری و بەرلینی ئەڵمانی وئیکۆهامای یابانی، بەلاّم لە نەمسا زۆرترین چالاکیەکانی ئەو گرووپە جەختکردنەوەیە لەبواری فاکتەرە ژیاریەکانی (پێکگەیشتنی کولتوریی) ە، وەك پێشکەشکردنی (داستانی گلگامش) بەدیدگایەکی نویێ وهاودژ بەشانۆی سوونەتی، نمایشێکی شانۆیی کە زیاتر بێدەنگ بوو، کە دەسبەرداربوو بە دەستەواژەکان لە زمانە جیاوازەکان و ووتەزای سۆفیگەرێتی، سەرباری ئەزموونە شانۆییە هاوبەشەکانیان لەتەك دامەزراوە نەمساویی و خۆرئاواییەکان کە خاوەنی پێگەو بەهای خۆیانن، وەکو زانکۆی ڤیەننا وزانکۆی کریمس وسەنتەری توێژینەوەی زانستی، پەیمانگای زانستی شانۆ وفلمسازی ومیدیاکان ولابۆرەکانیان وئەوانیتریش کە گۆڕانیان لەدامەرزاوەکان کرد.

نیگارو شەماڵ بەدامەزراندنی لابۆرە شانۆییەکەیان هەڵسان بۆ ئامادەکردنی بەشدارانی لابۆرەکەیان ٚوخوێندکارانی شانۆ لەڕێگەی ڕاهێنانەکان کە بریتین لە دەنگ ودەربڕین وجولەکانی جەستە، چەمکی (ئامادەکردنی شانۆیی) لەشوێنی (نمایشی شانۆیی) بە باشتر دادەنێن، لەسەر ئەو بنەمایەی شانۆ پرۆسەی خولقاندن وپێکگەیشتن و بەردەوامیە لەگەڵ مرۆڤ، ئەو بەردەوامیەش داڕشتەو ئاراستەی جیاوازی هەیە، لێرەوە تێگەیشتن لێیان ناچێت بەرەو نوێنەرایەتی ئەویتر یان کەسایەتی پێشووی نووسراو بەقەد ئەوەی هەوڵ دەدەن بەرهەم هێنەرەوە بن بۆ خودو یادەوەری تاك وکۆمەڵی، داڕشتەی (ئاهەنگسان) لەبڕی (ئەکتەر) بەکار دێنن، بەوەش

لەو داڕشتەیەدا لەگەڵ شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی بەیەکدەگەن، جا گەر بەمەبەست بێت یا بیٚ مەبەست، بەلاّم لەو داڕشتەیەدا لەیەکتر جیاوازن، لەجەخت کردنەوەیان لەسەر بەهای دەنگ وگرنگیەکەی، بەو پێیەی سەرچاوەو بزوێنەرو پاڵنەر بۆ جەستە، هەروەها لەسەر گۆرانی، بەو پێیەی ڕووداوێکی درامیە، ئیزافەیەیەکی زۆریان خۆستۆتە سەر تەکنیك وشێوازی



بەكارهێنان، "ڕاستە كە ڕووداوێكی فیزیكی ڕەزم وڕووداو دروست دەكات، بەڵام گۆرانی گۆرانی نیە، بەڵكو گوزارشتێكی بینراوە، نەك ڕاڤەكارێكی ڕووداو بێت، بەڵكو خۆی ڕووداوە، ئەتمۆسفێر ناخولقێنێت، بەڵكو خۆی ئەتمۆسفێرەكەیە" بۆیە ئەوە هەوڵێكیترە بۆ توێژینەوەی جەستەیی، بەڵام لەڕێگەی دەنگەوە، لەو بارەیەوە شەماڵ ونیگار دەڵێن "ئێمە لەو ڕێگەیەوە هەوڵ ئەدەین بگەین بە نهێنی كردە چەماوەكان، كە لەقووڵاییماندا شێوەیەكی خەوتووی هەیە، یاخود لەقووڵایی جەستەماندا، كاتێ ئەو دەجولێ ئێمەش هەروەها دەجولێین، كە هەناسە دەدات ئێمەش هەناسە ئەدەین، ئەوە وەك وێنەیەكی زیندووە بۆ ووزەی ژیان"

لەڕێگەی جەخت كردنەوەیان لەسەر بەهای دەنگ ئەوان دوور كەوتوونەتەوە لەسەر كاریگەریەكانی شانۆی وێنەیی، كە لەهەشتاكانی سەدەی ڕابردوو ئامادەبوونێكی داگیركاریانەی لەسەریان هەبوو، بەهۆی كاركردنیان لەتەك مامۆستاكەیان لەكۆلێژی هونەرە جوانەكان دەرهێنەر سەلاح ئەلقەسەب، نمایشەكەیان (زەوی خۆڵەمێش وگۆرانی) لە فێستڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری قاهیرە لەساڵی ٢٠٠٤ نمایشیان كرد پراكتیزە كردنێكی ئەو میتۆدە بوو، ئەوەش بەپێی پیاهەڵدانی د. مەیمون ئەلخالدی نمایشێكی لابۆریە (دوو ئەكتەر دەریانبڕی، یەكێكیان نەمساویی وئەویتریشیان سەنگافوری بەڕەگەز چینی)





بنیاتنرابوو لەسەر بونیادێكی دەنگی ڕەها، سەمتەكان لەتەك ئاوازە جیاوازەكان دروستكرابوون، كە بزوێنەری سەرچاوە كۆمەڵایەتی وفرە ئەنتۆلۆژیەكان بوو، بێ بەستنەوەی بە (دەقگەرێتی) پێشینەو ڕوون، كە ئاوێتەی ڕاگوزاری دەمودەست، لەتەك ناردنی بەمەبەست بۆ ئەوەی سەر بە گۆرانی بێت وجارێكیتر سەربە ئاوازەكان وجارێكیتریش سەر بە ڕێبازەكان بێت .

پشێوی ئەزموونگەری لای شەماڵ عومەرو نیگار حەسیب هەر لەڕۆژانی خوێندنی زانكۆ دەركەوت، لەناوەڕاستی هەشتاكان ئەزموونێكی سەرنج ڕاكێشیانم بینی لەگەڵ دەقی بیكت (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) شەماڵ عومەر كەسایەتیەكانی فلادیمێر وئیستراگۆنی لە دوو پیاو گۆڕی بۆ دوو ژن، نیگار حەسیب وفرمێسك مستەفا تەمسیلیان تیا دەكرد، ئەو كات ووتارێكی ڕەخنەیم لەبارەی ئەزموونەكە نووسی، ئاماژەم بۆ دیدگای دەرهێنەر كردبوو بۆ خستنە ڕووی كائینی مرۆیی بەگشتی، نەك پیاو بەتەنیا وەك لەدەقەكەی بیكت هەیە، تووشی بێهودەیی جەنگ دێت، هەست بە بێئەنجامی دەكات، ئێستا ئەگەر ئەو ئەزموونە لەڕوانگەی ڕەخنەی فێمێنیستی بخوێنمەوە، خوێندنەوە دەمگەیەنێت بۆ دەرەنجام ودەلالاتی گرنگ، لەساڵی ١٩٨٧ ئەزموونێكی تریانم لە سلێمانی بینی لەدەرهێنان ونواندنی نیگار حەسیب ومیدیا ڕەئووف بوو ئەویش (لەچاوەڕوانی سیامەند) لەژوورێكی بچووكدا پانتایی نمایش پێكهاتبوو، لەناوەڕاستیدا بەرزاییەكی تەختەی لاكێشەیی دوو باڵی وەك خاچی هەبوو، شاشەیەك داپۆشی بوو لە قوماشی تەنك كە جارێكیتر دەگۆڕدرا بۆ كفن، جارێكیتر دەبوو بە ڕووپۆش، سێیەمینیش بۆ چارۆگەی كەشتیەكی وونبوو، جگە لەوەی دەبوو بە دەلالەتی هەستیار كە ئامادەبوونی هەردوو ئەكتەرەكە بوو لەڕێی ڕەمزی وون: سیامەندی پیاو، خۆشەویست، هیوا، ڕزگاركەر، خەون، نیشتیمان......هتد، بەدەربڕینی جەستەیی ڕوون وشاعیریی، ئەو ئەزموونە یەكێكە لەو ئەزموونانەی كە شانۆی عیراقی لەهەشتاكان لەناو ناوكۆییەكی ڕەمزیی دەیخستە ڕوو نزیك لە بابەتی چاوەڕوانیەكی ئازاردراو، بێهیوایی، گەڕان بەدوای فریادڕەس ودڵسۆز، لەوانە: (لاواندنەوەی كورسیەكی لەرزۆك، پرسیارە شانۆییەكان) ی عەونی كەرومی، و (بەخێر هاتی ئەی دڵنیایی) ی عەزیز خەیون.



فریاد ئەحمەد

# پارانەوەی پیاوێکی سەرپێی لەناو دەستنووسێکی شانۆییدا

بیست ساڵ بەسەر مردنی ئەبسێردترین پیاوی جیهان و گەورەترین و رەشبینترین نووسەری شانۆ (ساموێل بیکت) دا تێدەپەڕێ و لەگۆشەیەکی بچوکی ئەم جیهانەدا تیپێکی شانۆیی بەناوی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك)، وەك حورمەتێك بۆ تێکشکاوی دنیای ئەو پیاوەو وەك گرنگی دانێ بە دەقی ئەو نووسەرە تاریکە، لە قۆناغی سێیەمی کارکردنی تیپی ئەزمونگەری بەناوی قۆناغی (شانۆی پۆلیڤۆنی) لە دەرهێنانی نیهاد جامی و نواندنی (کاروخ، نەژاد، هونەر، هەڵکەوت) لە دەزگای شەفەق سێ دەقی بیکت نمایش کرا.

نمایشی یەکەم (دەست نووسێکی شانۆیی) ئەم دەقە لە ژێر زەمینی دەزگای شەفەق نمایش کرا، لەگەڵ چوونە خوارەوەمان بۆ ژێر زەمینەکە یەکەم شت کە هەستمان پێی دەکرد دەنگی کەمانێکی نەشاز بووکە زۆر بەهێواشی بەر گوێمان دەکەوت





،ئەمەش ئاماژە بوو بۆ تێکشکاوی روحی کەسایەتییەکان و بەدیار خستنی دنیا کاولەکەی بیکت، لەگەڵ دانیشتنی بینەر و کۆتایی هاتن بەدەنگی پێی بینەر و هێور بوونەوەی چپە چپی بینەر، دەنگی ئەو کەمانە نەشازە کۆتایی هات، وەك ئەوەی دەرهێنەر پێمان بڵێت هاتنتان بۆ ناو هۆڵەکانی شانۆی ئەوەندە بەشێوەیەکی خراپە لە دەنگی ئەو کەمانە نەشازە ناخۆشترە، ئەوە سەرەتای پێکبەستنەوەی ئێمە بوو بەنمایشەکەوە و سەرەتایەکیش بوو بۆ دەسپیکردنی چیرۆکی دووپیاوی رەش بین و ترسنۆك کە زۆر لە کەسایەتی خودی بیکت دەچن.

شوێنی نمایش پانتایەکی زۆر بچوك بوو کە لە چوار مەتر تێنەدەپەڕی، هاتنەدەرەوە لە هۆڵ و مامەڵەکردن لەگەڵ پانتاییە ناتەباکان و گۆڕینیان لەشوێنێکی ناشانۆییەوە بۆ شوێنێکی شانۆیی کارێکی گرانە، دارشتنەوەی ئەو پانتاییەش لەرێی دەقەکانی (بیکت)ەوە ئاڵۆزیەکی زیاتر بۆ دەرهێنەر دروست دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی نیهاد جامی ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ پانتاییە ناتەباکاندا هەیە، توانیبووی ئەو شوێنە بچوکە وەك پانتاییەکی زۆر گەورەی ململانێکان و شوێنی رووداوەکان بەدیار بخات، هەرچەندە شوێنکات لەم نمایشەدا بوونی نیە بەمانا واقعیەکەی، بەڵام دواجار دەبێ شوێنێك هەبێت تا چیرۆکێکی تیا رووبدات، لە مەترێك چوارگۆشەی بەردەم بینەران و هەشت پێ پلیکانەو مەترێ چوار گۆشەی سەر پێپلیکانەکان هەموو شتەکان روویاندا، وابەستەبوونی هونەر و نەژاد بەیەکەوە، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی کەسایەتییەکی کەم ئەندامیان دەکرد، نەژاد وەك کەمئەندامێك کە یەك لاقی هەیە و هونەر وەك نابینایەك تەواو لەدنیای یەك نزیك دەبوونەوە، هەندێك جار هەست دەکرا ئەو دوو کەسایەتیە لەبەر نائومێدی و تێکشکاویان دەیانویست زیاتر بۆ مەرامی سێکسی نزیك ببنەوە،ئەو نزیك بوونەوە و فەرامۆش نەکردنەش کەمتر لەلای بیکت ئامادەگی هەیە، بەڵام لەتەواوی نمایشەکەدا بێدەنگییەك بەدی دەکرا کە تەواو پەیوەندی بەدنیای بیکتەوە هەیە، تێڕامان و قوڵبوونەوە لە شتێك ئامادەگی هەبوو کە رەنگە ئەکتەر بۆخۆیشی نەزانێ بیر لەچی دەکاتەوە، لەبێدەنگیدا نمایش دەگەڕایەوە بۆ لای دنیا کاول و ئەبسێردەکەی بیکت و لەکاتی ئاخاوتندا ئەدای ئەکتەرەکان زیاتر لەئەدای شانۆیەکی تەواو واقعی دەچوو، هیچ کات لە نمایشەکەدا ئەو بێدەنگییەی

دنیـای بیكـت و ئـەو ئـەدا واقعیـە یـەكیان نەدەگرتـەوە و هارمۆنیـەت نـەبوو لـەنێوان ئـــەدوا و بێدەنگیـــدا و ئەمـــەش وایكـــرد نمایشەكە لـە دوو دنیـای زۆر جیـاواز و دوور لەیەك و لەدەرەوەی دەسـەڵاتی دەرهێنـەردا بمێنێتـــەوە، ئـــەدای ئەكتـــەركان و كـــەم ئەزموونیان و تێنەگەیشتنیان لە دنیای بیكت نمایشەكەی بەرەو واقعیەت بـرد و لـە دنیـای بیكتی دوورخستەوە.

نمایشی دووەم (پاڕانەوە)

ئـەم نمایـشە هـەمان ئێـوارە لەیـەكێك لـە سالۆنەكانی دەزگای شەفەق پێـشكەش كـرا، لەسـالۆنەكە تـەنها مێزێكـی باریـك و درێـژ هـەبوو كـە هەرسـێ ئەكتەرەكـە پێكـەوە لەسـەری دانیـشتبوون، كـاروخ بـەم جـۆرە دەسـتی كـرد بەگێڕانـەوەی حیكایەتەكـە، "لەدایكبوون مردن بوو بۆ ئەو.. سـەرەمەرگ پەیڤە كەمـەكانی بـوو، پێئەكـەنی، گاگۆڵـەی ئـەكرد تابگاتـە بێـشكەكەی، ئـەوە یەكـەم شكـستی بـوو، یەكـەم هـەنگاوی لەباوەشـی دایكیـەوە بـەرەو مـامی دەرۆیـشت دواتـر دەگەڕایەوە، ئێوارەیەك بـە مردوویـی لـەدایك بوو" هتد.. ئـەو دەقـە زیـاتر لـە حیكایـەتێك دەچێت كـە زۆر جوانـە بـۆ گێڕانـەوە، ئـەوە یەكێكە لە دەقە رادیۆییەكانی بیكـت كـە زۆر پەخـشان ئـامێزە، سـەرەتای چـیرۆكەكەش زیـاتر لـە كێـشەكەی هاملێـت دەچـێت بەجۆرێكی تر، بیكت پرسـیاریمان بـۆ جـێ دەهێڵێـت و دەڵـێ منـداڵێك كـە لـەدایك دەبێت بۆ رووە و باوكی نـاڕوات بـۆ بـەرەو لای مـــامی دەچـــێت؟ هەرلەســـەرەتاوە (نەژاد) جڕت بـۆ ئـەو چـیرۆكە دەكێـشێت، ئایا بۆ زۆر دووبارە بوونەوەی چیرۆكەكەیە یان بۆ بێمانا بـوونی ئـەو چـیرۆكە یـان بـۆ سوكایەتی كردنە بە كەسایەتی بـەو جـۆرە لە دایك بوو؟ جـوانی ئـەم دەقـە لەوەدایـە كـەوەك خـۆی كـاری تێـدا بكرێـت، نیهـاد جامیش هەروای كردبـوو، زۆر سـادە بـەبێ دروسـت كردنـی كوتلـە و وێنـەی جـوان و راگرتنی میزانسین، هـەموویان لەسـەر یـەك هێڵ و یەك جۆر دانیشتن و ئەدایەكی تەواو تێكـــشكاو و بێدەنگییـــەكی پێویـــست و لەشوێن خۆی، چونكە ئەو جۆرە دەقانـەی بیكت كەزیاتر لە پەخشانێك دەچێت و بۆ رادیۆ نووسـراون، گـەر هـەموو وێنـەكانی ناو دەقمان بەجووڵەكرد، ئـەو كـات فكـری دەقەكـە دەكـوژین، لـەم نمایـشەدا تـەنها گرنگـی بـە ئـەداو ئیمائـەو جـل و بـەرگ درابوو، هەنـدێ جـار نـەژاد حیـواری دەوت كاروخ و هونەر بەجوڵەیـەكی سـادە تـەوای روخساریان دادەپۆشی و تەنها دەمی نەژاد دەبینرا، ئەوەش ئاماژەبوو بـۆ گرنگـی دان بە ئاخاوتن وەك ئـەوەی بیكـت دەیـەوێت، لێرە ئاماژەیەكی دیكە هەیە كە ئـەو دەقـە







بـۆ یـەك كارەكتـەر نوسـراوە، بـەڵام لای جـامی سـێ كـەس رۆڵەكـەیان بەرجەسـتە دەكـرد و هەرسـێكیان تەواكـەری یـەكترن، ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ ئامـادەگی چـەمكی پێرفۆرمانسیەت لەم نمایشدا.

جـل و بـەرگی هەرسـێ ئەكتەرەكـە هنـدی بـوو، ئەمـەش گەڕانەوەیـە بـۆ كولتـوری میللەتێك كە خاوەنی شارستانیەتێكی كۆن و دێرینن و دەرهێنەر فكری خۆی ئیزافـەی سـەر بیرۆكـەی نووسـەردەكات و پێمـان دەڵێت پـێش هاملێت و لەگـەڵ سـەرەتای بەشـەرییەت ئـەو ململانێیـە هـەبووە و كێـشەكان بەهەڵپەسـێوراوی دەمێننـەوە، دەسـت بـردن بـۆ رەهەنـدە فكرییـەكانی دەقی بیكت دەست بردنە بۆ فكری خـودی بیكت و دەرهێنـەر زۆر ورد مامـەڵی لەگـەڵ كردبوو.

نمایشی سێیەم (پیاوێكی سەرپێیی)

ئەم نمایشەیان دوایین و جوانترین نمایـشی ئەو ئێوارەیە بوو، لەیـەكێك لـە دالأنـەكانی هـەمان دەزگـادا پێـشكەش كـرا، سـەرنج راكێـشترین شـت لـە نمایـشەدا كـات بـوو، نمایـشەكە دەمـەو ئێوارەیـەكی درەنـگ دەسـتی پێكـرد، كارەبـا نـەبوو تـەوایی چیرۆكەكەش باسی ئێوارە و شەو و بەیانی دەكـرد، سـاتێك هەسـتت دەكـرد بەراسـتی ئەوە زەمەنی بیكت خۆیـەتی و بـەو جـۆرە دوا ئێوارەكانی ژیانی خۆی بەسەر بردووە،



ئەم نمایشەش زیاتر گرنگی بەگێڕانەوە دەدات، بەڵام ئەمجارە جامی گرنگییەکی زۆری بە جوڵە و وێنە دابوو، لەراستیدا ئەم حاڵەتە نامۆیە بە دنیای بیکت، بەڵام دەرهێنەر لەتەواوی کارەکانی هەردوو قۆناغی (ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ)و(سۆسیۆلۆژیای شانۆ) گرنگی بە چەمکی پێرفۆرمانسی داوە و لەم نمایشەش بەهەمان جۆر گرنگی دابوو بەم چەمکە، چونکە زۆر جار هەڵکەوت وەك حیکایەتخوانێك چیرۆکی دەگێڕایەوە و (کارۆخ) یش حیکایەتەکەی بەرجەستە دەکرد، دەرهێنەر هەردوو ئەکتەرەکەی لەنزیکی یەك و لە دوو دنیای زۆرجیاواز و خاوەن یەك ئازار لەو پانتاییەدا کۆکردبووەوە، کاتێك کارۆخ حیکایەتەکە بەرجەستە دەکات دەبێتەوە بەهەڵکەوت/ واتە دەبێتەوە بە حیکایەتخوان، کەچی خۆشی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە و خۆیشی دەبێتەوە بەحیکایەتخوان، ئەم حاڵەتە لای کارەکتەری حیکایەتخوانیش (هەڵکەوت) ئامادەگی هەیە، واتە هیچ کامیان تا کۆتایی نوێنەرایەتی یەك کارەکتەر ناکەن، چونکە لە چەمکی پێرفۆرمانسیدا کە بە ئەکتەر دەوترێت پێرفۆرمینەر، کوتلە نوێنەرایەتی کەسایەتی دەکات نەك تاك و کەس، لەم نمایشەدا دەرهێنەر زۆر ورد و جوان و بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو





کاری لەسەر ئەم چەمکە کردبوو، هەروەها توانیبووی سەرکەوتوو بێت و چەندین وێنە و کوتلەی زۆر جوان نوێنەرایەتی ئەو دوو کارەکتەریان دەکرد، کاتێك حیکایەتخوان داوادەکات کە گوێگرەکە قسەی لەگەڵ بکات چونکە گوێ گرەکە پاڵەوانی چیرۆکەکەشە، گوێ گرەکە ناتوانێ قسە بکات و ئاماژەیەکی دەنگی تێکشکاو هەیە کە ناتوانێت مەبەستەکانی بگەیەنێت، ئەوەش دووبارە بوونەوەی دەنگە وەك میتا حیکایەت، نیهاد جامی لەژێر کاریگەری قوناغی دووەمی کارکردنی بەناو (سۆسیۆلۆژیای شانۆ) و میتۆدی دەنگ، تێڕوانینێکی قوڵتر بۆ بیکت دەکات و دەیەوێت لەڕێی ئەو ئاماژە دەنگییەوە وەك بوونیادێکی تاکی زمان مەزنی بۆ دەنگ بگەڕێنێتەوە و بڵێ توانای دەنگ لە توانای ئاخاوتن زیاترە، کاتێك پاڵەوانەکە ئاماژەیەکی دەنگی دەکات بەو مانایە نیە کە ئەو ناتوانێ قسە بکات یان قسە نازانێ، چونکە دواجار قسە دەکات، بەڵکو مەبەستی دەرهێنەر ئەوەیە کە ئازار و کاولی ئەو پیاوە ئەوەندە گەورەیە کە هەرگیزاو هەرگیز لەتوانادا نیە بە وشە گوزارشتی لێبکرێت، دەنگ ئەو بونیادە تاکەی زمانە کە توانای دەربڕین و گوزاشتکردنی لە ئاخاوتن زیاترە، ئازار و



میحنەت لای ئەو کارەکتەرەی بیکت لەسەروی توانای ئاخاوتنەوەیە، بۆیە جامی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دەنگ وەك میتا حیکایەت بەکار بێنێت چونکە ئازارەکان لەسەروی ئازاری مرۆڤێکی ئاساییەوەیە، بەئامادەبوونی دەنگ نمایشەکە بەرەو زمانێکی شمولیتر رۆیشت و هیواش هیواش کاریگەری و ئەفسونی لەسەر بینەر بەجێهێشت و نمایشەکە بینەری خستە ژێر سیحری خۆیەوە. ئەمە یەکەم کارەکانی تیپەکە بوو لە قۆناغی سێیەم و هارمۆنیەتێکی تەواو لەنێوان ئەم قۆناغەو قۆناغی دووەم هەیەو بەهیچ جۆرێك لەتەك یەکدا دانەبڕاون.













# منالێکی عەجول لەهیچ شوێنێک ناگیرسێتەوە

**شانۆکار**

منالێکی عەجول توانا موعجیزەییەکانی هەمیشە توانای ئەوەی هەیە وامان لێ بکات بڕوا بە عەقڵی خۆمان نەکەین بەڵکو بڕوا بەوە بکەین کە نیشانی چاوەکانمانی ئەدات.. ئەوە میدیا ڕەئوفە ئەو دەمەی تەمەنی شانزە ساڵ بوو لە چیرۆکی تەمسیلی بووکە خان وەك میهرەبانترین دایك بینیمان حەسرەتمان ئەخواست کە دایکمان بێت دواجاریش کەبینیمانەوە لەهاوینی ساڵی پار لە سلێمانی لەنمایشی خوێنی رۆژهەڵاتی ژنێکی عاشقمان بینیەوە کە قەت ئەو دایکە میهرەبانە نەبوو بەڵکو ئەو ژنە عاشقە بوو کە پێی ئەووتین هەر جارەی کارەکتەرو دنیایەکیترتان پێ ئەناسێنم.

ئەو منالە عەجولەی ئێمە رۆژێك لە سلێمانی ودواتر لە بەغدا ئەگیرسێتەوەو وەك باڵندەیەك ڕووەو هۆڵەکانی شانۆی سلێمانی دێتەوە تاوەك بەرەو دیمەشق بڕوات و لەوێشەوە ئەو ئەو هاروهاجەی ئێمە بەرەو دانیمارك ئەڕوات وئێمەش لە گۆڤاری شانۆکار بەرەو کەرکوك سەفەری پێ دەکەین ولەم مەلەفەدا تیشکێك دەخەینە سەر ئەزموونی ئەو شانۆکارە ئەزموونکارەمان بە ئومێدی ئەوەی ئەم مەلەفە بتوانێ دەرگایەکی بچکۆلە لەتواناکانی ئەو داهێنەرە بکاتەوە.

میدیا رەئوف دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا– بەشی نواندن لە ساڵی ١٩٨٩.. دوای دەرچوونی بۆتە مامۆستای بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی.. لەو شانۆگەریانەی وەك ئەکتەر بەشداری کردووە: دیدەنی، دەرهێنانی ئیبراهیم چێوار، ئەوەی بەتەنیا دانیشت دەرهێنانی هادی المهدی، شالیر و خەمەکانی لێبوکی سیرك لەدەرهێنانی د.











سەلاح ئەلقەسەب، گولەکان بۆ کێ دەرهێنانی عەزیز خەیون، پاسەوان دەرهێنانی شەفیق ئەلمەهدی، مارا– صاد دەرهێنانی شەمال عومەر، سمنارو ئاگرو ئابلوقە دەرهێنانی عوسمان فارس، لەو شانۆگەریانەی وەك ئەکتەرو دەرهێنەر بەشداری کردووە (دەریا، ئازارەکانی نیگار کێشێك) بە هاوبەشی لەگەل نیگار حەسیب شانۆگەری لەچاوەروانی سیامەندی دەرهێناوەو وەك ئەکتەر بەشداریان تیا کردووە.

ساڵی ١٩٩٢ عیراقی جێهێشتوەو بەرەو سوریا رۆیشتووە، بۆتە ئەندامی شانۆی نەتەوەیی سوریی، لەوێ وەك ئەکتەر لەم شانۆگەریانە بەشداریی کردووە (پێخەفی دەزدەمونە) دەرهێنانی ناجی عەبدولئەمیر، خۆشەویستی مەزن دەرهێنانی مەئمون خەتیب، (خوێنی رۆژهەڵاتی، رق لێبونەوە، ڕەگەکان) لەگەل دەرهێنەر هادی المهدی، ئەوە جگە لەچەندین کاری هونەریتر.. لەساڵی ٢٠٠٠ بەرەو دانیمارك سەفەری کردووە لەوێش کاری سینەماو شانۆوتەلەفزیۆنی ئەنجامداوەدیارترین بەرهەمەکانی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) و (ئەو وایە). میدیا چەندین خەلاتی وەرگرتووە لەوانە خەلاتی مەلبەندی شانۆی عیراقی لە ١٩٨٩، هەروەها ساڵی ٢٠١١ خەلاتی بابانی پێ بەخشراوە لەلایان وەزارەتی رۆشنبیرییەوە

***میدیا رەووف بێگەرد:***

# شانۆ لەهەموو جیهاندا چێژ بینینە



***دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن***





ژنە شانۆکار(میدیا رەووف بێگەرد) لەنێو بزاڤی شانۆی کوردیدا ناوێکی دیارە و خاوەن پێگەیەکی بەهێزی خۆیەتی .

دەرچووی سالّی ١٩٨٩ ی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداد بەشی نواندنە ، سالّی ١٩٩٢عێراقی بەجێهێشت و چووە سوریا و لەوێ لەبواری نواندندا کاری کرد و زۆرێك لە شانۆگەریی پێشکەش کرد. میدیا بەیەکێك لە ژنە شانۆکارە بەتواناکانی شانۆی عێراقی دادەنرێت، پێشتریش لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا لەچەندین شانۆگەریدا بەشداری کردووە لەوانە، شانۆگەرییەکانی:" خەمەکانی لیبۆکێکی سێرك و ئەوەی بەتەنها دانیشت و لەچاوەڕوانی سیامەند و شالیر و گوڵەکان بۆ کێیە و سەردان و شانۆگەریی پاسەوان کە خەڵاتی باشترین ژنە ئەکتەری دەرکەوتووی لە شانۆی عێراقدا پێ وەرگرت. سالّی ٢٠٠٠سوریای بەجێهێشت و چووە ولّاتی دانیمارك. لەوێش تیپی شانۆی(ئەنانا)ی دامەزراند کە چەندین ئەکتەری شانۆیی ناوچە جیاوازەکانی لەخۆگرتووە.

لەم دواییانە بەسەردانێك گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەساتی مانەوەی لێرە دەرفەتێکمان لێ خواست و چاوپێکەوتنێکی دورودرێژمان لەگەڵی ئەنجامدا کە ئەمەی خوارەوە بەشێکی کەمە لەو چاوپێکەوتنە و لە دەرفەتێکی تردا سەرجەمی چاوپێکەوتنەکە بلّاودەکەینەوە.

*بەرلە هەرشتێك ئەو دەمەی کەسێك گەشت دەکات بۆ دەرەوەی ولّات و نیشتیمان بەجێدەهێلّێ بێگومان هەمیشە حەزی گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان لەلا چەکەرەدەکات، زۆربەی کاتیش پالّنەرەکان بۆ گەڕانەوە دۆزینەوە و چنگکەوتنەوەی یادەوەرییەکانی خۆیەتی لەو شوێنە تۆ لەسەردانەوەت بۆ کوردستان بەرکەوتنت چۆن بوو لەگەڵ یادەوەرییەکانت و تاچەند توانی یادەوەرییەکانی خۆت چنگ خەیتەوە؟

میدیا بێگەرد: من عەشقێکی زۆر سەیرم هەیە بۆ سلێمانی، بۆ شەقام و کۆلّانەکانی، بۆ خەلّکەکەی بۆ شوێنەکانی کە پیایدا رۆشتووم، ئەو شوێنانەی کە زوو پیایدا رۆیشتووم و ئێستا پیایدا دەڕۆمەوە (نیگار حەسیب قەرەداغی و چیمەن ئیسماعیل و گەزیزە عومەر و فرمێسك مستەفا) و پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی و خوێندکارەکانم بیردەکەوێتەوە، زۆرێك لەو شوێنانە نەماوون و جێگەکانیان پوکاوەتەوە(ونبوون) و هەندێك شوێنیش



وەكو خۆی ماوەتەوە. زۆرێكیش لەو كەسانەی كە هاوڕێمن و دەیانناسم و لێرە ماونەتەوە كە بینیمنەوە وەكو خۆیان بوون و بەهیچ شێوەیەك گۆڕانكارییان بەسەر نەهاتووە، كە بینیمن وام هەستكرد كە لە هەشتاكانم. هەندێك شوێن نەماوە و حەزمدەكرد پیایدا بڕۆم و سەرێكی لێبدەمەوە .

***ئەو گۆڕانكارییانە تاچەند حاڵەتێكی تەندروستە. ئەمە لەكاتێك كە زۆر كەس پێی وایە كە گۆڕانكارییەكان بێ پلانن، ئایا تۆ پێت وایە ئەم گۆڕانكارییانە بێ پلان ئەنجامدرابن؟**

میدیا بێگەرد: زۆر زۆر گۆڕاوە و ئەو شێوە ساكارە و حەمیمیەتەی نەماوە كە هەیبوو جاران. هەست دەكەیت مرۆڤەكان گۆڕاوون. لەسەیركردنی ئەم شارە گۆرانییەكی هونەرمەند (سەلاح رەووف)م بیركەوتەوە كە وەختی خۆی دایـنابوو و پێی دەووتم میدیا بۆم بڵێ، گۆرانییەكە دەڵێ:"دیوارێكی تاریكی ئەستوور ڕێ لە خۆزگەكانم دەگرێ" من لە سەیركردنی ئەم شارەدا هەستم بەو دیوارە ئەستوورە كرد.بەڵام لەهەمان كاتیشدا دەبێ ئێمە واقیعی بیربكەینەوە كە ئەمە ئەبێت ببێت و ئێمە نابێت لەسەر رابردوو بژین. رابردوو تەواو و تۆ كوڕی ئەمڕۆیت و نابێت بیر لە پار و پێرار بكەیتەوە. ئەبێت پێشكەوتن و گەشەكردن روویدات .

***بەڵام لە واقیعی كۆمەڵگەی كوردیدا بەردەوام گەڕانەوە هەیە بۆ رابردوو و رابردوو بە پیرۆز تەماشادەكرێت و تەنانەت لە چێژیشدا گەڕانەوەیەكی بەردەوامان هەیە بۆ رابردوو و وا**







**هەستدەكەین چێژەكانمان لە رابردوودا بوو و لەئێستادا چێژمان لەدەستداوە، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟**

میدیا بێگەرد: من پێم وایە نەك بەتەنها كورد بگرە سەرتاپای ئەم ناوچەیەی كە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، لە پەیوەندییەكی توندوتۆڵ بە رابردووەوە دەژین و بەرابردووەوە بەندكراوە. پێیەكی لە دواوەیە و بەردەوام ئاوڕ لە دواوە و رابردوو دەداتەوە، دەبێت رابردوو لەبیربكرێ و بیر لە داهاتوو و سبەینێ بكرێتەوە. من بەتەواوی دژی ئەوەم كە مرۆڤ ئاوڕ لە دواوە بداتەوە .

***لەرابردوودا ئەزموونی شانۆی كوردی بە قۆناغێكی باشدا گوزەری كرد و زۆرێك بە قۆناغەكانی زێڕینی ناودەبەن، وەك چۆن جێگەدەستی ئێوەش بەو رابردووەوە دیارە، ئەو قۆناغە لە ئێستادا چۆن دەبینی؟**

میدیا بێگەرد: ئەو زەمەنە وابوو، وا هەڵكەوت و وا دروست بوو و دۆخی ئابووری و سیاسیی و كۆمەڵایەتی وای دەكرد كە دۆخەكە بەو شێوەیە بێت، لە ئێستادا ئێمە لە دۆخێكی تردایین و دەبێ قبوڵی بكەین و ئەبێت چاكی بكەین و ئەگەر ئێمە بەتەنها ئەو رۆژەمان لەلا گرنگ بێت كەواتە دەبێ ئێمە بینا لەسەر ئەو شتانە بكەین كە كراوە، نەك دانیشین و تەماشای بكەین و هیچ نەكەین. من دژی ئەوەم مرۆڤ بوەستێت و تەنها لەسەر رابردووی بژی. من خۆم دەڵێم جاران وام كرد و وام كرد بەڵام بێگومان دەبێت ئیشەكانی ئێستام لەو كاتانەی پێشوو باشتربێت.



***تاچەند لەگەڵ پرۆسەكانی ناولێنانیت، چ لە قۆناغەكان چ لە نەوەكانی نێو بواری هونەری شانۆ؟**

میدیا بێگەرد: خۆی هەموو شتێك بە قۆناغدا دەڕوات نەك بەتەنها لایەنی هونەری بەڵكو لایەنە زانستیی و هەموو لایەنەكانی ژیانیش بە گشتی بە قۆناغدا گوزەردەكات. ئینجا تۆ هەر بناغەیەك دابنێیت دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا بزانیت هەڵەكانی خۆت بدۆزیتەوە، دونیا هەمووی لەپێشكەوتندایە و تۆش دەبێت لەگەڵ ئەم رەوتی پێشكەوتنەدا برۆیت.

واتا ئەبێت ئێمە لەگەڵ ئەم چەرخ و سەردەمە نوێیەدا هەڵكەین و بژین. جیاكردنەوەی قۆناغەكان شتێكی ئاساییە بەڵام گرنگ ئەوەیە دان بە هەڵەكانمان بنێین و ئەزموون لەو هەڵانە وەربگرین، راستە هەشتاكان قۆناغێكی گرنگ و زێڕین بوو لە شانۆی كوردیدا بەڵام ئەی ئێستا خۆ ئێمە ئێستا لە چەرخی بیستویەكداین دەبێت ئێستامان زۆر زۆر لەوسامان باشتربێت ئەبێت وا بیربكەینەوە نەك بگەڕێینەوە بۆ دواوە. ئەو قۆناغانەش سروشتین و لەهەموو بوارێكدا هەیە و روودەدات.

*** ئەی غیابی بینەر لە شانۆی كوردیدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە، چونكە قسەیەكی زۆر لە سەر ئەوە هەیە كە لە قۆناغەكانی پێشوودا بینەری باشی شانۆیی هەبووە، بەڵام لە قۆناغەكانی ئێستاماندا بینەری شانۆیی رووی لەكزییە، ئایا هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە، گوتاری شانۆیمان لەو ئاستەدا نییە كە بینەر لە خۆی كۆبكاتەوە، یان هۆكاری تر لەئارادایە؟**

میدیا بێگەرد: من خۆم لێرەنیم تاوەكو بزانم هۆكارەكانی چین. بەڵام دەربارەی زۆر دەخوێنمەوە و لەگەڵ كۆمەڵێك





رۆشنبیر و شانۆكاری ئێرەش سەبارەت بەم بابەتە گفتوگۆم كردووە. هەشتاكان ئێمە كە شانۆگەریمان پێشكەش دەكرد چ ئەوانەی ئێمە چ ئەوانەی تریش بینەرێكی زۆر دەهاتنە تەماشاكردنی. بۆ نموونە لە شانۆگەری(لە چاوەڕوانی سیامەندا) منالّم بینیوە رۆژانەی خۆی كۆكردۆتەوە و دەهات بلیتی شانۆگەرییەكەی دەكڕی و دەهات بۆ تەماشاكردنی و تەنانەت رۆژێك سێ نمایشمان كرد و داوای لێبوردنمان لە منالّان كرد كە نمایشی یەكەم و دووەم بۆ ئەوان نییە و نمایشی سێهەم بۆ ئەوان پێشكەش دەكەین. چونكە میوانێكی زۆر لە بەغداوە هاتبوون جگە لە هونەرمەندان و شانۆكارانی ناوشار و بینەرێكی زۆر، بۆیە بە ناچاری و لە زۆری میوانەكان و بینەران داوامان لە منالّان كرد كە لە نمایشی سێهەمدا بێنە ژورەوە و هەرواش بوو نمایشی سێهەممان بۆ منالّان پێشكەش كرد..من وا هەستدەكەم ئەم حالّەتەش زۆرتر لە غیابی تەكنەلۆژیا پیشكەوتووەكانی وەك (كۆمپیوتەر و سەتەلایت)بوو و بینەران پێویستیان بە شوێنێكی تر بوو، كە ئەوكات ئەو شوێنەش شانۆ بوو، بەڵام ئێستا ئەو ئامێرانە لەهەموو مالّێكدا هەیە .

من حەزدەكەم ئەوە بلّێم كە شانۆ لە ولاّتانی وەك ئێمە وەزیفەیەكی پەیامكاری پێ دەبەخشرێ، بەڵام لە راستیدا و لە ئێستادا شانۆ لەهەموو جیهاندا موتعەیە و چێژبینینە.

بینەر دەچێت بۆ شانۆ بۆ ئەوەی سەیری شتێكی جوان بكات و كە هاتەوە چێژ لەو بینینە وەربگرێت، بەتەواوی دەتوانم بلّێم بینینی شانۆ چێژبینینێكی شەخسی تایبەتە و بینەر لە شتە جوانەكانی (خۆشەویستی و ئاشتی و پرسە مرۆییەكان) چێژ وەردەگرێ.

بۆیە من پێم وایە شانۆ نابێت پەیامێكی دیاریكراوی هەبێت، چونكە گەر تۆ بتەوێ لەرێی شانۆوە پەیامێك جا(چ سیاسی چ كۆمەڵایەتی..و كایەكانی تر)بدەیت بەبینەر ئەوا پێویست بە پرۆسەی شانۆ ناكات و رەنگە بە وتارێك و بلاّوكردنەوەی لە رۆژنامەیەكدا بەس بێت بۆ گەیشتنی پەیامەكەت و خەڵكێكی زۆرتریش دەیبینێت.

بۆیە من پێم وایە ئەگەر شانۆییەكی سیاسی پێشكەش بكەیت لە ئێستادا كەس نایەیت، ئەگەر بینەریشی هەبێت بینەرێكی كەمە و ئەم بینەرە كەمەش گۆڕانكاری دروست ناكات. بەڵام ئەگەر وتارێكی سیاسی بنووسم و باسی كێشە سیاسییەكان بكەم ئەوا خەڵكێكی زۆرتر

دەیبینێت و دەچێتە هەمووماڵێکەوە و هەزارەها دەیخوێنێتەوە، بینەری شانۆ وەك بینەری هونەری  بالیە وایە و ئەو کەسانەی کە دەچن بۆ شانۆ کەسانێکی دەستەبژێر و نوخبەن. وەکو چۆن دەستەبژێرەکان دەچن بۆ سەیری بالیە یان ئۆپێرا ، ئێمە دەبێت رۆژانە هەوڵبدەین کە شتی جوان پێشکەشی بینەری شانۆ بکەین و جەماوەرەکە رووەو شتێکی جوان بەرین و وەك ئەوەی ئێمە چاوی بینەر و ئیحساسی بینەر بین و لەسەر شانۆ بەرجەستەی بکەین .

***کەواتە بەلای تۆوە حاڵەتێکی ئاساییە کە شانۆییەك بکەیت و بینەرێکی کەمت هەبێت؟**

میدیا بێگەرد: بێگومان، دەبێت من بەو واقیعەی ئێستا رازی بم چونکە ئێستا قۆناغی هەشتاکان نییە ، دەبێ لە ئێستادا بەو واقیعە رازی بم تا ئەو کاتەی من وا لە بینەر دەکەم لەگەڵ شێوازی کارکردنم رابێت.  بۆ نموونە کە لێرە بووم پێیان دەوتم بینەری فلان ئیشی شانۆیی زۆرە و بینەری فلان شانۆیی کەمە، ئەو چۆن بینەری بۆ خۆی دروست کردووە، دەبێت ئێمەش بە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆمان بینەری شانۆیی دروست بکەین، رەنگە لە یەکەم هەنگاودا ئەم کارە قورس بێت بەڵام بە پشوودریژی ئامانجەکانمان دێتەدیی. کاتی خۆی کە بیکیت شانۆیی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)ی پێشکەش کرد، بینەر پێڵاوی هەڵدەدایە سەر شانۆکە، بەڵام لە ئێستادا کە (چاوەڕوانی گۆدۆ) پێشکەش دەکرێ کێ ئەو کارە دەکات. ئەبێت ئێمە تەحەمولمان هەبێت و پشوودرێژ بین، وەك چۆن من لە شانۆدا بۆ هەموو کەسێك ئیش ناکەم، کاتێك بۆ هەموو کەسێك ئیشی شانۆیی دەکەم کە هاوشێوەی ئەو بینەرە راقییەی رووسیا بێت کە دەچن بۆ سەیری بالیە کۆمەڵگایەکی راقی دروست بکەن، هەرکاتێکیش کۆمەڵگەیەکی راقیم دروست کرد ئەو کات بینەر دێت بۆسەیری شانۆییەکانم .

ئەو بینەرەی کە لەماڵەوە حیجزی بلیتی شانۆیی و هەر پرۆسەیەکی هونەری دەکات و دێت بەتایبەتی بۆ سەیرکردنی شانۆ و کاتژمێرێك یان کاتژمێر و نیوێك لەوێ دادەنیشێت و دواتر پارەی تاکسی دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ئەوە بینەرێکی دەستەبژێرە.

***لە ئەزموونگەری شانۆی کوردیدا ئێوە هاوڕێ لەگەڵ چەند شانۆکارێکی تردا رۆڵ و پێگەیەکی باشتان هەبووە ، ئەو هێڵە گشتیە چی بوو کە ئەزمونگەری کاری لەسەر دەکرد، ئایا ئەزموونگەری کۆتایی پێهات و پوکایەوە؟**

میدیا بێگەرد: ئەزموونگەری ناپوکێتەوە و کۆتایی نایەت و ئەوەی کە ئێستا لێرەو لەوێ لەلایەن هەندێك لە شانۆکاری کوردەوە دەکرێ ئەزموونگەرییە، ئێمە زۆر هەڵە لە واتای ئەزموونگەری گەیشتووین. چونکە ئەزموونگەری قوتابخانە نییە و ناتوانین بڵێین ئەزموونگەری بەشێکە لە شانۆی (کلاسیکی یان رۆمانسیی یان هەر قوتابخانە و رێبازێکی تری شانۆیی)...ئەزموونگەری لەهەموو قوتابخانەکاندا بوونی هەیە، بەو واتایەی کە لەزۆرێك لە شانۆگەریە کلاسیکیەکاندا ئەزموونگەری هەیە و بەناو قوتابخانەکەدا تۆ ئەزموونگەری دەکەیت. من شانۆگەرییەکی شەکسپیر دەهێنم بەهەمان شێوەی جلوبەرگی کەسێتیەکان لە کۆندا و سەرجەم وردودرشتییەکانی تر بەڵام بۆ نموونە کەسێتی(بەهلول) لادەبەم، و روانینی تازەم هەیە بۆی، ئەمە ئەزموونگەرییە. ئەزموونگەری واتا ئەزموونکردن، ئەزموونکردنیش لەهەموو ساتێك و لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایەدا هەیە.

ناتوانین ئەزموونگەری بخەینە چوارچێوەیەکەوە و وەك چۆن ناشتوانین بڵێین هونەرمەند(ئەحمەد سالار) ئەزموونی نەکردووە، یەکێك لە جوانترین ئیشە شانۆییەکانی مامۆستا (ئەحمەد سالار) شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) بوو کە شتێکی زۆر زۆر جوان بوو، کەواتە دەتوانم بڵێم زۆر ئیشی شانۆیی کوردی هەیە کە کاری شانۆیی جوانن و دەچنە چوارچێوەی ئەزموونگەری و ئەزموونکردن. روانینی دەرهێنەر و جیهانبینیەکانی بۆ تێکستە شانۆییەکە تەحدیدی کاری ئەزموونگەری و ئەزموونکردنی بەرهەمە شانۆیەکە دەکات.

زۆرکەس بە نموونە شانۆگەریی(هاملێت)یان پێشکەش کردووە، بەڵام یەك دوانێکیان هەستدەکەیت شتێکی جوانیان کردووە و دواجار لە ئەندێشەی بینەردا دەمێنێتەوە. بەهیچ شێوەیەك ناتوانین ئەزمونگەری بخەینە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە و بڵێین ئەمە شانۆگەری ئەزموونگەرییە، ناتوانیت وای لێبکەیت و کۆت و بەندی بۆ دابنێیت. وەك چۆن من شانۆی جیاواز جیاواز دەبینم هەر هەمووشیان جوانن و شتی تازە بوون، ئەبێت ئاگاشمان لەوە بێت کە مەرج نییە هەموو شتێکی تازەش بچێتە خانەی ئەزموونگەری و ئەزموونکردن بەڵکو کەدەڵێین تازە و نوێ دەبێت هەر لەخۆڕا نەبێت و روانینی نوێ و جیهانبینی نوێ لە ئارادا بێت.

***هێڵە گشتییەکانی ئەو قۆناغانەی کە**



**ئێوە کاری ئەزموونگەریتان تێدا کرد، چی بوون؟**

میدیا بێگەرد:ئیشە شانۆیەکان زۆر بوون، بەڵام شانۆگەریی(ماراساد) یەکێك بوو لەو ئیشانەی کە بیرم ناچێتەوە و لەگەڵ شەماڵ عومەر و نیگار قەرەداغی و چەند شانۆکارێکی تر پێشکەشمان کرد، هەروەها شانۆگەرییەکی ترمان کە شانۆیی(لە چاوەڕوانی سیامەندا) بوو بەیەکێك لەو ئەزموونانەی دادەنێم کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تری گواستمەوە و تەحەدایەکی زۆرمان کرد و لەو قۆناغەدا ئێمە زۆر بە تەحەداوە ئیشمان کرد و مەبەستمان بوو کە سەرکەوتوو بین. ئەم کارە یەکێك بوو لەو کارانەی کە زۆر باس کرا و زۆرێك لە وتاری دەربارە نووسراو زۆرێك لە خەڵك بینی و بردمان بۆ بەغدا و لەویش نمایشمان کرد.

ناتوانم ئەو ڕۆژانە لەبیربکەم بەتایبەتی ڕۆژانی پرۆڤە لەگەڵ نیگاری هاوڕێم کە بەفر دەباری و ئێمە هەر لە هۆڵەکە مەشق و پرۆڤەمان دەکرد. بەیانی زوو کە دەهاتینە دەرەوە شەو درەنگانێك دەرۆشتینەوە، بیرمە دایکم پێی دەوتم ماڵەکەت کردووە بە ئوتێل بەتەنها بۆ خەوەکە دێیتەوە، بەراستیش هەروابوو عیشقێکی زۆر سەیرمان بۆ شانۆ هەبوو .

***هەموو قۆناغێکی تازە کە دێتە پێشەوە یان هەموو تەوژمێکی تازە کە دێتە نێو بوارێکەوە بێگومان کۆمەڵێك کەس نیگەران دەکاتو کۆمەڵێك دژی دەوەستنەوە، شانۆی ئەزمونگەری کوردی لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا دەرکەوت، تاچەند ئێوە تووشی بەریەککەوتن بوون لەگەڵ نێوەندە شانۆییەکە؟**

-من زۆر راشکاوانە دەڵێم لەو قۆناغەدا زۆرمان لەسەر نووسراو زۆریش قسە لەسەرمان کرا، بەڵام ئێمە دەزانینو خەڵکیش دەزانێت ئاستەکان چینو چی





نین، ئێمە کۆمەڵێك شانۆکارمان لە پشت بوو لەوانە مامۆستا ئەحمەد سالارو مامۆستا بەدیعە دارتاشو مامۆستا جیهاد دڵپاکو زۆرێك لە هونەرمەندو شانۆکاری تر. هەروەها پێکیشەوە کارمان دەکرد، بۆ نموونە هەرگیز بیرم ناچێتەوە کە لە کوردستاندا شانۆگەرییەك هەڵدەبژێردرا بۆ ئەوەی لە بەغدا نمایش بکرێت ئەو ساڵە کە لیژنەکەی بەغدا هاتن تەماشای نمایشی(لە چاوەڕوانی سیامەند)ی شانۆی ئەزمونگەری کوردیو بەرهەمێکی شانۆیی مامۆستا ئەحمەد سالاریان کرد هەردوو ئیشەکەیان بەدڵ بوو بەڵام دەبوو یەك بەرهەم هەڵبژێرن. کەچی مامۆستا ئەحمەد سالار زۆر بەدڵێکی فراوانەوە وتی "من زۆر چووم لە بەغدا نمایشی شانۆییم کردووە، میدیا ئەمجارە ئێوە بڕۆن". لەسەر ئەو قسەیە لیژنەکە وتیان ئەبێت هەردوو نمایشەکە بێن بۆ بەغداد نمایش بکەن. ئەوکاتە وابزانم شانۆگەریی (جزیری وانەی ئەڤین دادەدات) بوو . هەردوو نمایشەکەمان لە بەغدا کردو پێکەوە ڕۆیشتین دوای ئەوە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەر پێکەوە بووین. زۆرجار مرۆڤ کە دەیەوێت شتێك بکاتو هەستی کرد راستە، ئەوا نابێت بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە. ئیدی زەمەن شایەتحاڵە بەوەی کە تۆ چیت کردووەو چیت نەکردووە، هەر نەبێت بینەر دەزانێت کە تۆ چیت کردووە. بۆ نموونە ئێمە لە پێش نمایشکردنی شانۆگەرییەکانی تیپمان (تیپی شانۆی ئەزمونگەری) نەریتێکمان هەبوو کە پەیڕەومان دەکرد، کە پێش نمایش نوخبەیەکمان بانگدەکرد گوێشمان لێدەگرتنو تەنانەت نەك بەتەنها شانۆکاران بەڵکو نووسەرانیشمان بانگدەکرد. من لەو کاتەش گوێم لە هەموو کەسێك دەگرت تەنانەت گوێم لەو کەسەش دەگرت کە پێی دەووتم تۆ ئیشێکی خراپت کردووە، بەڵام دەبێت بۆم ڕوونبکاتەوە کارەکەم لەکوێدا خراپ بووە. تۆ مرۆڤێکی هۆشیاریت ئەزانیت ئایا ئەمە راستە یان راست نییە، ئەگەر ئەوکەسە دڵسۆزی کارەکە بێت لێی تێ دەگەیت کە ئەگەر وابێتو خەلەلم لە کارەکەدا هەبێت بۆ چاکی نەکەم. من پێم وایە هیچ ئیشێك موتەکامیلو تەواو نییە. من لە شانۆی کوردیدا هەستدەکەم نازێکی زۆرم دراوەتێ تا ئێستاش نازانم کێ دژی من وەستاوەتەوەو کێ رقی لەمنە، من بەوە دەڕۆم بەڕێوە کە ئیحساسەکانم پێم دەبەخشێ. تا ئێستا رقم لەکەس نەبووە و کەسیش بە رقەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکردووم .

# دامەزراندن لەچاوەڕوانی سیامەنددا [٧]

دانا ڕەئوف

داستانی خەج وسیامەند لەم وێستگەیەدا دەبێت بەمەوداو خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەی زیندوو لەدوو تویێ دارشتنەوەیەکی ئەو ڕووبەر وپانتاییەی جیهانی تیادا دەبینینەوە، سەرەتا لەسەر ڕووبەری بازنەیەك ولەژێر خێوەتێکی ئاوریشمی پەمەیی ڕەنگدا چاومان لە دەزوولە دوکەڵێك، دەبێت، دەڵێن ئەمە گوایە هەناسەی سیامەندە بۆ عەشقی خەجی خەجان دەسووتێت، داسستانی سیامەندو خەجە زەڕ لەتەك ڕەنگ وهێل وبۆشایی ئەم ئەزموونەدا دەکەوێتە بزووتن ودیسانەوە لەتەك دەنگێکی بەردەوام و نەسرەوتی ئەم گەردوونەدا لەدایك دەبێتەوە.

ئەزمونکاری خۆی لەخۆیدا سەرەتاو دەروازەیەکی گرنگی هەموو پرۆژەیەکی دامەزراندنە، دامەزراندن بەمانای سەقاکگیر بوون وچوار چێوەکاری نا بۆ پرۆژەکان، بەلکو ئەو دامەزراندنەی هەمیشە لە گۆرانکاری وبونیادنانەوەی بەردەوامدایە، لەو بڕوایەوە (دامەزراندن پرۆژەیەکی بەردەوامی شانۆیە) هەر لەو گۆشە نیگایەوە گەر بڕوانینە هەر پرۆژەو کارێکی کردەیی هونەری باڵا بەتایبەت لە دووتوێی پرۆسەکە خۆیدا، دەبینین دامەزراندن ڕێچکەیەکی دیالێکتیکی بەردەوامی پرۆژە هونەریەکانە لەبەر ئەوە تەقەللاکانی







هونەرمەندە ئەزمونکارەکان هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕێچکەیەیان دەگرتە بەر کە ئامانجێکی ڕەسەنایتی وداهێنانی تێدا بەدی دەکرا.

دەست نیشان کردن وهەڵبژاردنی خەج و سیامەندیشهەنگاوێکی ڕەسەن وزانستی ئەو ڕێچکەییە، توخمەکانی دامەزراندن زۆرن هەر لەتێکستی کوردی ڕەسەن وکەرەستەی لەبارو گونجاوو دیدێکی قووڵ وتایبەتمەند وبۆچوونێکی فەلسەفی ئاشکراوە، تا دەگاتە هەموو بنەماو پێکهێنەرەکانی تری بونیادە گشتیەکەی نمایشی شانۆیی، ئەمانە هەمووی چەندە پێویستی بەیەکەیەکی گرنگی باڵا هەیە لە پرۆسە هونەریەکەدا هێندەش پێویستی بە دەروازەو بونیادێکی تیۆریی وئیستاتیکی هەیە.

نمایشی چاوەڕوانی سیامەند، تەقەللا وهەوڵێکی دڵسۆزانەی تێکستێکی کوردی ڕەسەنە، توخمێکی گرنگی هاوکێشە گرانەکەی پرۆسەی دامەزراندنە، تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی دوای چەند ئەزموونێکی کردەیی بەرز لە ئەدەب وشانۆی جیهان لەڕوانگەی داستانی خەج وسیامەندەوە دەروازەیەکی گرنگی لەڕووی پرۆژەیەکی ڕەسەنی کوردیدا یەکالا کردۆتەوە، شەماڵ عومەر داستانی خەج وسیامەند دەکاتە بونیاد وبنەمایەکی پتەوو تێکستێکی هاوچەرخ وڕەسەنی تازەی لەسەر بونیاد دەنێت، هەردوو کیژی



هونەرمەند نیگار حەسیب ومیدیا رەئوف کاری نواندن ودەرهێنانەکەی دەگرنە ئەستۆ.

**ئامادەکردن، یان دامەزراندن**

هونەرمەند شەماڵ عومەر بۆنووسینەی ئەم داستانە پەنای بردۆتە بەر چریکەی خەج وسیامەندی (عەبدوللا ئەیوبیان) وهەندێ کاریگەری تێکستەکەی (فوئاد مەجید میسری) شی لەڕووی زمان وبەکارهێنانی فۆنەتیکی موکراییەوە پێوە دیارە، بەڵام ڕێچکە وهێلێکی بیری وهونەری جیاواز ونوێ کاڵای پڕ بە بالای ئەم تێکستەیە، چونکە وەك لەلای هەمووان ئاشکرایە داستان وئەفسانە کۆنەکان دارشتەو ڕووبەرێکی گەلێ لەبارو بەرینە بۆ هەر تەقەللا ودامەزراندنێك لەبۆچوون ودیدە جیا جیاشەوە چونکە داستان وەك سەرچاوەیەکی بە پێزی هەموو گەلێك هەروەك (لیڤی شتراوس) ئامازەی بۆ کردووە: "ئەو ڕووداوانەیە کە لەدێر زەمانەوە ڕوویان داوە، بەلام ئەو بەها کردەییەی دەدرێتە داستان لەو بوارەوەیە کە ڕووبەرو سنورێکی فراوان ودیارنەکراو دەدرێتە ئەو داستانە، ڕاڤەی ئێستەو دوێنێ وهەروەها ئایندەش دەکات، داستانەکان زۆر نمونەی لۆژیکی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەو" نمونانەی توانایە بەرەنگاربوونەوەی هەموو دژایەتیەکانی واقعیان هەیە"

هاوکێشە نوێیەکەی ئەم تێکستە دەروازەیەکی لەڕووی ڕووبەرو پانتاییەکاندا کردۆتەوە، بۆ یەکەمجار







ڕزگارمان دەبێت لە بوونی تەباو باوی (حیکایەتخوان)و کێشەی (هەبوو.. نەبوو) واتە کیشەی گێڕانەوەی ڕابردوو وەك جەستەو گیانێکی مردوو، بەڵکو ئەم خوێندنەوەیە لەجەستەی ئەم تێکستەدا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دارشتنەوەی داستانەکە لەبڕی (هەبوو.. نەبوو) واتە (لە ڕابردوودا) بۆ ئێستەو (دەبێت وچڕکردنەوەی ڕوانین وخستنە ڕووی ئاینده) چڕکردنەوەی کەسایەتیەکانی ناو داستانەکەش بۆ تەنها دوو کارەکتەری (ئافرەت) کە یەکێکیان خەجە وهێمای گیانێکی گشتی ودوور کەوتنەوەیە لە گیانی تاکە کەسی، خوێندنەوەیەکی نوێ بە داستانەکە دەبەخشێت ومەودایەکی فەلسەفی قووڵیش لەخۆ دەگرێت، ئەمە لەلایەك ولەلایەکی دیکەشەوە سیامەند تەنها بریتی نیە لە کەسایەتیەکی تەبا وەکو بونیادنانە درامابیە تەقلیدیەکە، بەڵکو کەسایەتی سیامەند وەك هێمایەك گوزارشت لە (مێژوو) دەکات، هەر لەبەر ئەمەشە هونەرمەند شەماڵ عومەر بۆ بەرجەستە کردنی سیامەند پەنای بردۆتە بەر بیرهێنانەوە، بەمەش چەمکی کەسایەتی سیامەند وەك هێمایەکی بالا لەچڕکردنەوەیەکی بیری گەورەدا خراوەتە ڕوو.

چارەسەرکردنی خەج وسیامەند لەم هاوکێشە هونەرییە وبەم چەشنە مامەلە کردنێکی زانستی و(ناداستان) یە لەتەك کەلەپووردا بەشێوەیەکی گشتی ولەتەك داستانەکەشدا بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو دەرئەنجامەی کە پێویستە بابەتی نوێ لەبواری دارشتنەوە بە شێوازێکی درامایی نوێ بەرجەستە بکەین، نەك تەنها کەلەپوورو داستانە کۆنەکان بهێنین ومەودایەکی بیری بدەینێ ولەبواری کۆمەڵێ تەکنیکی درامایی تەقلیدییەوە، سەرلەنوێ بەبێ هیچ تازەگەرییەك دایانبڕێژینەوە وبیانخەینە ڕوو، لەکاتێکی وادا ناگەین بەهیچ دەرەنجامێکی گرنگ وخولقێنەر. بە پێچەوانەوە هەوڵدان بۆ مامەلەکردنێکی زانستی و (ناداستان) یانە، وەك لەلای سەرەوە ئامازەمان بۆ کرد، هەوڵدانە بۆ ئاوەلاکردنەوەی دەروازەیەکی فراوانی پڕۆژەکان، هەوڵدانە بۆ دامەزراندن.

دیدی دەرهێنان لەسرووتی نمایشەکەدا بۆ جاری دووهەم ئەزموون وپڕۆژەکانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری لەوێستەگەکانی شانۆی (ژوور) لایان داوەتەوەو لە دووتوێی جەستەی پڕۆژەو کارێکی کوردییەوە ڕووبەرووی شانۆی ژوور بوونەتەوە.

هەردوو کیژی ڕیژیسۆر توانیبوویان لەو ڕووبەرە تەسکەدا (سنووری) یارییەکە بەڕوونی دیار بکەن وکەرەستە بەکارهێنراوەکانی پرۆسێسە شانۆییەکە لەنێوەندی هێل ورەنگ وپانتاییدا سرووتێکی شانۆیی پیرۆزیت یا بەرجەستە بکەن، بەرجەستەکردن وخولقاندنی ئەو سرووتە وەك لایەنە کردەیی گیانیەکە لەو بونیادە زۆر دیارکراو وچڕەدا، سنوری ئەو شانۆ ژوورەی فراوان کردبوو، بە چەشنێك ڕووبەرێکی شیعری بەرفراوانی بە سەراپای نمایشەکە بەخشیبوو، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە توانیبوویان پەیوەندیەکی هونەری لەنێوان تێکستەکە وسینۆگرافیای ئەزموونەکەدا درووست بکەن، ئەو پەیوەندیەش لەڕێگەی ووردی وبەسەلیقەیی هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەوە درووست بووبوو کە لە پرۆسیسی (ئەزموونەکە خۆیدا) بەکار هاتبوون، ئامرازەکانیش: خام، گۆچان ودەف، وەك چەند کەرەسەیەکی تەبای کوردەواری ودوای بەکارهێنانێکی وورد وزیرەکانە پردێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ویژدانی بینەراندا درووست کردبوو.

پەنابردنە بەر وێنەی شانۆیی وەك دیدێکی هونەری بۆ پرۆژەکەو بەکارهێنانی ئەو کەرەسە کوردیانەش لەخولقاندن وبونیادنانی وێنەکاندا، بارێکی هونەری گونجاویان رەخساندبوو، لەبەر ئەوە وێنەکان دەبوون بە ڕاڤەو گوزارشتێکی بەهێز بۆ پتەوکردنی گشت پەیوەندییەکان بەتایبەتیش پەیوەندیی بینەر ونمایشەکە: سەرەتا لەناوەندی بازنەیەك ولەژێر خێوەتێکی زۆر تەنگ وبەفریندا، کۆرپەی خەج وسیامەند لەسۆزی ئەزموونەکەدا دەکەوێتە جولەو دەنگێکی ناتەباش سیمایەکی نادیاری کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکات، دەنگ وجەستەی ئەکتەر لەگەڵ پارچە خامێکی سپی دەکەونە سەمایەکی شێتانەو گوزارشتێکی ڕەنگین ولە کێشمە کێشێکی گەورەی توندو تیژیی پڕ لە ژان وئازاری ژیان دەکەن، هەر ئەو پارچە خامە سپییە لە هەندێ شوێنی تردا دەبێت بە چارۆگەی کەشتییەك کە لەدەست کەشتیەوانێکی چاونەترس ونەبەردایە وڕووبەرووی شەپۆلە سەر شێتەکانی ئۆقیانووسێکی نادیار دەبێتەوە، بەڵام جوانترین گوزارشت و دیمەنی ئەو خامە لەبەرجەستەکردنی سەرشێتی وشالاوی (گا) کاندا دەردەکەوێت، خامەکە دەبێت بە گاگەلێك وبە پرتاو وبەبەرچاودا گوزەر دەکەن. گۆچان، ڕاڤەو بۆچوونی جیاواز لەخۆ دەگرێت، هێمای سەرشێتی سیامەند دەبەخشێت، لەهەمانکاتدا هۆکارێکە بۆ






پشتگیرکردنی خەجی خەجان، ئەمە جگە لەوەی لە دیمەنێکی سەربەخۆی تردا دەبێت بە داس ودروێنەش هێمایەکی ڕاستەوخۆی خێرو بەرەکەت وخۆشیە، هەروەها هەمان گۆچان لەلای پیاوە گەورە ودەستەڵاتدارەکان دەبێت بو ئامرازێکی توندوتیژ وبۆشەڕ و هەڕەشە بەکار دەهێنرێت. پەیژە هێمای سەرکەوتن دەبەخشێت، لەلایەکی دیکەوە دەبووە هێمای بارە نالەبارە پڕ لە دڵەڕاوکێ وگەڕان ونشێوی وسەختی هەوڵ وکۆششەکان، دەف وەك ئامرازەکانی تر زۆر هێمای دەبەخشی لەوانە هێزێکی بەردەوامی ووریاکردنەوە، نزیککردنەوەی دەنگە دوورەکان، خۆشنوودی وهەندێ جار هێدیبوونەوەی (خود). لەهەموو ئەمانەش گرنگتر هێمای زەنگی زایەڵە دوورەکەی مێژووی دەبەخشی، ئەم ئامرازو کەرەسانە، لەلایەك ڕۆلێکی گەورەیان لە خولقاندنی سرووتی نمایش وپەیوەندیەکانی نێوان ئەکتەرو یەکەی نمایشەکەدا گێڕابوو، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیەکانی نێوان ئەکتەرو بینەر، بینەرو نمایشەکەی لەخۆ گرتبوو، چونکە بینەر بەهۆی دابەشکردن وجوگرافیای هۆڵ وسینۆگرافیاوە ببوە بەشێك لە پرۆسە هونەریەکە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەرپرسیاریش بوو لەبەشداریکردن.

بێگومان ئەمە دەستڕەنگینی ڕیژیسۆرانی دەردەخست لەوەدا کە توانیبوویان (هۆشمەندیی بینەر بکەنە توخمێکی زیندووی کارە هونەریەکە) هۆشمەندی بینەریش مانای پێکگەیشتن (اللقاو) پێکگەیشتنیش لە ڕوانگەی دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی گشت ئاستەکان، (پەیوەندیی ئەکتەر بە ئەکتەرەوە) بەتایبەتی لەم پرۆژەیەماندا ، چونکە پاڵەوان بەمانا تەقلیدیەکەی نامێنێت، بەڵکو پاڵەوان (ئەکتەرو بینەر) ە پێکەوە، دیمەنی دروێنەو دابەشکردنی مۆمەکان لەو سرووتە شانۆییەدا، نموونەیەکی بە ئنجامگەیاندنی ئەو ڕووبەروو بوونەوەیە. ئەمەش ئاهەنگێڕانێکی بەرجەستەکراوی هونەریە لەیەکەی نمایشەکەدا. داگیرساندنی مۆمەکان، کورتکردنەوەو چڕکردنەوەی زۆر لەماناو مەوداکان بوو، بانگەوازی خێرخوازی بوو بۆ بەپیرەوە چوونی سیامەند، بانگەوازو ووریاکردنەوەی بینەر بوو.

•شانۆگەری (لە چاوەڕوانی سیامەندا) ئامادەکردنی شەماڵ عومەر ونواندن ودەرهێنانی نیگار حەسیب ومیدیا ڕەئوف وبەرهەمی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی ١٩٨٩



**میدیا ڕەنوف**

# بۆچی دەبێت فۆرمەیشن لەشانۆدا هەبێت؟

بەدرێژایی کارکردنم لەبواری شانۆدا ،هەروەها لەمیانی ئەو نمایشتەشانۆییانەی بینیومن ،هەمیشە پرسیارێکم لەلا گەڵاڵەبووە ئەویش ئەوەیە :بۆچی هەندێك لە نمایشتەکان لە یادەوریی وەرگردا دەمێننەوە و لەبەرامبەریشدا هەندێك نمایشتی تر بیردەچنەوە ؟

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کاری شانۆیی گۆڕینی بیرۆکەکانە بۆ وێنای ستاتیکایی ئەمەیش ڕاستەوخۆ و بە ڕێژەی جیاجیا و بەپێی کاریگەریی ستاتیکی وێناکان و وشیاریی وەرگر دەگوێزرێتەوە بۆ زەین (بیرەوەریی). پێکهاتەکانی ئەم وێنانە بریتیین لە ئەکتەر و سیمبولەکان ،هەروەها ئاماژەکان ، ڕووناکی ، ڕەنگەکان ، جل وبەرگ و کەرەستەکان بەشێوەیەکی هونەریی و تەبا لەگەڵ (واتا)کە، گوزارشت لە وێناکان دەکەن ،ئەویش بەو ئاڕاستەیەی کە لە نێو واقیعەوە سوپەربینراو (لامرئی) ئاشکرابکات،بەمەرجێك نوێ و داهێنراو بێت و جیاوازبێت لەگەڵ واقعێکی زانراو ی ئێکسپایەر (بەسەرچوو).

لێرەدا دەبێت ئاماژەبۆ ئەوەبکەین کە ئامانج لەم کارە نوێ یە تەنها هەڵچوون نییە ،بەڵکو بۆ داتاشین و پەرەپێدانی شێوەگەلێکی نوێیە بۆ ئەو هەڵچوونە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کاری شانۆیی







لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەوەبکەین کە هونەری شێوەکاریی کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر دراما،ئەگەربێتو بڕوانینە مێژووی شانۆ و شێوەکاریی دەبینین کە هەر لە سەردەمی شانۆی گریك و ڕۆمانی یەوە تا ئێستا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە

هەر وێنە و گرتەیەکی نێو دراما بریتیە لە تابلۆیەکی قسەکەر و بزێو کە فاکتەرەکانی شێوەکاریی لەخۆدەگرێت وەکو ڕەهەندەکان و شوێنەکانی ڕووناکی و ڕەنگەکان و ئەو قەوارانەی کە ڕۆڵێکی پڕگرنگیان هەیە لە ستاتیکای وێنەکان و جووڵەپێکردنی ئەکتەر و گرووهەکان.

هەروەها دراما لەڕێی گوزارشتکردن لە پرس و بابەتەکانی خۆی ئەویش لە چوارچێوەی تابلۆیەك یان چەند تابلۆیەك ،زۆرشتی بەخشیوەتە هونەری شێوەکاریی

پێویستە ئەوەش بڵێین کە هەندێك وێنە هەن لە زەینی وەرگردا دەمێننەوە،کە مەبەست و تایبەمەتمەندیی خۆیان هەیە لەلای بینەر،هەندێك وێنەی دیکەیش هەن وەرگر لەسەریان ڕادێت و پێیان ئاشنا دەبێت و هیچ گرنگیی و بایەخێکیان پێ نادات ،چونکە ئەو وێنانە جێی مەبەستی بینەر نین ،چونکە هەمیشە هەن و دووبارە دەبنەوە بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییەکیان هەبێت، هەروەکو ئەوەوایە هیچ شتێکت باس نەکردبێت و کاریگەریشت بەجێ نەهێشتبێت.

لەم توێژینەوەیەمدا جەختدەکەمە سەر فۆرمەیشن یاخود وێنە ،چونکە بە بڕوای من ئەوەی لە زەینی وەرگردا دەمێنێتەوە وێنەکانە واتا ئەو تابلۆیانەی لە نێو نمایشتەکەدا هەن نەك دیالۆگ ،بەو پێیەی ئێمە لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و



پێشکەوتنی بەردەوامداین ،دەبینین کە زمان دەستەوسانە لە گوزارشتکردن لە تەواوی ئەو شتانەی لەواقیعدا بوونیان هەیە ، رۆژانەو بەبەردەوامی چەندین رووداو و کارەسات هەن کە قسەکردن لەبارەیانەوە بووەتە نیمچە مەحاڵ .

ئەوەی کە دەمەوێت لێرەدا بیڵێم یان ئەوەی کە بەدوایدا دەگەڕێم چۆنێتی کێشانی ئەو وێنانەیە لەسەر شانۆ، ئەگەر هەوڵ بدەین دیمەنی شانۆیی بەش بەش بکەین بەجۆرێك لەرێی کامێرای مۆدێرنەوە بیانکەین بە چەند گرتەیەکی فۆتۆگرافی هەروەها بەبەردەوامی وێنەی یەك گرتەیەك بگرین ،ئەوکات لە چوارچێوەی شانۆکەدا لەرێی جەستەی ئەکتەرەکانەوە کۆمەڵێك تابلۆی بزێومان بەرچاودەکەوێت، هەروەها ئەگەر بەم جەستە بزێوانە بڵێین (فیگەر) وەکو ئەوەی لەزمانی شێوەکارییدا بەکاردەهێنرێت،ئەوا چەندین فیگەری بزێومان بەرچاودەکەوێت کە لەنێو چوارچێوەیەکی دیاریکراودان و ئەو چوارچێوەیەش هەمیشە لە جوڵەدایە تا کۆتایی شانۆگەرییەکە ، لێرەدا ئەمەوێ بڵێم شانۆ پێکهاتەی کۆمەڵێك تابلۆی بزێوە کە ئامانجی دەرهێنەریان لە پشتەوەیە ،دەرهێنەریش وەکو ئەو وێنەکێشەیە کە تابلۆکە دەکێشێت ، بەم پێیە ئەرکی دەرهێنەر یاخود وێنەکێش لە کێشانی تابلۆکە و دانانی رووناکی و رەنگە تەباکان و بەهەند وەرگرتنی لایەنی دیکۆر و کەرەستەکانی تر کارێکی ئێجگار وردە.







ئەگەر بەراوردبکەین لە نێوان تابلۆی شێوەکاریی و تابلۆی شانۆیی ،دەبینین کە تابلۆی شێوەکاریی گرتەیەکی گەورە (زووم)ی بێ جووڵەی گرتەی هەر دیمەنێکی شانۆییە کە لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا بەردەوام لە جوڵەدایە .

**وەرگێڕانی: کاردۆ**

# میدیا بێگەرد بەرەو چەمکە ئاینیەکان دەگەڕێتەوە

سنوری ئەو پانتاییە لەكوێی دەسەڵاتی هونەری خۆی دەست نیشان دەكات، كاتێ دەیەوێ خەیاڵێكی سینەمایی بۆ نێو كارێكی شانۆیی بگوازێتەوە ئەو یەكە هونەریە تاچەند خۆی بەهونەری پێشوو دەبەخشێت، ئایا دەكەوێتەژێر كاریگەری بەرهەمەكەو وێنەی سینەمایی دەكاتەوە بە وێنەی شانۆیی، یاخود ئەو پانتاییە لەیەكەیەكی هارمۆنی دەكات بە پرۆژەی دامەزراندنی نمایش بەنێو سیستمی دارشتنەوەو بنیاتناندا.

ئاشكرایە زۆرجار بینیومانە یا خوێندومانەتەوە كە شانۆگەریەكانی شكسپیر یا مۆلێر كراونەتە پرۆژەی سینەمایی، بەڵام زۆر بەدەگمەن ئەوە دەبینین كە كارێكی سینەمایی بۆ نمایشێكی شانۆیی بگوازرێتەوە وەك ئەوەی هونەرمەند هادی ئەلمەهدی لەشانۆگەری (ڕق لێبون– الكراهیە) دا كردی، دەقی نمایشەكەی لە سیناریۆی (سۆناتای پایز) ی بێرگمان وەرگرتووە، بۆ ئەوەش دەرهێنەر تەنیا ناوی كارەكتەرو بیرۆكەی بنەڕەتی فیلمەكەی هێشتۆتەوە، بۆ ئەوەی لەرۆژانی مەشقكردندا دەقێكی سەربەخۆ بنیان بنێت، بۆیە لەرۆژانی مەشقدا پشتی بە ئیرتیجال بەستووە، ئەوەش نزیكبوونەوەی ئەكتەرە لەواقعی زاتی، نمایشەكەش ئەو مافەی پێ دەدات،







چونكە شانۆگەریەكە بەپێی ژینگەیەك دەردەكەوێت كە ناوچەیەكە لە واقعی خۆرهەڵاتەوە نزیكە.

دەرهێنەر لەو دەقە نوێیەی كاری بۆ دەكات (شارلۆت) ی دایك كە لە فیلمەكەی بێرگمان پیانۆژەنێكە ودوو جار ئاوازێكی شۆپان دەژەنێت، كەچی دەرهێنەری نمایشەكە ئەو كارەكتەرە دەكات بە ئەكتەرێكی سینەماو شانۆ تا لەگەڵ ئەو واقیعەی كۆمەڵگای وولاتانی دەوروبەر بیگونجێنێت، لەبڕی مۆسیقاكەش دوو دیمەن لە شانۆگەرییەكانی شكسپیر وڕاسین وەردەگرێت، كە لێرەوە هێلێكی سەربەخۆ بۆ نمایشەكە دەست نیشان دەكات تا چنینێكی درامی سەربەخۆ درووست بكات، لەكاتی مەشق كردندا بەڕێگەی ئیرتیجالەوە كە دەیەوێ لەدوو ئاراستەدا ململانێی خێزانی نیشان بدات،



(ئیڤا/ ڤیکتۆر) لەلایەك بۆ بەردەوامیەتی ژیان وەك کردەیەکی بونیاتی مرۆیی، بێ ئەوەی خۆیان پەیوەست بکەن بە دەسەڵاتی دەرەکی.

پەیوەندیی (ڤیکتۆر/ شارڵۆت) لە ئاراستەی دووەمدا کە ململانێیەك لەنێوانیان درووست دەبێت لەڕێگەی چوونە نێو ئەڤینێکی حەرامکراوەوە، لە سێدارەدانی هەستی مرۆڤایەتی لەلای شارلۆت لەبەرامبەر هێلینی کچە نەخۆشەکەیدا.

ئەوەی ئیقاعێکی بەرز بە نمایشەکە دەبەخشێت لەئەنجامی ئەو بێهیواییە کەچی گەرمی وئارامیەك لەلای ئیڤا (میدیا بێگەرد) دەبینرێت، کە توانای مانەوەکردنی بە کرداری شانۆیی دەبەخشێ بۆ بونیادی کەسایەتی، فرمێسکی شارلۆت (خدیجە غانم) توانی کردە دەرەکیەکان بشواتەوە، لەڕێگەی کرداری پاکبوونەوەی ڕۆژانەدا، چونکە عەشقی شارلۆت بۆ ژیان توانیویەتی لەو کردەیەدا بەهۆی ئاماژەی ساکار هەستەکان ئاشکرا بکات لەناوەوەی کەسایەتیەکان، لێرە فرمانێك بۆ مردن هەیە لەسەر واقعێکی داخراویی نامرۆیی کە ئەوەش چەمکی جەوهەری بێرگمانە بۆ ژیان، کە هێلین لەناخەوە بەرەو تەقینەوە دەبات و لەئنجامندا بڕیاری خۆکوشتن بەئەنجام دەگەیەنێت، ئیڤاش بۆ چەمکە ئایدیە ئاینیەکان دەگەڕێتە وە، ڤیکتۆر(تەلال نەسرەدین) یش بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا دەڕواتە ناو ئیڤاوە کە









لەنێو شارلۆتی دایك چی دەوێت.

مەرگی هێلین پەرپەرچدانەوەیەکی واقعیە کە دایکەکە سەردانی ناکات وخوشکەکەی خوازیاری تۆڵەکردنەوەیە لە دایکی، مردنیش لێرە وەڵامێکی بێهاوتاییە بۆ پەیوەندیە مرۆییەکان بە واقیعەوە، ئەو مردنەش هەرگیز دەلالەتی ڕووخان لەلای وەرگر بەجێ ناهێلێت، بەڵکو سەرکەوتنێکە بۆ ئاشکراکردنی پێوەندی واقیع بە زەمەنەوە، لەچوار چێوەی مێژوو، ئەوشە بە کەناڵی گەیاندنی ململانێ وڕووبەروو بوونەوەو چاوقایمییە.

تێبینی: ئەم کورتە نوسینە لەم دوو سەرچاوەیەوە ئامادەکراوە:

-1بەرنامەی بەیانی باش– کەنالی ئاسمانی سووریا

-2گۆڤاری فنونی سوری ژمارە ٣٥٢

# ئاماژەیەک بۆ میدیا ڕەئوف

دڵسۆز حەمە

ناتوانین باس لە ڕۆژە زێڕینەكانی شانۆی كوردی بكەین (هەشتاكان) بێناوهێنانی هەندێك لەو هونەرمەندانە كە(میدیا بێگەرد) یەكێكە لەو هونەرمەندە گەورانە ، بۆ ئەوەی لە دونیای هونەر وداهێناندا كار بكەیت پێویستت بە بڕێكی گەورە هۆشیاری هەیە ، هۆشیاری بەو كارەی دەیكەیت ،بە پێی سەرنجەكانی خۆم لە كارەكانی خاتو میدیا سێ تێبینی لام دروست بون ، (میدیا بێگەرد ) هونەر وشانۆی بە هۆشیاریەوە هەڵبژاردوە ، دەزانێت چی نمایش دەكات ، چۆن نمایش دەكات و بۆچی ئەو بابەتە نمایش دەكات و ئاڕاستەی كێی دەكات وچاوەڕوانی چی دەكات لە هونەر ، كە ئەم پرسیارانە ، ئەم پرەنسیبانە بە بڕوای من گرنگترین ئەو پرەنسیبانەیە كە هونەرمەندی جددی هەمیشە كارەكانی خۆی لەسەر بینا دەكات ، شانۆیی (چاوەڕوانی سیامەند) ،(دەریا) ،(خوێنی ڕۆژهەڵاتی) لەو كارە هونەریە دەوڵەمەند وبەهێزانەی خاتو(میدیا)ن كە لە یادەوەری بینەردا ناڕوات ،چونكە هەریەك لەو كارانە لە پاڵ هێزی نواندن وئەو نمایشە دەوڵەمەند پڕهونەرەی میدیا پانتایی شانۆو چاوی بینەرەكانی پێ ئاوەدان كردەوە ، هاوكات ئەم كارانە لەو كارە سەنگین وبەناوەڕۆك وجددیانەنە كە خەمی قوڵ و پەیامی گرنگ و ئەو پرسیارە ئەخلاقیانەی تێدا بو كە ئەركی هونەرە بەردەوام ئەو پرسیارانە زیندو ڕابگرێت ،ڕۆحمان ئازاد بكات ،دڵمان ئازاد بكات هەتا بە جۆرێكی تر عاشق بین ، بە جۆرێكی تر ژیانمان خۆشبوێت ، بە جۆرێكی تر پەیوەندی لەگەڵ ژیان و بون و





ئەوانی تدا پێناسە بكەینەوە ، (میدیا) هونەرمەندێكی ڕەسەنە لە سەردەمانێكدا ڕەسەنایەتی لەبەر هەڕەشەی كاڵبونەوەی جوانی وخێرایی هونەری ئیستیهلاك و بێبۆندایە ،پەیامێكی قوڵ و دورمەودای هەی ، ئەو پەیامانەی هونەری بەرز هەڵگری دەبن ودوای قەڵەباڵغی ناكەون ، هونەری میدیا هونەرێكی جددی و پڕی جوانی و داهێنان وگەڕانە بە شوێن ئەو جێگا پەنهان و نادیار و شاراوانەی ڕۆحی ئینسان و خەمەكانی كە هەر تەنها هونەر و ئەدەب دەتوانن و بوێری ئەوەیان هەیە ئەو پانتاییانە بێننە قسە وبیدۆزنەوەو بیدوێنن و بیهێننە سەر پەڕە وسەر تەختەی شانۆ ، بینینی خاتو میدیا لەسەر تەختەی شانۆ ،پڕت دەكات لەو هەستە نەمرانەی كە مرۆڤ لە جوانی و ڕستگۆیی نزیك دەخاتەوە ، دەمانخاتە ئەو ساتەوەختەی كە چاوەڕوانی ساتەوەختێكی پڕ هونەر وجاویدان بین ،بەشبەحاڵی خۆم هەرچی كارێكی ئەم خانمە هونەرمەندە پڕ ووزەو پڕ خەیاڵەم بینیبێت هەمیشە سەرسام بوم ، بەتوانای نواندن وتوانای جوڵەو توانای دەربڕینی هونەری وتوانای هەڵبژاردنی ئەو تێكستانەی كە نمایشیان دەكات ، میدیا خان ،بۆ شانۆ و بۆ هونەر هاتۆتە دونیاوە



،بەو عەشقەوە كەوتۆتە ژیانەوە ڕاستگۆیە لە گەڵ خۆیدا هەر بۆیە بۆ ئەو پەیامەش دەژی ، لێوانلێوە لە هۆشیاری ومۆسیقا وجوانی ، هیوادارم كە هەلومەرجێكی وەهای بۆ بخولقێت هەرساڵێك كارێكی تازە ئەنجام بدات ، چونكە ئەو دەریایەكە لە ووزەی هونەری وخەیاڵی داهێنان ، بەڕاستی عاشقە ، عاشقی هونەرەكەی خۆی . عەشقیش سەرچاوەی هونەر وداهێنانە

# خوێنی ڕۆژهەڵاتی هەڵگری دەلالەتەکانی شەرەفە

کاروان کاکەسوور

لە ناوەڕاستی هەشتاکان (میدیا ڕەووف بێگەرد)م ناسی، کە هەمیشە لەپاڵ (نیگار حەسیب)دا وەك دووانەیەکی دنیای هونەر ناویان دەهات. دەشمزانی کچی (ڕەووف بێگەرد)ە، کە یەکەم چیرۆکنووسی کوردە بە جورئەتەوە چووبێتە ناو خێزان و هونەرمەندانە نهێنییەکانی ئەو دەزگایەی دەرخستبێت، کە تا ئەو کاتەیش وەك تابوو سەیر دەکرا. بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو، بەوەی دەنگێکی دیکەی مێیینە لە بواری شانۆ و نواندندا دەرکەوتووە. پێشتریش (بەدیعە دارتاش)، (گەزیزە)، (شادان فوئاد) و یەك دووانێکی تر بە توانای گەورەوە ڕوویان تێکردبوو. ڕاستییەکەی لە هەشتاکان کۆمەڵێك ژنی داهێنەر لەو بوارە دەرکەوتن لەوانە (فرمێسك مستەفا)، (تریفە جەمال). ساڵی دوو هەزار (میدیا) هاتە دانمارك و لە نزیکەوە یەکترمان ناسی، بەوەی (ڕەووف بێگەرد) پێی گوتبوو، کە من لەوێم. ئەوسا بەردەوام باسی شانۆ و نواندنمان دەکرد. یەکێ لەو جارانە من باسی تەمسیلی (بووکە خان)م هێنایە گۆڕێ و گوتم ئەمە یەکێك بوو لە کارە داهێنانەکان، بەڵام بە داخەوە نازانم ئەو ژنەی ڕۆڵی دایکی منداڵەکەی دەبینی، چیی بەسەر هات. ئەو پێکەنی و گوتی: (ئەو ژنە منم، کە ئەوسا تەمەنم تەنیا شانزدە ساڵ بوو). زۆری نەبرد (میدیا) شانۆگەریی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)ی بە زمانی عەرەبی لە







کۆپنهاگن پێشکەش کرد، کە (هادی ئەلمەهدی)ی هونەرمەند و هاوسەری پێشووی، یادی بە خێر، دەریهێنابوو. دوای تەواوبوونی شانۆگەرییەکە لە لایەن بینەرانەوە، کە زۆربەیان هونەرمەندی شانۆ و سینەما بوون، گفتوگۆی لەبارەیەوە کرا. منیش ڕای خۆمم دەربڕی، کە پێم وابوو (میدیا) لەو میلۆدرامایەدا توانایەکی گەورەی پێشان داوە. کورتەی شانۆگەرییەکە، ئەگەرچی هیچ تێکستێکی ئەدەبی کورت ناکرێتەوە، ئەوەیە، کچێك بە بێ ڕەزامەندیی کەسوکاری شوو بە کوڕێك دەکات، کە ئەو کوڕە لە تایەفەکەی خۆیان نییە. دوای ئەوەی سکی پڕ دەبێت، کوڕەکە جێی دەهێڵێت. بە تەنیا دەژیێ و کەسوکاریشی، بە تایبەتی براکەی، دەیانەوێت بیکوژن.

جارێکی دیکە لە ٢٠٠٩ ئەو شانۆگەرییەی هەر لە کۆپنهاگن نمایش کردەوە، بەڵام بە زمانی کوردی، کە ئەمجارەیان هونەرمەندی عێراقی (حەیدەر ئەبو حەیدەر) کاری دەرهێنانی لە ئەستۆ گرت. دوای نمایشەکە من خوێندنەوەیەکم بۆی کرد و لە لایەن جەماوەرەوە گفتوگۆ چ لەبارەی شانۆگەرییەکە و چ لەبارەی خوێندنەوەکەی منەوە کرا. هەر ئەو شانۆگەرییە دوو جاری تر بە زمانی کوردی پێشکەش کرا، جاری یەکەم لە سلێمانی و



جاری دووەم لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ و منیش لە هەردووکیاندا ئامادە بووم، کە دەبووایە لەبارەیەوە بدوێم. لە هەردووکیشیاندا گفتوگۆی چاك لەبارەی نمایشەکە و خوێندنەوەکەوە کرا. من لەو خوێندەوەیەمدا پێم لەسەر هەندێ خاڵی گرنگی شانۆگەرییەکە دادەگرت. هەوڵم دەدا چەمکی خوێن، جەللاد، قوربانی، چاوەڕوانی، تارمایی و زۆری تر لێك بدەمەوە. دەمویست باس لە پێوەندیی هەر یەك لەمانە بەوانی ترەوە بکەم. پێشەکی خوێن وەکو چەمکێکی کەلتووری ـ مێژوویی، بە ئاسانی بۆ ناو یادەوەریی خۆمانمان دەگەڕێنێتەوە، بۆ ناو ئەو هەموو شەڕ و کوشتارەی ساتێك لێی دانەبڕاوین. بۆ ناو دوالیزمی پیرۆزی و گڵاویمان دەباتەوە. هیچ ڕووداوێکی مێژوویی نییە، لە ئەنجامی خوێنەوە نەهاتبێتە کایەوە، بۆیە خوێن لەناو هەموو گۆڕانکارییەکاندا ئامادەیە و بەردەوامیش خۆی نوێ دەکاتەوە. هەموو گرووپ و ئیتنیك و نەتەوەکانیش لەسەر بنەمای خوێن دامەزراون. هەر خوێنیشە هەڕەشە لە لەناوچوونی ئەو گردبوونەوە کۆمەڵایەتییانە دەکات. لێرەوەیە زەمینە بۆ دەرکەوتنی جەللاد دێتە کایەوە، کە وەکو هێمایەکی دەسەڵات دەست بخاتە ناو خوێنەوە، تاکو پێوەندیی نێوان خۆی و قوربانی بکاتە شتێکی ئەزەلی، کە قوربانی تێیدا دەربازبوونی نەبێت.





(خوێنی ڕۆژهەڵاتی)، ئەگەرچی لە ڕەنگ، جۆر و پێکهاتە لە هەر خوێنێکی تر بچێت، ئەوا لە ڕووی ماناوە جیاوازە، بەوەی ئەو جیاوازیی خۆی لەسەر مێژوو، پێوەندیی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کارەکتەرەکان دادەمەزرێنێت. لێرەوە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) دەبێتە هەڵگری دەلالەتەکانی شەرەف، ئازایەتی و پیاوەتی، کە ڕەوایەتی بۆ جەللاد مسۆگەر دەکەن، تاکو بتوانێت بە چاکی پرۆسێسی کوشتنی پیرۆز بەڕێوە ببات. قوربانی و جەللاد، هەردووکیان لە ڕێگای ئەو دەلالەتە مێژوویی و سۆسیۆلۆجییانەوە دەزانن بۆ دەبێت خوێن بڕژێت، کێ خوێن بڕێژێت و هیی کێ بڕژێت، بەڵام ئەوە تەنیا جەللادە وادەی ڕژانی ئەو خوێنە دەزانێت. هەمیشە ئەو ئەجەلە لای قوربانی شاراوەیە. لێرەوەیە گەورەترین نیگەرانیی وجودی و مەرگی میتافیزیکی دێنە کایەوە، کە بەشێکن لە میکانیزمی چاوەڕوانی. لە چاوەڕوانیدا تۆ خۆت نییت، یان بە مانایەکی دیکە تۆ بوونەوەرێکی سەربەخۆ نییت، مادام تۆ لەنا خوێنێکدایت، کە لە ئەنجامی گوناهەوە دۆڕاندووتەوە و بووەتە موڵکی دەستەڵات. ئەگەرچی چاوەڕێکردن لە ڕووی زەمەنی فیزیکییەوە بەندە بە داهاتوو، بەڵام لە ڕووی زەمەنی سایکۆلۆجییەوە بە پلەی یەکەم ئێستا و ڕابردووە، چونکە هەموو نیگەرانییەکان ئەنجامی ئەزموونەکانی ڕابردوون، کە لە ئێستادا کارەکتەر دەخەنە بەردەم لێپرسینەوەوە. ئەگەر سەرنج لە زمانی کارەکتەرەکانی شانۆگەریی (لە چاوەڕوانی گۆدۆ)ی (ساموێل بیکیت) بدەین، کە خاڵییە لە هەست و سۆز و هیچ ئاماژەیەك بە ژیان نادات، ئەوسا قورسایی چاوەڕوانییمان لەناو ئەو عەدەمەدا بۆ دەردەکەوێت، کە عەدەم هەمیشە بەشێکی دانەبڕاوی دنیای (بیکیت) بووە. ئەگەر لای (ڤلادیمیر) و (ئیستراگۆن)دا هەموو ژیان لە چاوەڕوانیی تارماییەکدا کورت دەبێتەوە، کە نە مانای هەیە و نە دەتوانێت شتێك لەم نیگەرانی و تەنیاییەیاندا بگۆڕێت، ئەوا لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)دا چاوەڕوانیی ئەو کچە هێندە کوشندەیە، کە دەگاتە ئەوەی بەپێی خۆی بچێتە ماڵی باوکی، هەتا پێکرا لەگەڵ منداڵەکەیدا بیکوژن. ئەمە خۆبەدەستەوەدان نییە، بەڵکو کردارێکی پاردۆکسالییە. گەڕانە بەدوای سەرچاوەی چاوەڕوانییدا. لێرەوەیە پرۆسێسی چاوەڕوانی وا دەکات هەموو شتێك لە شێوەی تارمایی بێتە بەرچاو.

لە بەشێکی خوێندەوەکەمدا پێم لەسەر ئەو تەکنیکانە دادەگرت، کە لەو ڕێگایەوە



(میدیا) دەیویست کۆنسێپتەکانی شانۆگەرییەکە بگەیەنێت. باسم لە جووڵە، دەنگ، زمانی جەستە و ئاڕاستەکان دەکرد، کە دەیانتوانی مەسیجەکان بگەیەننە بینەر. بە مانەیکی تر چۆن (میدیا) دەیەوێت لە ڕێگای فەلسەفەی







جەستەوە وردەکارییەکانی ئەو چەمکانەمان پێ بڵێت، کە تا ئەو ساتە لامان شاراوە بووە. جووڵەکانی بەپێی حاڵەتە جیاوازەکانی سایکۆلۆجیا و تۆنی دەنگ ڕێك دەخست: بەرز، نزم، چپە و هاوار. لەناکاو نزم و دوایی بەرز. ئەگەرچی بە تەنیا لەسەر شانۆ نمایشی دەکرد، بەڵام زۆر لێهاتووانە دەیتوانی کۆمەڵێك کەسی جیاوازمان چ وەك سیما و چ وەك دەنگ بێنێتە بەرچاو. ئەو دەیتوانی جارێك کچەکە بیت، جارێك کوڕەکە، جارێك منداڵەکە، جارێك دایك، جارێك باوك و دواجاریش کۆمەڵ بێت.

ئەمە کورتەیەك بوو لەو باسەی من، کە بە شێوەی زارەکی بوو، واتە نەنووسرابووەوە. هیوادارم لە ئایندە سەرجەمی باسەکە بڵاو بکەمەوە.



# پرسیارە ڕەخنەییەکان لە نمایشی (خوێنی ڕۆژهەلاتی)

نیهاد جامی

کاتێ ڕەخنە وەك ڕووبەرێكی دەلالی بۆ زمان بیەوێ نمایشی شانۆیی بخوێنێتەوە، ئەوا پرۆسەی خوێندنەوە لەناو زمانی ووتراو ناوەستێت، بەڵکو زمانی ووتراو ئەبێ بە ئەیقونەیەك بۆ چوونە ناو زمانی بینین، تاوەکو شانۆ وەك پرۆسەی بینین وچێژ و ڕەخنە وەك میتۆد وزانست بخوێنینەوە، ئەوەش ڕزگاركردنی نمایشە لەناو ستایشکردن ویاخود هەر تۆمەتێك كە توانای سەلماندنی نیە، لێرەوە ڕەخنەی شانۆیی ڕزگاركردنی شانۆیە لەستایشی بێبنەما وهەروەها وەستاندنی تۆمەت وناشیرین کردنیشە، ڕەخنە دێت بۆ ئەوەی تەواوی پێكهاتی نمایش بخوێنێتەوە، لەم ڕوانینەوە، ئێمە هەوڵ ئەدەین لەسەر پرۆژەیەكی شانۆیی هەڵوەستە بكەین، كە بەڕێوبەرایەتی شانۆی سلێمانی تیایدا میوانداری شانۆگەری (خوێنی ڕۆژهەلاتی) كردووە، ڕۆژانی ٢٩ و٣٠ ی تەموزی ٢٠١٠ لەسەر شانۆی كۆمەڵەی هونەرە جوانەكانی كورد لە سلێمانی نمایش كرا، نوسینی (تەلال نەسرەدین) وەرگێرانی (ڕەئوف بێگەرد) نواندنی (میدیا ڕەئوف بێگەرد) سینۆگرافیا (حەیدەر ئەبوحەیدەر) ئەم شانۆگەریە یەكەمجار لە ١٩٩٨ لەدەرهێنانی (هادی ئەلمەهدی) لە سوریا نمایش كراوە و دواتریش لەچەندین وولاتی تری دنیا پێشكەش كراوە، تا سەرەنجام ئەم هەوڵە لەو سەفەرە درێژەیدا گەیشتەوە ئامێزی شانۆی كوردی.

## نووسینەوەی تێكستی مەرگی ژن

چارەسەركردن بۆ كێشەی ماڵ، بەتەنیا گرفتێكی كولتووریی نیە، بەڵكو ئەفسانەییشە، هەر لەگەڵ سەفەری ئۆدیب دەست پێدەكات، كە لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو ماڵ گەورەترین تراژیدیا دەخوڵقێنێت، ئۆدیب یەكەم كارەكتەری





ناو شانۆیە كە گەڕانەوە بەرەو ماڵ.. بۆی دەبێت بە لەدایکبوونی تراژیدیا، لەنمایشی (خوێنی ڕۆژهەلاتی) ماڵ تراژیدیای مەرگ دەخوڵقێنێت، بەهۆی ئەوەی تاكە كارەكتەری نمایشەكە، ئەو ژنەی بەهۆی عەشقەوە لەماڵ دێتە دەرەوەو لەگەڵ خۆشەویستەكەی ژیان دەباتە سەر و بەرەو ماڵێكی تر دەڕوات، بەلام سەرەنجام خۆشەویستەكەی وەك عاشقێك نامێنێتەوە، بەڵكو وەك پیاوێكی ترسنۆك بەدوای ئەوەی خۆشەویستەكەی سكی پڕ بووە بەجێی دێڵێت .

پرسیاركردن لە ئێرەبوون لەناو ئەم نمایشە پرسیار نیە لەكارەكتەر بەقەد ئەوەی پرسیارە لەناسینی ماڵ، چونكە هەر لەسەرەتاوە شوێن كە ماڵە وەك ڕووبەرێكی ترسناك خۆی دەخاتە ڕوو، بەهۆی ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی هاتنی برای ئەو ژنە ئەكەین كە بێت خوشكەكەی بكوژێت، ئەو ترسە بۆ كارەكتەری ژنەكە پرسیاری ئەوەمان ڕووبەروو ئەكاتەوە، كە ئەو كارەكتەرێكە ئەو توانای یاخی بوونەی تیا نەبووە، بەتایبەت كە دەبینین ئەو لەدەست بونیادە تەقلیدیەكانی ماڵ وزەبروزەنگی خێزان ڕای نەكردووە، بەڵكو تەنها عەشق هۆكارێك بووە بۆ ڕەدووكەوتنی وبەجێهێشتنی ماڵ، دواتر دەبینین براكەی نایەت، چونكە وەك لەگێڕانەوەی كارەكتەر بۆمان دەردەكەوێت كە براكەی كەسێكی ترسنۆك و بێدەسەلاتە، لەكۆتاییشدا دوای ئەوەی منالی ئەبێت وبەرەو ماڵ ئەگەڕێتەوە، ئەو گەڕانەوەیە تەسلیمبوونە بە مردن، بۆیە كۆرپەكەی ئەكوژن وخۆشی تەسلیمی مردنێكی مەجازی ئەبێت، چونكە ئەو مردنەی ژنەكە وون بوونە لەناو دوو پارچە قوماشی سوور وسپی ناو چوارچێوەیەك كە مردنێكی جەستەیی نەبوو، بەڵكو مردنێكی فكریی بوو، ئەوەش كوشتنی توانای ژنە وەك بوونێك، نەوەك وەك جەستە، چونكە مردنی خود واتە مەرگی ڕەگەزێتی، بەپێچەوانەی مەرگی جەستە كە تەنیا زەبروزەنگ بنیات ئەنێت، ئەوەش دەنگی تورەبوون دێنێتە كایەوە، بۆیە ئەو مەرگەی كارەكتەر مەرگێكی خودیی بوو نەك جەستەیی.

دیارە نووسەری ئەم تێكستە (تەلال نەسرەدین) ناوێكی تازەیە بۆ شانۆی كوردی، پێشتر بە كارەكانی ئاشنایەتیمان نەبووە، هەڵبەت، ئەو تێكستەش ناتوانین وەك تێكستێكی فەلسەفی قووڵ سەیر بكەین، بەقەد ئەوەی تێكستێكە سەرباری نەبوونی مانای كرنۆلۆژی بۆ بەدوا یەك نەهاتنی ڕووداوەكان، بەلام تێكستێكە سادەبوونی وای كردۆتەوە، لەزۆر شوێندا وەك تێكستێكی ڕیالیستی خۆی بخاتە ڕوو، ئەگەرچی دیدی نمایشكار ویستبێتی

ئەو ریالیستی بوونە لەزۆر شوێندا ڕەنگ نەداتەوە، کە لە ئێستادا دێینە سەر ئەو بابەتە .

## جەستەی ئەكتەر لەنێوان كردەی بایەلۆژی وپرۆسەی شانۆیی

تاکە ئەکتەری ئەم نمایشە (میدیا رەئوف) لەڕێگەی گوزارشتی دەنگ و جەستە دەیەوێت شانۆیەکمان پێشکەش بکات کە بریتی بێت لە (ووشە، گۆرانی، سەما، ترس، شادی، توڕەبوون، ڕق، خۆشەویستی) ئەوەش کارێکی ئاسان نیە و ئەرکی ئەوی زۆر سەخت کردبوو، بەهۆی ئەوەشەوە سەرەتا لە ڕیتمێکی کزەوە نواندن دەست بە جولەکانی دەکات، لە مۆسیقایەکی نزم ئەچێت، مۆسیقایەك پڕیەتی لە ترس، بۆیە کەمتر هەست بە جولە ئەکەین، بەقەد ئەوەی زیاتر ئێمە ئەبیستین، بەواتایەکیتر گێڕانەوە کردەی ووتنە نەوەك ڕووداو بێت، ئەوە ببووە هۆی ئەوەی نەتوانین تواناکانی ئەو ئەکتەرەمان بۆ دەربکەوێت کە تاچەند گوزارشتەکانی ئەمانخاتە ناو ئەو سرووتە شانۆییەوە، بەلاّم لەگەلّ لەدایکبوونی منالّەکە کە جوانترین وێنەی ناو ئەم نمایشەیە تواناکانی ئەکتەر بەرز دەبێتەوە، هەروەها لەگەلّ گۆرانیەکان، جەستە گوزارشتەکانی بەرەو چەندین فرە ئاماژەیی ئەبات، ئەوەش هەولّێکی میدیایە بۆ ڕزگارکردنی تێکست لەناو دیدگای



ریالیستیانە و هێنانی بەرەو پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ لە گەیاندنی مانادا، چونکە دیدی نووسەر وای کردبوو بەشێکی زۆری نمایشەکە بەتایبەت لە سەرەتاوە لەناو تێگەیشتنێکی تەبایانەدا نەتوانێ ڕەهەندێکی کراوە بە ئەکتەر ببەخشێت، بەتایبەت لەڕووی ئامادەبوونی جەستەوە، چونکە سەپاندنی سادەیی لەووشەدا وای کردبوو، جەستە بکەوێتە ناو دەسەلاّتی ووشەوە، ئەوە ئەگەر میدیا رەئوف ئەکتەرێکی بەتواناو بەئاگای ئێمە نەبوایە نمایشەکە بەرەو داخران لەناو ووشەدا وەك خستنە ڕووی کارێکی ئەدەبی دەمایەوە، بەلاّم تواناکانی ئەم ئەکتەرە توانی بەشێکی تێکستەکە ڕزگار بکات، لێرەدا پێویستە هەلّەیەکی میتۆدی ڕاست بکەینەوە، ئەویش لەبەکارهێنانی جەستەیە کە هەندێك پێیان وابوو دیمەنی



سێکسکردنەکە ئامادەبوونی دەسەلاّتی جەستەیە لەناو نمایشدا، لەڕاستیدا ئەوە پەیوەندیی بە ئامادەبوونی جەستە نیە لە شانۆدا، بەقەد ئەوەی توانا وبوێری ئەو خانمە ئەکتەرە بە سەلیقەیەکی هونەری بەرز خستیە ڕوو، جگە لەوە هەموو ئەو ناوبردنە بە کاری جەستەیی پێویستی بەوەیە جیاوازی جەستە لەنێوان شانۆ وبایەلۆژیا جیا بکەینەوە، چونکە سێکسکردنەکە گوزارشتێکی بایەلۆژیی بوو وەك دەرخستنی دیدێکی خودگەرایی، بەلاّم ئەوە ئامادەبوونی جەستە نەبوو، بەلّکو لەو ئاستەدا جەستە نائامادە بوو، چونکە تەنیا ئەو وێنەیەی دەخستە ڕوو، بەبێ کاریگەری بۆ بەرهەم هێنانی پرسیار لە جەستەی ئەکتەر، کە ئەوەش زیاتر ڕووبەرووی دەرهێنەر دەبێتەوە نەوەك ئەکتەر، بۆیە ئەوەی بەناوی جەستە لەشانۆدا لای هەندێك لە بینەران ڕاڤە کرا لەڕاستیدا ئەوە کردەیەکی بایەلۆژیی جەستەیی بوو نەوەك پرۆسەیەکی شانۆیی.

## ماتریالەكان لەچڕبوونەوەی زەمەنی دەرهێناندا

بەهۆی ئەوەی نمایشەکە شانۆیەکی مۆنۆدرامیە بۆیە شێوازی دەرهێنان ڕاستەوخۆ پشت بە تواناکانی ئەکتەر دەبەستێ، بەلاّم لەپالّ ئەوەدا کردەی



دەرهێنان لەڕێگەی ماتریالەکانی (چوارچێوە، قوماش، کورسی) پرسیاری جیاواز لەسەر کێشە فەلسەفیەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ ومالّ ئەخاتە ڕوو، دیدی دەرهێنان لەبەردەم تێکستدا دیدێکی تۆکمە نیە بەهۆی ئەوەی لەزۆر شوێندا لە بەردەم تێکست دەوەستێت وڕێگا بەوە دەدات تێکست قسە بکات ودەرهێنان بێدەنگ بێت، ئەو بێدەنگیەش سووڕانەوەیە بەناو بازنەی دەیالۆگ ودەرهێنەر تیایدا وون دەبێت، ئەگەرچی ئێمە لەسەر ئەم نمایشە ناوی هیچ دەرهێنەرێك نابینین، جگە لەوەی ئاماژە بۆ یەکەم نمایش کراوە کە هادی ئەلمەهدی دەرهێنەری بووە، بەلاّم ئاخۆ ئەم نمایشەی ئێمە بینیمان هەر هادی دەرهێنەری بوو؟ یاخود ئەکتەر خۆی دەرهێنەر بوو؟ یا کەسیتر؟ ئەوەش ڕوون

نەبوو، هەرچۆنێك بێت لەهەندێك شوێن بەتایبەت سەرەتای دەست كردن بە نمایشەكە هەست بە غیابی دەرهێنەر دەكەین، بەڵام دواتر لەئەنجامی قووڵ بوونەوە لەناو وێنە شانۆییەكەو سەماو گۆرانی جولەكان چڕدەبنەوە سەر سیستمێكی دەلالی، كە ئەكتەر لەتەك ماتریالەكان دەیەوێ پرسیاری تراژیدیی ماڵ بخاتە ڕوو، یەكێك لەو ماتریالانە كە شوێنگەیەكی بەهێز دەخاتە ڕوو (كورسی) ە كە هێمایە بۆ دەسەڵاتی نێرینە، هەمیشە هەموو تاوان وگوناهەكەی ڕووبەڕوو دەكرێتەوە، لێرەدا كورسی ئەبێت بە ڕەمزی پیاو، قوماشەكان لەڕێگەی ڕەنگی جیاوازەوە هەر لەسەرەتادا دەلالەتی خۆیان دەخەنە ڕوو "سوور، سپی، ڕەش" دەشێ پرسیارەكەی ئێمە لێرەدا لەوەوە دەست پێبكات كە بۆچی ڕەنگ توانای گۆڕینی دەلالەتی نەبوو، وەك چۆن منداڵ ئەبێت بە قوماش، ئەی بۆچی پاكیزەیی ئەبێت لەناو ڕەنگی سپیدا گۆڕانكاری بەسەردا نەیەت، لەلایەكیترەوە كاتێ ئێمە چوار چوارچێوەمان هەیە سێ قوماش و ڕەنگی جیاواز چوارچێوەكانیان داپۆشیووە، چوارچێوەیەكی بەتاڵمان هەیە كە ئەوە ئاماژەیە بۆ چاوەڕوانی، چاوەڕوانی هاتنی برا بۆ كووشتن یاخود ڕزگاركردنی لەلایان خۆشەویستەكەی كە كورسی بووە بە ڕەمزەكەی، ئەگەرچی قوماشە سپیەكە وەزیفەیەكی ئەوتۆی نەبوو، ڕەنگە ئەوە ناو ببرردرێت بۆ نەبوونی پاكیزەیی لەناو ماڵ، بەڵام ئاخۆ ئەوەندە بەسە بۆ بڕوا پێهێنانمان، چونكە ئەوە توانای بەشێكی چالاكی هەبوو بۆ داڕشتنەوەی پانتایی، وەك چۆن كۆكردنەوەی سێ چوارچێوەكە وداپۆشینیان بە قوماشی ڕەش هەوڵێكی بینراوی دیارە بۆ شاردنەوەی یادەوەری ماڵ كە تیایدا زەمەن بوونی نامێنێت، هەر لەبەر ئەوەش میدیا سەعاتەكەی فڕێ دەدات، بۆیە كۆتایی نمایشەكە فڕێدانی كۆمەڵە ئاماژەیەكی بینراوە بۆ پرسیاركردن لە تراژیدیای ماڵ ئەوەش توانای ئەوەی هەیە دەرگایەكی تر بكاتەوە بۆ خوێندنەوەیەكی تر كە خوێندنەوەیەكی فێمێنیستیانە بێت بۆ نمایشی (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) ئەویش خوێندنەوەیەك نیە ئێمە خۆمانی لێ بدزینەوە، بەڵكو ئەیكەینە دوا تەوەری ئەم نووسینە .

### شانۆی فێمێنیستی

گەڕان بەدوای شانۆی فێمێنیستی دەبێت لە شانۆی كلاسیكیەوە سەیری بكەین، كارەكتەرە ژنەكانی وەكو ئەنتیگۆنا بەنموونەی دەنگی نارەزایەتی ژن دەردەكەون، ئەوە ڕەگ داكووتینە بۆ لەدایكبوونی شانۆیەكی فێمێنیستی، یاخود لەتێكستە شانۆییەكانی یۆرپیدس، ئامادەبوونێكی پتەوی ژن لەناو ئەفسانەوە دەبینین، كە دەبنە سەرەتایەك بۆ لەدایكبوونی هێزی ژن لە شانۆدا، دەتوانین ئەو هەنگاوانە وەك سەرەتایەك سەیر بكەین، ئەوە دەبێتە دەرگاكردنەوەیەكی پتەو بۆ نوسەرانی وەكو هنریك ئەپسن، لە شانۆگەری (ماڵی بووكە شووشە) كە كارەكتەری نورا وەك دەنگدانەوەیەكی ژنانە لەكۆتایی شانۆگەریەكەدا ماڵ بەجێدێڵێت، چونكە چیتر ڕازی نابێت وەك بووكە شووشە سەیر بكرێت، یاخود لای لۆركا لە شانۆگەری (ماڵی بەرنادا ئەلبا) ژنان شانۆ داگیر دەكەن، هەموو هەوڵەكان چەندە گرنگی خۆیان هەبووە، بەڵام شانۆی فێمێنیستی كە بووە بە خاوەنی گروپ و نوسەرو دەرهێنەری تایبەت بە خۆی، لەجۆری كەسانی وەكو جۆزیف فیرال، شانۆیەكە بەرهەمی تێگەیشتنە لە تێكستە فەلسەفیەكان، بەتایبەت كتێبەكەی سیمۆن دی بۆفوار بەناوی (ڕەگەزی ئەویتر) هەرچەندە لەئێستا شانۆی فێمێنیستی زیاتر لەژێر كاریگەری بۆچوونە فێمێنیستیەكانی ژۆلیا كریستیفا زیاتر نزیكە.

دیارە ئەوەی جێگای نیگەرانیە ئێمە



توێژینەوەیەكی تیۆریمان نیە لەسەر ئەم شانۆیە، ئەوەش ناچاری كردین بەم شێوە ڕاگوزەرە ئاماژە بۆ ئەم شانۆیە بكەین، نەبوونی توێژینەوە لەم بوارەدا خەوشێكی ترسناكی ئێمەیە كە زۆر هەوڵی شانۆییمان فەرامۆش كردووە، چونكە ئێمە زۆرجار لەڕابردوودا هەوڵی لەم شێوەیەمان هەبووە، بەڵام نەبوونی توانا بۆ خوێندنەوەی فێمێنیستی وای كردووە ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەییە فەرامۆش بكرێت، هەڵبەت كاتێ لاپەڕەكانی قۆناغی شانۆی ئەزموونگەری كوردی هەڵئەدەینەوە دەبینین چەند هەوڵێكی شانۆیی هەبووە ئەتوانرا لەڕوانگەی ڕەخنەی شانۆی فێمێنیستی بخوێنرێتەوە، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا ئێمە ڕەخنەگرێكی وا بە ئاگامان

نەبووە تا ئەو هەوڵانەمان لەم ڕوانگەیەوە بۆ بخوێنێتەوە لەوانە "ڕۆژی سێیەم لەچاوەڕوانی گۆدۆ، لەچاوەڕوانی سیامەند" هەروەها زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکانی هاوڕێیانی گەزیزە کە لەو دیدەوە نەخوێنراوەتەوە.

## خوێنی ڕۆژهەڵاتی وەك شانۆیەکی فێمێنیستی

ئەو کاتانەی خوێندنەوەمان بۆ ئەم نمایشە توانای ئەوەی هەیە دەرگا لەخوێندنەوەیەکی تر بکاتەوە، بۆ ئەوەی وەك شانۆیەکی فێمێنیستی نمایشەکە بخوێنینەوە، بەڕاستی نازانین خۆمان لەو خوێندنەوەیە بەدوور بگرین.

ئەم نمایشە لەتەوەری ژنبوونەوە پرسیار دەخولقێنێت، پرسیار لەبارەی شوناسی ڕەگەزیەوە، ئەگەرچی پرسیارگەلێك کە زەبروزەنگی پیاو وبەرپرسیاریەتی کردنی لەهەموو ئاستەکانی ژیان، بەهۆی ئەوەی ژیانی نوێ ئەبێتە هۆی زەبروزەنگ، ئەوەش پرسیاری ئەوەمان ڕووبەروو ئەکاتەوە کە ژن بۆچی ماڵی باوك بەجێ دێڵێت، ئاخۆ عاشق بوون تاکە هۆکارێکە، بۆ یاخی بوون لەماڵ؟ بۆ ئەوەی بگەین بە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەبێت لە پرسیاری بابەتیەوە بەرەو خودگەرێتی شانۆ بڕۆین، چونکە ئێستا پێویستمان بەوەیە بزانین تایبەتمەندیەکانی ئەم نمایشە وەك شانۆیەکی فێمێنیستی تەنیا لە بابەتەوەیە یاخود لەبونیادە پێکهاتووەکانی شانۆ؟

ئێمە ژنێك لەسەر شانۆ دەبینین، گۆرانی ئەلێت.. سەما ئەکات.. یادەوەری ئەگێڕێتەوە، هەڕەشەی ئێستا لەسەر یادەوەری باس دەکات، ئێستا هیچ نیە جگە لە گەمەیەکی یادەوەری هەموو ئەمانە پێویستی بە چڕبوونەوەیە لەناو ماتریالەکان و یەکەی گوتاری بابەت، ئەوەش پێویستی بە دیدێکی دەرهێنانی ڕێکخەر هەیە کە پەیوەندیەکە لە ئاماژەوە بگۆڕێت بۆ بەرهەم هێنانەوەی دەلالەت، تێکشکاندنی وێنەی باوی دەلالەت ئاماژە بۆ دەلالەتی جیاواز وفرە دەلالەتی بەخشینەوە بە ئاماژە، چونکە چوارچێوەکان وقوماشەکان جگە لە ئامادەبوونیان وەك بینراو پێویستیان بە کەشف کردنی نەبینراو هەبوو بۆ بێزاربوون لەسیستمی زەبروزەنگی پیاو، بەتایبەت کورسی کە دەبوو وێنەیەکی قێزەونی ئەو دەسەڵاتە ڕەگەزیە بخاتە ڕوو، کە هەڵوەشاندنەوەی تێکشکاندنی وێنەی ماڵ نیە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی مانا مەجازیەکانی هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتاری پیاو بوونە، بەڵام کاتێك کورسی وەك مانایەکی ڕەمزی بۆ ئامادەبوونی دەسەڵاتی ڕەگەزی نێرینە تێکناشکێت، بەقەد ئەوەی وەك تارماییەك دەمێنێتەوە،





ئەوەش دوورمان دەخاتەوە لەرەهەندێکی ئاماژەکاری بۆ بونیادی دەلالەت، بەڵکو وەك بابەتێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەخاتە ڕوو، کە ئەوەش دەبێ بە بنەما بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی، بەڵام پێویستی بە دەقی فراوانتر وپتەوتر هەیە لەڕووی زمان وداڕشتنەوە، چونکە ئەوەیە دەمانگەیەنێتە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو، کە پرسیار نیە لە نووسەر، بەڵکو ئیدی پرسیارە لە کارەکتەری نمایشەکەمان، کە ئەو هۆکارەی ژن ماڵی باوکی تیا بەجێ دێڵێت، تەنیا مەسەلەیەکی ڕەدووکەوتنەوە پەیوەستە نیە بە بونیادە تەقلیدیەکانی ماڵەوە؟ ئاخۆ ئەوە تەنیا پەیوەندیی بە عەشقەوە هەیە؟ ئەگەر وابێت ئەی زۆربەی تێکستە فۆلکلۆریەکانی ئێمەش هەر لەو تەوەرەوە یاخی بوونی ژنی کورد بانگەشە ناکەن؟ ئایا شانۆی فێمێنیستی (کوردی) ئەگەر دەربکەوێت، بەو ئاگاییەوە خۆی دەخاتە ڕوو؟ ئاخۆ ئاگایی ژنی کوردی بۆ یاخی بوون لە سیستمی ماڵ خەونی ئازادی تەنیا وابەستە ئەکات بە ژیان لەگەڵ پیاوێك و دواجار پیاوەکەش ئەبێت بە جەللاد؟ هەموو ئەو پرسیارانە پێویستە لەو نمایشە ولەدیدی نمایشە فێمێنیستەکانی کوردی بکەین، چونکە سەفەری هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لەماڵ هەر لە ئۆدیبەوە تا نورا وکارەکتەرەکانی شانۆگەریەکانی هنری میشۆ ولاش نۆرین وسترێندبێری وئەپسن، سەفەرە لەپێناو ڕزگاربوون لەماڵ، بەڵام کاتێ ڕزگار بوون لەماڵ هیچ هۆکارێکی فەلسەفی لەپشتەوە نەبێت پێویستە بەدوای دیدی تێکستی فەلسەفی ودەرهێنانیدا بگەڕێین تاوەکو تواناکان لەناو دەنگ وجەستەی ئەکتەردا لەپاڵ بونیادەکانی تر یەکبخەین، بەتایبەت بۆ شانۆکارێکی جدی وەکو میدیا ڕەئوف کە بەیەکێك لەدەنگە چالاکەکانی شانۆ سەیری دەکەین، بۆیە جدیەت بوونی پڕۆژەکەی میدیا وا دەکات سووربوونی ئێمە لەسەر نمایشەکە ولەسەر گوتارە ڕەخنەییەکە ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەییە بێنێتە بوون، کە بەیەکێك لەو هەوڵانە دەرکەوت کە توانای گفتوگۆ وپرسیاری لەلای نێوەندە شانۆییەکە هێنایە بوون .

**فرمێسک مستەفا:**



# دەرهێنان کاری من نیە..

# خۆشم بە دەرهێنەر نازانم هێندەی بە ئەکتەر

سازدانی: شانۆكار

(تارمایی ژنێك) ناوی ئەو شانۆگەریە بوو کە لە ٢٠٠٩/١٠/٢٢ لەشاری هەولێر نمایشکرا، دوای ئەوەی لەمانگی سێپتێمبەر لەشاری فێلباخی ئەلمانیا نمایش کرابوو، تێکستی شانۆگەریەکە لە نوسینی ئیبراهیم البحر، بوو خانمە شانۆکاری کورد فرمێسك مستەفا بۆشانۆ ئامادەیکردبوو هەر خۆشی وەك ئەکتەرو دەرهێنەر ئیشی تیا کردووە، لەم نمایشەی کە لە ئەڵمانیا نیشاندراوە، سێ دەرهێنەری ناوداری شاری شتوتگار ئامادەیی دەبن. کە بۆ ئەوان دەقێکی زۆر ووردو قوڵ دەبێت، بۆیە وا ناوی دەبەن کە کار کردن لەو جۆرە دەقانە بۆ خۆی جورئەتە، هەروەها بینەرێك کە لەم نمایشە





ئامادە دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو نیوخولەکەدا هەموو مناڵی و ئازارەکانی دایکی هێنایەوە یاد، بە چاوێکی پر فرمێسکەوە ووتی "ئەم شانۆگەرییە ویژدانی هەموو پیاوێك بەخەبەر دێنێت و ووشە لەدوای ووشەی ڕاپێچت دەکات بۆ لێپرسینەوە وهەست بە خەجاڵەت بوون بەرامبەر ئەوەی ناتوانین یارمەتی ئازارەکانی ژن بدەین و مەخابن ئەوەی لە دایکمان کراوە وگوێمان لە سکالاو چاومان لە فرمێسکەکانی بووە ، کە چی لەگەڵ خێزانەکانماندا دووبارەی دەکەینەوە. ئەم جۆرە شانۆ گەریانە پاکمان دەکەنەوە" بۆگفتوگۆکردن لەسەر ئەم هەوڵە شانۆییەو وەك ئاوڕدانەوەیەك لە شانۆکار فرمێسك مستەفا بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی لە شانۆدا پێمان باش بوو ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بکەین:

**★ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم دەقە چۆن بوو؟ هۆکاری هەڵبژاردنەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– یەکەمین جار بەم دەقە ئاشنا بووم، لەڕێگای هاوڕێی بەڕێزم د.فازیل جاف بوو..کاتێ کە لەبەحرێن سەقاڵی راهێنانێکی وەرشەیی بوو، نوسەری ئەم شانۆ نامەیە، کتێبێکی پێشکەش بەو کردبوو.. کە بریتی بوو لە چەند شانۆنامەیەك، یەکێکیان ئەم دەقە بوو، کە مۆنۆدرامایەکی یەك پەردەیی بوو. ئەوە بوو دکتۆرفازیل لەنامەیەکدا، کتێبەکەی بۆ ڕەوانە کردم ، تێیدا نوسیبووی "ئەم کتێبە دەقێکی تێدایە ، لە شیوازی کارەکانی تۆوە نزیکن ، گەر پێت خۆش بێت کاری تێدا بکەیت، دەقێکی باشە لە گەل تواناو بەهرەتدا دەگونجیت ، بیکە بەپرۆژەی داهێنانێکی دیکەت" سەرەتا کە خوێندمەوە، مەیلێکی ئەو تۆم لە لا دروست نەبوو، ڕاست بوو دەقێکی زۆر پڕو چڕ بوو، بەلاّم سروشتی کار کردن لای من بە جۆرێکە، دەبێت کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبێت کە بتوانم لەگەڵ دەقەکەدا بژیم لەهەمان کاتیشدا وێنەیەکی وام لا دروست بێت ، کە بتوانم کاری دەرهێنانی تێدا بکەم. دەستم کرد بە وەرگێڕانی دەقەکە بۆ سەر زمانی کوردی، لەو کاتەدا هێدی هێدی، ئاشنایەتیەکی رۆحیم، لەگەڵ کارەکتەرەکەدا پەیدا کرد، دیمەن وسکێچی گشتیم بۆسەرەتای کارەکە دۆزیەوە..گەرچی دوای وەرگێڕان هەندێك شتم دەستکاری کرد، سەرلەنویێ ئامادەم کردەوە، بۆ نمونە کارەکتەرەکە نوسەر ناوێکی داوەتێ ، بەلاّم من ئەو ناوەم پێ نەدا، پێم خۆش بوو کە هەڵگری هیچ ناوێك نەبێت ، هەروەها شانۆ نامەکە ناوی ژنێك لە تاریکستانیدا بوو ، من گۆڕیمە



سەرتارمایی ژنێك. تازیاتر ببێتە حاڵەتێکی گشتی نەك تایبەتی.

**★ بابەت وناوەڕۆکی شانۆگەریەکە باس لەچی دەکات؟**

– تارمایی ژنێك یاخود ژنێك لە تاریکستانیدا، باس لەو ئازارانە دەکات، کە نەبینراون زۆربەکەمی ئەو لایەنەی ڕەگەزی مێینە دەبینرێت، هەستیار دەبن بەرامبەری و درکی پێ دەکەن.. وەك بریندارکردنی نیانی ژن، کە هاوتایە لەگەڵ تاوانی لێدان. لێدان ئازاردان و ئەشکەنجەدانی جەستەیە، بەڵام بریندار کردنی نیانی ژن، فەرامۆشکردن و گوێپێنەدانە ،ئازار و ئەشکەنجەی رۆحە، پشتگوێخستنی هەست ونەست وخواستەکانیەتی. بەکار هینانی بەخشندەیی و میهری ژنە لەپێناو گەیشتن بە ئارەزوە غەریزەییەکانی پیاو. بێ لەمە کێشەیەکی تری گەورەتر هەیە، کە کۆمەڵگەو یاسا ودادگاکانە و ڕێکخراوەکانە، کێشەیەکی گەورەیی جەوهەری هەیە، بە ڕواڵەت کاری بۆ دەکرێ و دوای ماوەیەك هەموو مەلەفەکان دادەخرێن، بۆیە ڕۆژانە چەندین کارەساتی جۆراو جۆر دووبارەو سێ بارە دەبنەوە، ڕەگی ئەو گرفتە لەناو ناچێت وسەرهەڵئەداتەوە. بۆ نمونە تەلاق باجی تەنها ژن ئەیدات، لە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاردا. لەبەر ئەوە ژنان ناچار دەبن مل بۆ پیاو کەچ بکەن، نە یاسا نە کۆمەڵگە لایەنی ئەم ژنانە ناگرن، بگرە سونەتی کۆمەڵگە، دەیکاتە پەڵەیەکی ڕەش بەسەر





ژیانیشیانەوە هەندێ کات.. یا کێشەی فرە ژنی و گوێ پێ نەدان بە ژنی یەکەم، ئەمانە بۆ خۆیان کێشەیەکی زیندووی ئەمڕۆکەن.. یاخود نەفرەت کردن ودڵتەنگی خێزانێك، کاتێ گەردوونی مەزن کچێکی پڕ بەخشندەیان دەکاتە دیاری.. هەستی ناحەزی لای منداڵێك چۆن دروست دەکریت و لەگەڵیدا گەورە دەبێت. یادگاریەکانی منداڵی مرۆڤێك، تەنها لێدان و سوکایەتی بێت، بەدایکی کرابێت، یا خۆی بەرامبەری کرابێت، لە لایەن کەسێکەوە کە باوکە. ئەمانە هەمووی خەون و ئازاری ژنێکن وەك تارمایی خۆی، ڕایان دەکێشێتە دووتۆی ژیانێکی دیکەوە، کە مردنەو گشتی ئەم ئازارانەش لەگەڵ خۆیدا دەکرێتە ژێر گڵەوە.

**★ چی بوو ئەوەی لەهەموو شتێ زیاتر لەدەقەکەدا سەرنجی ڕاکێشایت؟**

– ئەوەی زێدەتر سەرنجی لەم دەقەدا ڕاکێشام ئەوەیە کە کارەکتەرەکە لەدوونیایەکی دیکەیە، بە ئێمە دەگات ودیتەوە لامان خەم وپەژارەکانی خۆی والا دەکات، کەنەی توانیوە لە ژیانی راستەقینەی خۆیدا ، بەرەوڕوویان بێتەوەو نەبینراوو بوون.

**★ ئایا ئەو شێوازی کارکردنە بۆ تۆ یەکەمجارە ڕووبەڕووی دەبیتەوە یاخود پێشتر ئەزموونی لەم جۆرە تان هەبووە؟**



– بۆ من ئەمە دەبێتە سێیەم کاری لەم جۆرەم، یەکەمیان نیشتمانێکی نەفرەت لێکراو، کە مۆنۆلۆگیك بوو بۆ دوعا سازم کرد. ئەوی دیکەیان چیرۆکی کچێکی وەنەوشەیی، لە نووسینی مەهاباد قەراغی بوو، وەك کارێکی پێرفۆمانس بۆ سەر شانۆئامادەم کرد و زنجیرە نمایشێکی لێ کەوتەوە. لەهەفتەی نا بۆ توندو تیژی دژی ژناندا، لە شارۆچکەکانی کوردستاندا نمایشم کردن. ئەم چالاکییە لە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەریمی کوردستان سازدرابوو. لەهەر سێ دەقەکەدا، کارەکتەرەکان، دوای مردنیان دەگەڕێنەوە و دەمانخەنە ژێر بەرپرسیاریەتیەکی گەورەوە، بەرامبەر ئەو

تاوانەی لەمەڕیان كراوە.. كۆمەڵگە ڕسوا دەكەن، بۆ من ئەم خاڵە زۆر گرنگە وفاكتێكە، بەداخەوە نابینرێت و پەنجەی ناخرێتە سەر لەدوای مردن چی ڕوودەدات؟ گەرچی مردن كۆتایی هێنان بێت بە خەون و هیواكانمان، داخستنی مەلەفی ژیانمانە، لەهەمان كاتدا داخستنی مەلەفی هەموو ڕووداوەكانە، كەبەرامبەرمان دەكرێت و گوێ پێنەدان وپشتگوێ خستنێكی دیكەیە.. دەنا ڕۆژانە ئەم هەموو كوشتار و كارەساتانە ڕوو نادەن و دووبارەش نابنەوە، بۆ چەند هەفتەیەك دەبێتە بابەتی نێو میدیاكان و دادگایەكی ئیفلیج و یاسایەكی نا كامڵ، بۆ ماوەیەكی زۆر كورت، بەدوای كیشەكەوەن و دوای بە چارەسەرێكی عەشایری چارەسەر دەكرێت. تەواو بۆ هەتا هەتایە نەباسی لێ دەكرێتەوە، نە چارەسەریش دەكرێت.. بۆیە ئەمان خۆیان دێنەوە ژیان وباس لەخۆیان دەكەنەوە. كۆمەڵگە دەخەنە ژێر بەر پرسیاریەتی. بۆ منیش وەك ژنە شانۆكارێك، ئەوە بچوكترین لێپرسراوەتیە بەرامبەر هاوڕەگەزی خۆم، لە ڕێگای كارەكەمەوە، كە شانۆیە بیكەمە پەیام و كاری لەسەر بەكەم .

**★ كەوابێت ئەو شێوازە پێشتر لەكاری دیكەدا ئیشتان لەسەر كردووە، جیاوازی ئەو ئیشە لەگەڵ دوو ئەزموونەكەی تراتان چی بوو؟**

– شێوازی كاركردنی ئەم شانۆنامەیەم لەگەڵ هەردوو كارەكانی دیكەمدا، جیاوازی هەبوو. ئەوان بەكەرەسەی سادە، هەندێ كاتیش بێ هیچ كەرەسەیەك كارەكەم دەكرد، بەڵام پێم خۆشبوو ئەم كارەم ، تەواو جیاواز بێت كارێكی پراوپڕ بێت وهەموو پێداویستیەكانی هونەری وجوانكاری تێدا بێت. هەڵبەتا كاری مۆنۆدراما هێندە ئاسان نیە، بەتایبەتی ئەگەر تۆ خۆت ئەكتەربی و دەرهێنەریش، بێ هیچ یاریدە دەرێك، ڕۆژانە لەتەكتەوە بێت، وەك چاوێكی دیكەی تۆ بێت. یاكەسێك كارەكانی دیكەت بۆ ڕاپەڕێنێت، وەك موزیك و روناكی ودیكۆر، گشتی دەبوایە خۆم بم كردبایەو بگەڕامایە بەشوێنیدا، نەخشەم بۆ بكێشاندبایە ولەتەكیشیدا وەك ئەكتەر ڕاهێنانم بكردایە .. بۆ من ئەزمونێكی تا بڵێی پڕ جورئەت بوو.. من خۆم بە دەرهێنەر نازانم هێندەی بە ئەكتەر، دەرهێنان كاری منیش نیە، چونكە كەسێك دەتوانێ ببێتە دەرهێنەر و بەخۆی بڵێ من تەواو ئێستا دەتوانم دەرهێنەر بم، بەكارێك ودوكار و سێ كار نابێت، لەدەرهێناندا تۆ خەزێنەیەكی مەعریفی باڵات گەرەكە، لە پاڵیدا ئەزمونێكی بەرچاوت هەبێت، بەڵام تاڕادەیەك ئەزموونی تەمەنی شانۆیی خۆم





كە بریتیە لە ئەزمونێكی ئەوتۆی ئەكادیمی وچڕ. ئەوە وای كرد كەخۆم بدەم لەقەرەی دەرهێنان. لەتەكیشیدا ژیانی هونەری من وای كرد كە خۆم كارەكانی خۆم بەتەنها ڕابپەڕێنم.. هەرچەندە تا ئیستا هیچ یەكێ لەو كارانەی ئەنجامم داون، بینەری توشی شكستی و تۆران نەكردوە، ئەمەش بۆ من جێگای دڵخۆشییە. هەردوو نمایشەكانی كوردستان و ئەڵمانیاشم گەواهی ئەوەن.. كاتێ لە كوردستان دووجار نمایشم كرد خۆم و بینەریشم، بە دڵێكی خۆش و بەڕەزامەندیەوە هۆڵەكەمان جێ هێشت.. هەروەها هەردوو نمایشەكەی ئەڵمانیاشم بەهەمان شێوە، لەم نمایشەی كۆتاییمدا، هەردوو دەرهێنەری بەناوبانگ گۆستاڤ و پێتە هاوسە، ئامادەی نمایشەكە بوون، بێ لەوەی دەقەكەیان بە دەقێكی قوڵ وبەهێز ئاماژە پێدا، هەروەها كارەكەشی بەكارێكی چڕ وپڕ لەقەڵەمدا.. هاوسە لە كۆتایی دا ووتی پێم خۆش نەبوو كە نمایشەكەت كۆتایی پێهێنا، ئارەزووم بوو نیو كاتژمێری تریش لەگەڵ كارەكەدا بژیامایە.. هەروەها بینەرێكی دیكە ووتی پێویستمان بەم جۆر كارانەیە تا بە خۆماندا بچینەوە.. من لەم نیو كاتژمێرەدا هەموو بیرەوەریە تاڵەكانی منالێم و دایكم هاتەوە یاد، بەداخەوە لە چاو نوقانێكدا لە بیری دەكەین! ! ئەم نمونانە بۆ ستایش و سەنا كردنی خۆم و كارەكە نیە، بەڵكو تەنها بۆ ئەوە یە كە بڵێم ئاكامی هەموو ماندوو بوون و سەختی كە لە كارەكەدا دووچاری هاتم، بە ڕازیبوون كۆتایی هات.. چونكە كاركردن خۆی لە خۆیدا لە دەروەی وولات زۆر سەختە، بێ لەوەی دایك بیت و كاری بۆ بژێوی ژیانی خۆت كار بكەی. لەهەمان كاتیشدا داهێنانێكی هونەری ئەنجام بدەیت، ئەمە نەك خۆ هەڵكێشان بێت، بەڵكو بە حەقی خۆمی دەزانم كە شانازی پێوە بكەم، چونكە ئێمە گەر شانازی بە سەركەوتنەكانی خۆمانەوە نەكەین و لەبەرچاومان نەبن، ناتوانین داهێنانێكی تر بخولقێنین، بڕوامان بە توانای خۆمان نابێت ، نابینە خاوەنی خەونێكی دیە.

**★ ئەتەوێ لەكۆتایی ئەم دیدارە چیتر بڵێیت؟**

– پێم خۆشە سوپاسی دكتۆر فازیل بكەم، كە بەو دەقەی ئاشنا كردم، نەك هەر ئەوە، كاتێ كە لەلایان هەردوو دەرهێنەرە ئەڵمانیەكەوە پرسیاری ئەوەم لێ كرا، چۆن ئەم دەقەت هەڵبژارد؟ گوتم بۆیان هەڵبژاردم و كارم تێدا كرد، لەوكاتدا زەنگێ لام كەوتەوە، گەر دەرهێنەرێكی باش بیت، دەتوانی دەقی باشیش هەڵبژێریت وبیناسیت!

# شانۆكار لەمیوانداری پایزە دیدەنی

## كارگەر جەواد

تیپی شانۆی هۆبە لە وولاتی سوید شانۆگەری (پایزە دیدەنی) نمایشكرد، نوسینی دلاوەر قەرەداغی و بیرۆكە ودەرهێنانی دلێر محەمەد تاهیر ونواندنی پەرژین عەبدولرەحمان، نمایشەكە شانۆیەكی مۆنۆدرامی بوو تاكە ئەكتەرێك ڕۆڵی تیا دەبینی، كە هەڵدەستا بەنواندنی چەند كارەكتەرێكی جیاواز لەو بارەیەوە لە گفتوگۆیەكی تایبەت بە گۆڤاری شانۆكار خانمە شانۆكار پەرژین عەبدولرەحمان ئاماژە بۆ كەسێتی ناو شانۆییەكە دەكات، كە ڕۆڵی ژنە ڕۆژنامەنووسێكی كورد دەبینێت، كە لەگەشتێك بۆ كوردستان پەڵە هەورێكی ڕەش بە ئاسمانەوە دەبینێت، ئەو ئاماژە بۆ ئەو پەڵە هەورە ڕەشە دەكات وەك ڕەمزێك بۆ دەسەلأت، هەروەها جەخت لەسەر لایەنە دەروونیەكانی كارەكتەرە دەكاتەوە، كە ئەوەی لەماڵەكەی خۆی لە تاراوگە هاتنە ژوورەوەی ئەو پەپوولەییە لە پەنجەرەكەوە، كە پەیوەندیەكی رۆحی لەگەڵ پەپوولە كە دەبەستێت، لەدرێژەی ووتەكانیدا ووتی "باسی ئەوەی بۆ دەكات







كە لەسەر پەڵە هەورەكە چی نوسراوە پیاوێك بەرێوەیە بێت پیاوێكی تاریك پیاوێكی ترسناك پیاوێكی سامناك" ئەو ئاماژە بۆ ئەو وێنە مەجازیەی پیاو دەكات لەڕووی دەسەلأتەوە، هەروەها لەسەر ئەوە دەوەستێت كە ئەو وێنەیەی پەڵە هەورەكە جگە لەو كەسی تر نایبینێت، بۆیە كەس ئامادە نیە گوێی لێبگرێت تاوەكو كچێكی دەست گێر دەبینێت ئاو دەگێرێت ئەو ئاو فرۆشەش وەك پەرژین دەڵێت ڕەمزێكیتری ناو شانۆییەكەیە.

ئەم نمایشە پێشتر لە فێستڤاڵی شانۆی كوردی لە لەندەن كە تایبەت بوو بە شانۆی مۆنۆدراما نمایشكرا بوو، نمایشكردنەوەی وەك خۆیان دەڵێن دەستكاری هەندێك لایەنی كراوە، جگە لەوەی بووە مایەی خۆشحاڵی بینەرانی ئامادەبوو، دەرهێنەر لەم نمایشەدا ڕووبەرووی ئەزموونێكی جیاواز بۆتەوە، بەوەی لەڕێگەی ئەكتەرێكەوە دەیەوێ بۆشایی دابڕێژێتەوە، بۆیە بەلایەوە هەر بۆشاییەك خاوەنی بەهایەكی تایبەتمەندە لەو بارەیەوە دەڵێت "كردەی نمایش درووست كردنی بۆشاییە كە ئاویتە بووە بە تۆرێكی چنراوی پەیوەندی لەنیوان هەموو بوونەكانی سەر شانۆدا دیارە ئەمانەش كاری دەرهێنەر كە بۆشاییەك درووست بكات سیستەمیكی پەیوەندی تێدابێت" ئەو كارە كە دەچێتە




سەر ئەكتەرێكەوە وەزیفەكەی گرانتر دەبێت، بۆیە جەخت لەسەر ئەو سیستمە پەیوەندیە دەكاتەوە، ئەوە دەشوبهێنێ بەهونەری شێوەكاری، زیاتر لەسەر ئەو پەیوەندیە دەوەستێت "پەیوەندی نیوان فیگورو رەنگ و هێڵەكان بەهایەك دەبەخشێت، بەلام دیارە لە شانۆدا بزاووتن هەیە، فیگوری بزێوت هەیە بۆیە كارەكە جیاوازە گەر دەرهێنەر دەركی بۆ گرنگی ئەو تۆرە لە پەیوەندی كرد ئەوا تاكە ئەكتەرێكیش هەبیت رێگر نابێت لە درووست كردنی بۆشاییەكی هونەری بەها بەخش"

لەبارەی ئەو ئەزموونە هاوبەشە دەرهێنەر لەسەر پەیوەندیی خۆی و پەرژین دەوەستێت ودەڵێت "من و پەرژین




مێژوییەکمان هەبووە پێشتر وەك هاوڕێ کارمان کردوە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان تواناو تاقەی دەزانم بای چەندە بۆمن ئاسانترە کە کاری لەگەڵدا بکەم"
سەبارەت بە شێوازی کارکردن جەخت لەوە دەکاتەوە کە ستایلێکی تایبەت نیە کاری لەسەردا بکات، ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو لایەنەی دەرهێنەر پێویستی بەگەڕانە نەك هەڵگری شێوازێك بێت، لەو بارەیەوە زیاتر لەسەر پەیوەندی شانۆگەریەکە دەوەستێت و دەڵێت "لەم نمایشەدا هەولم دابوو حیوار ون نەبێت دەقەکە دەقێکی شیعریی بوو گرنگ بوو ڕستەیك یاخود ووشەیەکیش ون نەبێت، دەتوانم بلێم هاوتەریبێك هەبوو لەنێوان حیواروجەستە کەسیان زاڵ نەبوو بوون بەسەر یەکدا"

هەر سەبارەت بە ئیشکردن لەسەر ئاماژەکانی ئەکتەر، دلێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ئەزموونی پێشووتری لەتەك پەرژین هەیە، ئەوە هاوکاری ئەوەی کردووە کە تواناکانی بخاتەگەڕ، ئەوەش ناو دەنێ بە "لەم ڕوانگەیەوە کارمان کردوە لەگەل ئەکتەر بۆیە هەوڵماندابوو هەموو شتێك بە پلان بێت.. ئەگەر تیلقاییەتێك هەبووبێت لە نواندندا ئەو کۆنترۆوڵ کراوە ئەوا نمایش کراوە"

دەرهێنەر دلێر محەمەد تاهیر دامەزرێنەری گروپی هونەری هۆبەیە، ئەو پێشتر پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی دەرهێنانی تەواو کردووە، وەك






شانۆکارێکی چالاك بەشداری لەبزووتنەوەی شانۆی کوردی لەکوردستان کردووەو ئەندامی دامەزرێنەری تیپی هونەری وێستگەی ژین بووە ئەو تیپەی دوای ڕاپەڕین بە چەندین نمایشی شانۆیی بەشداری لەو بزووتنەوە شانۆییە لە شاری سلێمانی کردووە، دلێر وەکو ئەکتەر لەو تیپەو لەناو پەیمانگا لەچەندین نمایشی شانۆیی بەشداری کردووە لەوانە "قەڵای دم دم، ئۆدیبی پاشا، بەسەر شۆستەی نەویستنەوە، کاتژمێری سفر، خۆڕاگرتن، دێزدەمونە" هەروەها وەك دەرهێنەر خاوەنی سێ ئەزموونی دەرهێنانە لەوانە (زنجیرەکان) و(کارەسات) هەروەها بەشانۆگەری (کارەکەرەکان) توانی خەڵاتی باشترین بەرهەمی وەرگرت لە فێستڤاڵی شانۆی بەرێوبەرایەتی ڕۆشنبیریی، لەگەڵ چوونی بۆ سوید پێشتر شانۆگەری (کەپری) نمایش کردووە، لەفێستڤاڵی شانۆی کوردی لە لەندەن بە پایزە دیدەنی بەشداری کردبوو، ئەو شانۆگەریەی جارێکیتر لەسوید نمایشی کردەوە، بەڵام ئاخۆ لەم نمایشەدا دلێر محەمەد بەتەواوی تەسلیمی تێکستە نووسراوەکەی دلاوەر قەرەداغی بووە یاخود ویستوویەتی ووتراو بە جولە بگۆڕێت؟ لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا دلێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بیرۆکەی تێکستەکە هی خۆی بووە، ئەوە جگە لەوەی ئاماژە بۆ جوانی زمان و داڕشتنەوەی قووڵتری دلاوەر دەکات بۆ تێکستەکە، لەدرێژەی ئەو بۆچوونە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت "کەم تازۆر تێکست بۆ من گرنگی خۆی هەبووە.. هەوڵمداوە ووشە بەووشەی بگات و وون نەبێت لە نێوان جولەکانی ئەکتەردا.. دەسەڵاتی جولەو ووشە دووهێلی تەریب بوو لەلای ئێمە، بەڵام هەموو ئەمانە وای لێنەکردین کە لە دەرەوەی تێکستەکەی بینینێکی ترو گووتاریکی تر بەرهەم نەهێنین ..کە بریتیە لە جیهانە شاراوەکانی ئەم تیکستە"

ئەکتەری ئەم نمایش پەرژین عەبدولرەحمان ئەزموونی ئەو لەتەك نواندن بۆ ڕۆژانی خوێندنی بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەگەڕێتەوە، تا ئەمڕۆ ئەم نمایشانەی وەك ئەکتەر بەشداری تیا کردووە بریتین لە "ئۆدیبی پاشا، شەوی بکوژان، دوا یاری، فاوست ونەوروز، گوڵەکان بۆ کێ، کەپر" ساڵی ١٩٩٦ بە شانۆگەری (کارەکەرەکان) خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەری فێستڤاڵی شانۆی بەرێوبەرایەتی ڕۆشنبیریی سلێمانی وەرگرتووە، لەسوید بەشداری لەچوار شانۆگەری کردووە کە یەکێکیان بەزمانی سویدی بووە، ئەو بڕوای وایە کە ئەو نەکەوتۆتە ناو دوورکەوتنەوە لەشانۆ




بەقەد ئەوەی ئەوە میدیای کوردیە لەو کارانەی ئەوان بێئاگان، ئەو میدیایەی بەوە ناوبرد دوور لە بەرچاوخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری و شانۆیی کار دەکەن دەڵێت "زۆربەیان سەریان کز کردووە لە ژێرەوە مووچەکانیان ئەبژێرن.. من ١١ ساڵە لەوولاتی سوید ئەژیم. دەرچووی پەیمانگای بالاّم لەبواری بەرێوەبردن و بەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنیدا" زیارت لەسەر ئەو حالەتەی میدیای کوردی دەوەستێت ودەڵێت "یارمەتی و پشت گیرکردن و بوار رەخساندن بۆ کاری شانۆ لە دەرەوەی وولات زۆر بچووکە بەتایبەت بەزمانی خۆت کار بکەیت. دڵنیابن شەرێکی سەیرە دەیکەین .چونکە هیچ زەمینەیەك و توانایەکی مادی نییە ئێمە لەدەرەوەی کوردستان بەزمانی کوردی، کار دەکەی بۆ بینەری کوردی، ئەودەزگا سویدیانەی یارمەتی چالاکی بێگانە دەدەن سنووردارە چونکە بۆ کەمینەی خەڵکە لەچاو دانیشتوانی سویدا" پەرژین باس لەو بەردەوامیە دەکات دوای کارەکەرەکان کە هاتۆتە دەرەوە، بەدوای پایزە دیدەنی ئەو هەستەی خستە ڕوو کە بەگەرم وگوڕیەکی زیاترەوە حەزی بەکارکردن دەبێت.

هەڵبەت ئەوە یەکەم کاری ئەو نیە لەتەك دلێر محەمەد تاهیر، بەلاّم پەرژین تاچەند هەست بەو تێپەڕاندنە دەکات بەدوای (کارەکەرەکان) لەناو تواناکانی خۆی وەك ئەکتەر درووستی کردووە؟ هەڵبەت ئەوە








بەتەنها نابێت بە پرسیاری ئێمە، بەڵکو پرسیاری هەموو ئەوانەیە لەو خانمە ئەکتەرە کە سەر شانۆکانی کوردستانی جێهێشتووە، پایزە دیدەنی بۆ پەرژین نواندنێکە وەك خۆی دەریدەخات بەبێ هەڵچوون و هاوارکردنە، لەکاتێکدا دەرخەری کارەساتێکی گەورەیە، کە هێزو قوڕسیەکی بداتێ کە بە تەواوی بگاتە بینەر بۆ گرنگیدان بەووشە لەکارەکەدان لەو بارەیەوە دەڵێت "ووشە زۆرجار گرنگە بەبێئەوەی تەرجەمەی بکەم بۆ جولەیەکی جەستەیی، دلاوەر قەرەداغی هێندە ڕستەی پڕماناوبێ هەڵچوون و لەهەمان کاتدا شاعیری نووسیەوە هەر ڕستەکان خۆی بگەێنیتە گوێی بینەر کاریگەری خۆی درووست دەکات" جیاوازی ئەو ئیشەشی لەگەڵ کارەکەرەکان بەخاڵێکی جەوهەری لەیەکتر جیاکردەوە، بەوەی "لە کارەکەرەکان زمانی جەستەی زیاتر تیا بەکار هاتبوو، بەلاّم پایزە دیدەنی ووشە خۆی کاری پێدەکرێت بەلاّم هەندێ جاریش جەستە ڕستەکان دەداتە بینەر" ئەزموونی دەرکەوتنی ژن لەمۆنۆدرامای شانۆییمان سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەزیزە لە شانۆگەری (سروودێکی خۆشەویستی) دواتر لە (دارتووەکە) و(پاڵتۆکەی میر) درێژ بۆتەوە، بەواتای ئەوە یەکەمجار نیە ژنی کورد لەمۆنۆدرامادا ببینین، بۆیە لێمان پرسی: ئاخۆ هەست ئەکات ئەتوانێ وەك ڕەگەزی مێ ئەو توانا مەزنە بەرجەستە بکات؟ پەرژین هیوای ئەوە دەخوازێ بەوەی ئەوەی کارەکتەری ناو شانۆگەریەکە




ویستوویەتی بەرجەستەی کردبێت، ئەو حوکمەش بۆ بینەران بەجێدێلێت، کە ئەوە بینەرە ئەتوانێ حوکمی ئەوە بدات کە چۆن تواناکانی خۆی دەرخستووە، ئەو هەرچەندە درك بە قورسی ئەو هونەرە دەکات، بۆیە هەوڵێکی زۆری لەو پرۆژەیەدا خستۆتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت "لەکوردستان و لەدەرەوەش ژنە ئەکتەری شانۆی زۆر بەتواناو لێهاتوومان هەیە زۆر شتێکی خۆشە ئەگەر منیش ژنە ئەکتەرێکی بەتوانابم، بەلام ئەوە بینەرەکەم بریار دەدات" بۆیە ئەو سەرەنجام بڕیارەکە دەخاتە بەردەم بینەرانەوە، بەڵام ئاخۆ بینەران چۆن سەیری پەرژین و پایزە دیدەنی دەکەن؟

شانۆکار محەمەد سەید عەلی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر باس لە هەولۆ تەقەللاکانی شانۆکاری کورد لە خۆرئاوا دەکات وکۆکردنەوەی بینەر بە کارێکی پۆزەتیفی ناو دەبات، ئەوسا دێتە سەر ئەو نمایشە، ڕەخنەکانی لەوەدا کورتکردەوە کە ئەکتەر لەهەندێك شوێندا نەیدەتوانی حالەتەکانی باش بگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەدا لەسەر سەختی مۆنۆدراما هەڵوەستەی کرد ووتی "ئەوەش کارێکی ئاسان نیە کە بۆماوەی چل و پێنچ دەقیقە بۆ کاتژمێرێك دەوربببینیت قورسیەکی تێدایە لەهەمان کات ئەوەی تۆ دەتەوێت چۆن دەیگەیێنیت، حالەتێکی تێدایە کەدوو کارەکتەر دەبینی من دەست خۆشی لی دەکەم زۆر جار نزیك دەبووە لە










ڕۆڵی دووەم"

گۆڤان قادر بینەرێکیتری ناو هۆڵی نمایش بوو، ئەو نمایشە دەکاتە گەواهی بوونی بزووتنەوەی شانۆکاری کورد لەخۆرئاوا، هەرچی لەبارەی نەبوونی بینەریشە لەم نمایشانە ووتی "کاتێك دەوترێ بینەری شانۆ نیە ڕاست نیە ئەمە بۆچونی شانۆکارانی کار نەکردووە دەبێت ئەوان بتوانن بەکارەکانیان بینەر دروست بکەن" زەند عەبدولرەحمان بینەرێکی تر بوو کە هاوڕا بوو لەتەك بۆچوونەکانی گۆڤان بوونی کاری شانۆیی لە خۆرئاوا بەکارێکی قورس وەسف کرد، لەسەر نمایشەکەش ووتی "لە هەموو لایەنێکەوە بە گشتی لەرووی هەلبژادنی دەق دەقێکی جوان بوو، دەکرا کارکردنێکی باشتری بۆ بکرایا چەن شتێك هەبوو کە بینەری بێزار دەکرد ئەوە بوو کە ئینارەیەك هەبوو بینەری بێزار دەکرد کە چاوی بینەری کال دەکرد دەمووچاوی ئەکتەرەکە باش نەدەبینرا، رەنگە جوانترین ئیمائەی هەبوو بێت بەلام من نەم دەبینی، لەرووی هەموو ئەم شتانە دەلێم پەرژین کەسێکی بەتوانا بوو، پێم وایە هەموو رۆلەکەی نەبینی بوایە لە رۆلێکا بمانبینی بوایە زۆر جوانتر دەبوو ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ دەرهێنەر" هەر لەدرێژەی ووتەکانی ئەوەشی خستە ڕوو کە پایزە دیدەنی نمایشێکی جوان بوو دەمێکە لە ئەورووپا شانۆکاری کورد کاری وای نەکردووە.

# شانۆكارانی هەولێر لەبەردەم ئاستەنگەكانی شانۆدا

بزووتنەوەی شانۆیی لەشاری هەولێر سەرباری كاركردنی شانۆكاران بەلاّم ئەو شەپۆلّە لەنمایشی شانۆیی توانای بەخشینی بزووتنەوەیەكی چالاكی نیە، ئەوە لەكاتێكدا جگە لە تیپە شانۆییەكانی شارەكە دەزگایەكی تایبەت بەشانۆ بەناوی بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆ لەشارەكە هەیە لەپالّ بوونی كۆلێژی هونەرە جوانەكان و پەیمانگای هونەرە جوانەكان، كە هەریەك لەو دامەزراوانە لەشانۆدا كار دەكەن و لەهەر وەرزێكدا چەندین نمایشی شانۆیی بەرهەم دێنن، دیارە شانۆ لەهەولێر هیچ كاتێك وەك ئێستا نەچۆتە ناو ئەو دۆخی بێدەنگیەوە، مێژووی ئەو بزووتنەوە شانۆییە ئیشكردن بووە لەناو تێكستی خۆمالّی و لەكۆتاییەكانی هەشتاكاندا چەند هەولّێكی شەرمن بۆ شانۆی ئەزموونگەری دراوە، دواتر لەناوەڕاستی نەوەتەكانەوە بزووتنەوەیەكی شانۆی لاوان لەسەر دەستی كۆمەلّە لاوێكی شانۆیی دەستی پێكرد، كە ماوەی دە سالّی خایاند، ئەمڕۆ لەگەلّ كاركردنی بەردەوامی ئەو لاوانە بەلاّم هەمووان بیانووی سستی ئەو بزووتنەوەیە بۆ چەندین هۆكاری تایبەت دەگەڕێننەوە، بەمەبەستی گفتوگۆكردن وئاوڕدانەوە لەو سستیە بەرۆكی شانۆی هەولێری گرتووە، ئاخۆ لەكاتێكدا شەپۆلێك بزوتنەوەی شانۆیی ئامادە بوونی هەیە، كەچی نەتوانراوە شانۆ لەو ئاستەنگە تێدا رزگار بكرێت؟ بەبۆچوونی شانۆكار مەهدی حەسەن نمایشی شانۆیی بوونی هەیە بەلاّم ئەوەی خواستی شانۆكارانی جدیە ئەوە









وونە، بەراووردكردنەكەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو قۆناغەو سەرەتای نەوەدەكان لەو بارەیەوە دەلّێت "ئەوەی من لەسەرەتای نەوەتەكانەوە دەمبینی ئێستا نایان بینم، ئەو كات خەمێك هەبوو.. بەرامبەرەكەت زیاتر لێی وەردەگرتی ولێی داوا دەكردی، بەلاّم ئێستا من لە وەرگرەوە هەست بە خەلەلەكان دەكەم، پاشان لە نمایش و دەرهێنەر و نوسەر واتە تەواو پێچەوانەوە بۆتەوە لای من" ئەو هۆكارەكە تەنها بۆ شانۆكار ناگەڕێنێتەوە، بەلّكو بۆ وون بوونی خەمی شانۆیی ونەبوونی بەرپرسیاریەتی لەلای بینەرو شانۆكار، یونس عوسمانی ئەكتەرو مامۆستای بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی هەولێر هاوڕایە لەگەلّ ئەو بۆچوونە، بەهۆی ئەوەی هاوكێشەو پێوەری شانۆ بە نمایش وبینەر ناو دەبات، بە بڕوای ئەو بینەر چاوێكی كراوەو دوور بینە لە تێروانینی بۆ بابەتەكان، چونكە بینەری شانۆ هەموو چین و توێژێك و هەموو ئاستێك لەخۆ دەگرێت، ئەو جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەكاتەوە كە سستی شانۆ بەندە بەهەردووكیانەوە ڕۆلّی بینەر بەكەمتر نازانێ لە ڕۆلّی شانۆكار بۆیە دەلّێت "بینەر بەو پێیەی كە وەرگرە هەمیشە ئارەزووی بینینی كاری بەپێزە, بەدوای بابەتێك دەگەرێت كە لەگەل ژیانی تەریبن و لێی جیانابنەوە, لەبەر ئەوە دەبێ شانۆكار كە نمایشەكە ئەنجام دەدات بەدوای ئەو بابەتانەدا بگەرێت كە سەرنج راكێشن و كاریگەریان هەیە لەسەر بینەر، رەنگە ئەم بۆچوونە لای كەسانێك وا شی



بكرێتەوە كە دەبێ ئێمە لەگەل بینەرو بەپێی میزاجی ئەوان كاربكەین" ئەوەش كە بینەر بەرەو ڕووی ناڕوات بەشێكی دەخاتە ئەستۆی شانۆكارەوە بەوەی لەتەك خەون وخلیای بینەر ڕێ ناكات.

بەلای كارۆخ ئیبراهیم حەكیم سەرۆكی گروپی گەنج بۆ شانۆ بوونی كۆمەلێك نمایش مانای وانیە كە قسە لە بزووتنەوەیەكی شانۆیی بكرێت، ئەوە بەكاری توێژینەوەی زانستی ناو دەبات، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای وانیە كە شانۆ لە ئاستەنگدا بێت وەك ئەو دەری دەریدەخات پەیامی سەرەكی هەر شانۆیەك سەركەوتنە بەسەر تەگەرەكاندا، بۆیە دەلێت "ئەو تەگەرانەی كە لە دەرەوەی پرۆژەیەكی شانۆیی هەن بۆ ئەوەی لە پەیام و مەبەستی شانۆیەك بدەن، تایبەت نین بە خودی شانۆ، بەلكو تایبەتە بە خودی ئەو عەقلیەتەی بەدەرە لە بیركردنەوەیەكی حەكیمیانە بۆ ڕێگە گرتن لە هەموو ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی







دروست بوونی ئاستەنگەكان"

كارۆخ یەكێكە لەو شانۆكارە چالاكانەی كە گروپەكەیان بەردەوام خەریكی كاری شانۆیین، بڕوای وایە ئیدی بینەریش هەست بە بەرزی ونزمی ناو نمایشەكان دەكات، ئەوەش تا ڕادەیەك نزیكمان دەكاتەوە لە بۆچوونەكانیتر چونكە پەیوەندیەكی پتەو هەیە لەنێوان شانۆكارو بینەر، هەرچی دیار عومەری ئەكتەرو دەرهێنەرە هۆكارەكە زیاتر دەخاتە ئەستۆی شانۆكارانەوە بەوەی ئەوە شانۆكارانن كە بەتەنگ خەمی شانۆكەوە نەبوونە وئیشیان لەسەر پرسیارەكانی ئەو قەیرانە شانۆییە نەكردووە، ئەو لەسەر بیانووی شانۆكاران دەوەستێت بەوەی لە نەوەدەكان بیانوویان نەبوونی مادده بووە، بەلاّم ئێستا سەرباری بوونی مادەی زۆر وبوونی چەند مینبەرو پەنجەرەی زۆرتر



وئەنتەرنێت بەتایبەت، بەڵام شانۆ لەپەکەوتوویی خۆی سەلماندووە، بۆیە دەڵێت "ناکرێ ئێمە چەند کارێکی لاوازیی شانۆیی بە جولەی شانۆ ناوبەرین کە لەچەندین لایەن لاوازیەکی ئەوتۆی پێوە دیارە کە هەست دەکرێ تەنیا پاڵنەرە مادیەکان نەبێ هیچیتری لەپەناوە نیە" دوورکەوتنەوەی شانۆکاران لە شانۆو ڕووکردنە میدیاکان وای کردووە ئەو لاوازیە هەست پێ بکرێت وەك مەهدی حەسەن لەو بارەیە ئەوە بە یەکێك لەهۆکارەکان دەزانێت، بەوەی تواناو وزەی شانۆکار لەبواری تردا سەرف دەکرێت، مەهدی بڕوای وایە شانۆکاری جدی کاتی جدی دەوێ، ئەگەر هونەرمەند کاتی تەواوی بۆ تەرخان نەکات دابڕان درووست دەبێت، هەموو دابڕانێکیش داهێنان کەم دەکاتەوە، کە داهێنانیش نەبوو نمایشەکان بەو شێوەیە دەبن کە دەیانبینین.

کارۆخ ئیبراهیم نە بوونی پەیامێکی راستەقینە کە دواتر دەبێتە هۆکاری پێشکەش کردنی بەرهەمێکی کرچ و کاڵ و خاڵی دەبێت لە هەموو ئەو ئامانجانەی مەبەستیەتی بیگەینێت بە یەکێك لە خاڵی ئەو ئاستەنگە دەزانێت، وەك چۆن دابەزینی شانۆکار بۆ ئاستی حەزەکانی بینەر ئەوشە بە خەوشێکیتر ناو دەبات ودەڵێت "شۆڕ بوونەوەی بۆ حەزەکانی بینەر، بە واتای خاوەنی حەزێکی هونەرییانەی خۆی نییە، ئەمەشە دەبێت هۆکاری ئەوەی شۆڕ بێتەوە بۆ حەزەکانی بینەر و یاری لە نێو بازنەی بەرامبەردا





بکات" هەروەها جەخت لە لایەنی مەعریفی و نەبوونی ووزە وخەسارکردنی ووزە وەك چۆن پێشتر مەهدی حەسەنیش ئاماژەی بۆ ئەو خاڵە کرد، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت "نەبوونی عەقڵیەتێکی باشی زانستیانە بۆ پرۆژە جدییەکانی شانۆ لەلایەن کەسە ئیداری و پەیوەندیدارەکان کلیلی کردنەوەی دەرگای ئاستەنگەکانە لەبەردەم هونەری شانۆ"

یونس عوسمان دوورکەوتنەوەی شانۆکار لەواقعی کۆمەڵگا بە بەشێکی ئەو هۆکارە دەزانێ ئەوشە دەخاتە ئەستۆی شانۆکار کە پێویستە هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی ئەو دەق و بابەتانەی کە ووتارێك هەڵدەگرن, پێویستە هەموو هەولێکی لەگەل ئەمرۆ ببەستێتەوە، مەرج نیە هەموو کات دەقی باش گونجاو دەست کەوێ پێویستە شانۆکار خۆ هەولی بۆ بدات بۆ ئەوشە دەڵێت "مەرجە بابەت بینەر رابکێشێ و گفتوگۆ دروست بکات لە نێوەندەکاندا نەك بابەتێکی بێ نرخ بێت و راستەوخۆ دوای تەواو بوونی نمایشەکە لە یادەوەریدا رەش بێتەوە"

دیار عومەر لایەنێکیتری ئەو ئاستەنگانە دەخاتە ڕوو بەوەی ئەو بڕە پارەی ئێستا بۆهەندێ لەهونەرمەندان سەرف دەکرێ ناوی دەبات بەوەی نامەعقوولیەکی بەکاری شانۆیی داوەو بەیەکێك لەهۆکارە هەرە سەرەکیەکانی قەیرانی شانۆ لە ئەمرۆی ئێستای کوردستان دەیبینێت، دەڵێت "دەکرێ شانۆ بە بڕە پارەیەکی ئێکجار کەم بکرێ گرنگ لایەنی تەکینکی وهونەری بگرە سینۆگرافی شانۆیەکە لە ئاستی جیاتر لەوەی کە بڕە ماددەکەی بۆ سەرف کراوە باشتر بێ" ئەو درێژە بە قسەکانی خۆی دەدات وپرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ جیاوازی لەنێوان ئەو دوو کارە کراوە ئەوانەی پارەی خەیاڵاویان بۆ سەرف دەکرێت لەگەڵ ئەوانەی بێ پارە کار دەکەن، هەروەها باس لەو بودجەیە دەکات کە بۆ تیپە مۆڵەت پێدراوەکان دانراوە کە جیاوازی زۆریش لەڕووی ماددی لەنێوانیان هەیە وەك ئەو دەڵێت "بەڵام ئاستی کارکردنی هیچ کام لەو تیپانە نەیانتوانیووە شانۆ پەلکێشی پانتاییەکی ئارامتر لەو فەوزایەی ئێستا بکەن وبگرە کەمێك لە تیپەکان خۆیان بە قەیرانەکە دەزانم وتەنیا پارە دابەشکردنە وهیچیترنا"



بشار علیوی

# ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری کوردی

لەچوارچێوەی چاپکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد– کەرکوک، هونەرمەندی شانۆکار نیهاد جامی کتێبێکی تری بەزمانی کوردی و بەقەبارەی ١٣٠ لاپەرە دەرکرد بەناوی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری) کتێبەکە هەشت تەوەری لەبارەی ئەزموونکاریەت گرتۆتە خۆی، چونکە ووتەزای ئەزموون وئەزموونکاریەت لەشانۆدا خاوەنی فرە مانابیە، هیچ ئەفراندنێکی تازەکەرەوە نیە کە وەسفێکی تازەگەری بگرێتە خۆی لەڕووی ڕووەکانی نووسینی درامی یا نمایشی شانۆیی، تەنها ئەو کاتەی ناوێك لەخۆی دەنێت، ئەو ناونانە کارێکی ئەزموونکاریانە بێت، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەنجامدانی دەرهێنەرانی رووسیای دوای ستانسلافیکی و هەروەها دەرهێنەرانی ئەڵمانی و پۆڵەندی بەو پێیەی کە ئەزموونکار بوون.

نووسەر لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەیدا کە تایبەتە بە شانۆی ئەزموونگەری، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونگەری لەرێگەی وابەستەکردنی بەزانستە مرۆڤایەتیەکان، ئەوەش لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بوو، کە ئەزموونگەری








تا ئەمرۆش پەیوەندیی هەیە بە لابۆرەوە، لەو لۆژیکەوە بڵاوبوونەوەی ئەزموونگەری وەك بنەمایەك لەناو بونیادی شانۆدایە.

برێخت ساڵی ١٩٣٩ لەووتارێکدا لەبارەی شانۆی ئەزموونگەری ئەوە دەخاتە ڕوو "لەبەر ئەوەی هەر شتێك نائەرستۆیی بوو ئەزموونگەریە" بەو هۆیەشەوە سترێندبێرگ وگۆرکی و چیخۆف بە ئەزموونگەر ناو دەبات، زاراوەی ئەزموونگەری لەشانۆدا یەکەمجار لەساڵی ١٨٩٤ بەکار هاتووە، کاتێ لەرۆژنامەی (مۆنتیر یۆنیفێرسال) باس لە شانۆی سەربەستی ئەندریە ئەنتوانی کردوە، بەوەی شانۆ ئاراستەکراوە بۆ ئایندە تا ئەوەی دەبێ بە ئەزموونگەری، ئەوەش لای هەموومان زانراوە کە شانۆکاری فەرەنسی ئەلفرید جاری دامەزرێنەری شانۆی ئەزموونگەریە، هەروەها لە فەرهەنگی زاراوە درامی وشانۆییەکانی د. ئیبراهیم حەمادە ئەوها ئەو شانۆیەمان ناسیووە "شانۆی ئەزموونگەری ئەو شانۆییە کە هەوڵ دەدات لەبواری دەرهێنان یا دەقی درامی یا دیکۆر یا روناکی شێوازێکی نوێ پێشکەش بکات کە بەسەر فۆڕمی سوونەتی زاڵ بێت، نەك بەمەبەستی سەرکەوتنێکی بازرگانی، بەڵکو بەمەبەستی گەیشتنە حەقیقەتێکی هونەری، واش دەرکەوتووە ئەو تێپەڕاندنە لەڕێگەی دژایەتی کردنی واقیع ودەرچوونە بۆ ناو خەیاڵ، هەندێ جار زیادەڕەویش دەکرێت لەو دەرچوونە"

لەتەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا کە بەناونیشانی "ئەزموونگەری لە شانۆی عەرەبی" دا، نووسەر لەو بەشەدا باس لە ئەزموونگەری دەکات لە شانۆی عەرەبیدا، هەروەها ئاماژە بەهەندێك ناو دەکات لەوانە "سەعدوللا ونوس، عادل کازم، مەحمود زیاب، ئەلتەیب ئەلسدیقی، یوسف ئەلعانی، سەعد ئەردەش، کەرەم متاوع، جەلال ئەلشەرقاوی، نەجیب سرور، ئەلمونسف ئەلسویسی، جەلال خوری، عەبدولکەریم برشید" بەو پێیەی کە لە ئەزموونکارە بەراییەکانی عەرەب بوونە.



هەروەها ئاماژە بۆ یەکەم دەقی عەرەبی دەکات کە ڕەگەزەکانی ئەزموونگەری تیایە، لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو کە نووسەر ناوی شانۆی سووری بیرچووە کە ناوی (شانۆی ئەزموونگەری) لەشانۆکەی نرا کاتێ لە ١٩٧٦ وەزارەتی ڕۆشنبیریی سوری دامەزرا، کە سەعدوللا ونوس کرا بە بەڕێوبەری و فەواز ئەلساجر یش وەك دەرهێنەر، بارەگاکەشی لە هۆڵی (ئەلقەبانی) لە دیمەشق دانرا، سەربەستی هەڵبژاردنی دەقیش پێدرا، هەروەها شێوازی پێشکەش کردن ودەست نیشان کردنی مانای شانۆی ئەزموونگەری.

تەوەری سێیەمی توێژینەوەکە (ئەزموونگەری لەشانۆی عیراقیدا) قۆناغەکانی ئەزموونگەری لە شانۆی عیراقیدا پۆلین کردووە بۆ سێ قۆناغ، یەکەمین قۆناغ (حەقی ئەلشبلی) بەو پێیەی دامەزرێنەری شانۆی عیراقی نوێیە، دووەمیان قوتابیەکانیان "ئیبراهیم جەلال، جاسم عەبودی، قاسم محەمەد" قوتابیەکانی ئەوانیش "سامی عەبدولحەمید، بەدری حەسون فەرید" سێیەمینیان نوێنەرایەتی کراون لەلایان "سەلاح ئەلقەسەب، عەونی کەرومی، عەقیل مەهدی یوسف، فازل خەلیل" نووسەر جەخت ئەکاتەوە لەسەر ئەزموونی دەرهێنەر د. سەلاح ئەلقەسەب کە نوێنەرایەتی شانۆی وێنە دەکات ولەو بوارەدا تیۆریزەی بۆ کردووە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەزموونی ئەو دەرهێنەرانە





دەکات کە کاریگەریان لەسەر بزووتنەوەی شانۆی عیراقی هاوچەرخ هەبووە ئەوانیش "ناجی عەبدولئەمیر، شەفیق ئەلمەهدی، حەیدەر مونعەسر، کازم ئەلنەسار" هەروەها ئاماژە بۆ هەوڵی نووسەران دەکات لەو بوارەدا "فەلاح شاکر، عەلی حوسێن، یوسف ئەلسائیغ، خەزعەل ئەلماجدی" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونە زیندووەکانی لەشانۆی عیراقی فەرامۆش کردووە کە بەرهەمی دووانەیی (عەزیز خەیون و عەواتف نەعیم) بووە.

لەتەوەری چوارەمدا "شانۆکاری کورد لەهەزارەی سێیەمدا" نووسەر داهاتووگەرێتی بزووتنەوەی شانۆی کوردی ئەخوێنێتەوە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخەی ئێستا شانۆی کوردی پێیدا تێدەپەڕێت، لەژێر رۆشنایی ئەو ئاراستەو ڕەوتانەی وێنەی شانۆی کوردی درووست دەکەن، تەوەری پێنجەم "کۆتایی مێژوو.. کۆتایی شانۆ" نووسەر هەوڵ ئەدات بگاتە وەڵامی ئەو پرسیارەی: ئایا کۆتاییەك هەیە بۆ تەواوی بەرهەم هێنانی شانۆیی؟ لەتەوەری شەشەمدا "تارماییەکانی ئارتۆ لە شانۆدا" نووسەر هەوڵەکانی دەرهێنەر ئەنتوان ئارتۆ دەخاتە ڕوو کە بە شانۆی توندوتیژیی ناسراوە، ئەو پەیوەندیەش ئەبەستێتەوە بە ئاراستە تیۆریی وپراکتیکیەکان لەشانۆدا.

تەوەری حەوتەم "شانۆی ئەزموونگەری کوردی" نووسەر ئەوە دەردەخات کە شانۆکار بارزان عوسمان یەکەم ئەزموونکاری شانۆی کوردیە، لەڕێگەی شانۆگەری (مرۆڤێکی ئاسایی) وەك یەکەم دەقی شانۆی کوردی کە ڕەگەزەکانی ئەزموونگەری تیا بەدی کراوە، هەروەها لەساڵی ١٩٨٣ هونەرمەندی شانۆیی مستەفا قەسیم درێژەی بەو هەوڵە سەرەتاییانەداوە، تا دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی، تەوەری هەشتەم "سینۆگرافیاو پراکتیك کردنی لەشانۆی ئەزموونگەری کوردی" لەو ڕێگەیەوە باس لەپەیوەندیی سینۆگرافیا بەشانۆی ئەزموونگەری کوردی ئەکات، بۆ یادهێنانەوە نووسەر (نیهاد جامی) یەکێکە لەشانۆکارە چالاکەکانی کورد لەبواری شانۆی ئەزموونگەری، تیپی شانۆی ئەزموونگەری لە کەرکوك دامەزراندووەو بەڕێوەی دەبات، کە چەندین کاری شانۆیی لە قشڵەی کەرکوك ئەنجامداوە وەك پانتایەکی تایبەت بۆ ئەزموونەکانی.